دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دا

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

ژمارە ٦٠١

دووشەممە ١٦ی ڕێبەندانی ١٣٩١
٤ی فێوریەی ٢٠١٣

نرخ: ١٥٠ تمەن

kurdistanukurd.com

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

## حکوومەتی ئێران مووشەکی دوورهاوێژ بۆ ناڕازیانی یەمەن دەنێرێت



هەواڵدەری فەرمی یەمەن رۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٤ی ڕێبەندان لە ڕاپۆرتێکدا بڵاوی کردۆتەوە کە ئەو پاپۆڕەی ڕێکەوتی ٤ی ڕێبەندان لە لایەن هێزە نیزامییەکانی ئەو وڵاتە دەستی بە سەردا گیراوە لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە بۆ ناڕازیانی یەمەنی نێردراوە و هەڵگری ڕێژەیەکی بەرچاو مووشەکی دوورهاوێژ بووە. هەروەها هەواڵدەری «سبا»ی یەمەن ڕاشیگەیاند ئەو پاپۆرە کە لە بەندەرێکی باشووری ئێرانەوە بارگیری کێراوە هەموو کەلوپەلەکانی زەوت کراوە و ٨ کەسی نێو پاپۆرەکە لە ژێر لێکۆلینەوە دان.

### پێداگرتنی پلینۆمی شەشەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لە سەر:

# قۆزتنەوەی ژیرانەی دەرفەتەکان، دروستکردنی دەرفەتی نوێ و ڕەخساندنی کەشێک بە قازانجی کورد

راگەیەندراو

## بەبۆنەی پێکهاتنی پلینۆمی شەشەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان رادەگەیەنێ پلینۆمی شەشەمی کۆمیتەی ناوەندی لە رۆژەکانی ١٤ تا ١٦ ی ڕێبەندانی ١٣٩١ ی هەتاوی (٢ تا ٤ ی فێوریەی ٢٠١٣ ی زایینی) بە بەشداریی ئەندامانی ئەسڵی و جێگر و راوێژکارانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و کۆمەڵێک لە تێکۆشەرانی لەمێژینەی حیزب بەڕێوە چوو.

لە سەرەتای کارەکانی پلینۆمدا، پاش ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی ڕێگای رزگاریی کوردستان، و پەسند کردنی دەستووری کاری کۆبوونەوەکانی پلینۆم، ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندی کە لێکدانەوەی سیاسیی بارودۆخی سیاسیی نێونەتەوەیی و ناوچە و ئێران و کوردستان و هەروەها پێویستییەکانی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ زەروورەتەکانی قۆناغی ئێستای خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکڕاتی لە خۆ گرتبوو، لەلایەن هاوڕێ خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشکەش کرا کە دواتر لەلایەن ئەندامانی ڕێبەریی حیزبەوە باس و گفتگۆی لەسەر کرا و بە پەسندی پلینۆم گەیشت.

لە بەشی یەکەمی ڕاپۆرتی سیاسیدا، سکرتێری گشتیی حیزب پاش ئاماژە بە تازەترین ئاڵوگۆڕەکانی هەلومەرجی نێونەتەوەیی، لێکدانەوەی ڕێبەریی حیزب لەپێوەندی لەگەڵ بارودۆخی تایبەت بە هەر کام لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە خستەڕوو. لەپێوەندی لەگەڵ سووریەدا کە زیاتر لە دوو ساڵە گیرۆدەی خوێناویترین قەیرانی سیاسیی مێژووی خۆیەتی، ڕاپۆرت لەو باوەڕەدا بوو کە لەگەڵ هەموو تراژیک بوونی ئەم قەیرانە، وەزعییەتی نوێ بۆتە هۆی مەترەح بوونی زیاتری مەسەلەی کورد لەو وڵاتە و تەنانەت لە ئاستی ناوچەیی و نێونەتەوەییشدا و بە مەرجێک کە هێزە کوردییەکانی ئەم پارچەیەی کوردستان و ئەو هێزە کوردییانەی لەگەڵیان لەپێوەندیدان ژیرانە و یەکدەنگ و یەکگرتوو بجووڵێنەوە، وەزعییەتی نوێ دەتوانێ ببێتە مایە و بنەمایەک بۆ وەدەست هێنانی ماف و دەسکەوتی گرینگ بۆ کوردی ئەو بەشەی کوردستان.

لەپێوەندی لەگەڵ تورکیەدا، لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بە دوایین پێشوەچوونەکانی مەسەلەی کورد لەو وڵاتەدا بەتایبەتی کرانەوەی دەرگای دیالۆگ و وتووێژی ڕاستەوخۆ لەنێوان دەوڵەتی تورکیە و عەبدوڵڵا ئۆجالان کرابوو و ئەم فازە نوێیە لە مامەڵەی دەوڵەتی تورکیە بە مەسەلەی کورد بە شیاوی پێشوازی لە قەڵەم درابوو. لەو بارەوە جەخت لەسەر ئەوە کرابوو کە سەرەڕای هەموو هەوراز و نشێوەکانی پرۆسەیەکی لەم چەشنە، خودی دەسپێکردنی وتووێژ بۆ چارەسەر کردنی پرسی کورد لە وڵاتێکدا کە بەستێنێکی مێژوویی وەک ئەوەی تورکیەی لەپێوەندی لەگەڵ مەسەلەی کورددا هەیە هەنگاوێکی موسبەتە کە دەتوانێ یارمەتی بە جێ خستنی زێهنییەت و کولتوری دیالۆگ و چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد بە گشتی بکا.

ل ٣



شەشەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە لە رۆژانی ١٤-١٦ی ڕێبەندان پێک هات، گرنگترین مەسەلەکانی پیوەندیدار بە نەتەوەی کورد لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، وڵاتی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستانی هێنایە بەر باس. لەم پلینۆمە دا نوێترین ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکان لە سوریە، تورکیە، عێراق و ئێران و کاریگەریان لە سەر پرسی کورد تاوتوی کران.

لە پیوەندی لە گەڵ وڵاتی ئێرانیش دا، پلینۆم وێڕای خستنەرووی خوێندنەوە و ئامانجی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە حزوور و ئامادەبوون لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا، هەڵوێستەی لە سەر هەلومەرجی نیوخۆیی و دەرەکیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و ڕووداو و ئاڵوگۆرە چاوەڕوانکراوەکان کرد. لەم پلینۆمە دا بایەخێکی تایبەتی بە چۆنیەتیی چالاکتر و ریکوپێککردنی کار و تێکۆشانی حیزبی لە هەموو بوار و ئاستەکان دا درا و راسپاردە و ڕێنوێنییە ئامادەکراوەکانی هەیئەتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ ئەم مەبەستە، دەولەمەند و پەسەند کرا. گفتگۆ و دانیشتنەکانی نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستان و هاوڕێیانی پێشوومان،جێگە و پیگەی ژنان لە حیزبی دیموکراتی کوردستان دا، دوو تەوەری دیکە لە باسەکانی ئەم پلینۆمەیان پێک هینابوو کە لە بارەی هەر دوو پرسەوە، پلینۆم راسپاردە و سەرنجی پێویستی بە دەفتەری سیاسی دا. لەهەمووی باس و هەڵسەنگاندن و بیروراگۆڕینەوەکان دا، ئامانجێکی گرنگ رێنوێن و ئیلهامدەری بەشدارانی پلینۆم بوو کە بریتی بوو لە «قۆزتنەوەی ژیرانەی دەرفەتەکان، دروستکردنی دەرفەتی نوێ و رەخساندنی کەشێک کە بە قازانجی کورد بشکێتەوە.»

## کوژران و بریندار بوونی لانیکەم ١٠٠ کەس لە تەقینەوەکانی کەرکوکدا



تەقینەوەکانی کەرکووک زیاتر لە ٣٠ کوژراو و ٧٠ برینداری لێ کەوتەوە.

سەرچاوەکانی پۆلیس لە کەرکووک ڕایانگەیاند، بە هۆی تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو و دوو کەسی خۆکوژ کە جلی پۆلیسیان لەبەر کردبوو، لانیکەم ٣٣ کەس کوژراون و ٧٠ کەسیش بریندار بوون.

تەقینەوەی ئۆتۆمبێلەکە سەرلەبەیانیی رۆژی یەکشەممە ٢٠١٣/٢/٣ لە بەردەم بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی کەرکووک رووی دا. سەرچاوەیەک لە پۆلیس بە ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرزی ڕاگەیاندووە «دوو چەکدار کە تەقەمەنی و مادەی تەقینەوەیان لە جەستەی خۆیان بەستبوو، هەوڵیان دابوو بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیس بکەنە ئامانجە خۆکوژییەکەیان، بەڵام لە لایەن پاسەوانی دەروازە سەرەکییەکەوە کوژران.

شایانی باسە کە لەو پەلامارەدا زیانێکی ماددی زۆریش بەر باڵەخانەی بەڕێوەبەرایەتییەکە کەوتووە.

هەر بەم بۆنەیەوە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا، زۆر بە توندی ئەو کردەوە تێرۆریستییەی مەحکووم کرد. هەروەها لەو ڕاگەیەندراوەدا هاتوە کە هیچ جۆرە پیلانێکی نەیاران و ناحەزانی ئاشتی و تەبایی نابێتە هۆی پاشگەزبوونەوەی خەڵکی سەربەرزی شاری کەرکووک لە ویست و داوا ڕەوا و قانونییەکانیان.

لەلایەکی دیکەشەوە«مارتن کوبلەر»، نوێنەری تایبەتیی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، بە توندی ئەو هێرشانەی سەر بنکەی پۆلیسی کەرکوکی مەحکووم کرد.

مارتن کوبلەر رایگەیاند: «دڵمان لەگەڵ قوربانیانی ئەم ڕووداوە و خەڵکی کەرکوکە کە جارێکی دیکە بوونە ئامانجی توندوتیژیی نامرۆڤانەی چاوکوێرانە کە ئەمە دەسەلمێنێ ئەوانەی لە پشتی ئەو تێرۆرەن، ترسیان لە ژیان و مرۆڤایەتی هەیە.

## ئێران لە پلەی ١٧٤ی ئازادی چاپەمەنی لە نێوان ١٧٩ وڵاتی دنیا




ڕێکخراوی ڕاپۆرتنێرانی بێ سنوور، رۆژی چوارشەممە ١١ی ڕێبەندان، لیستێکی لە بابەت ئازادی چاپەمەنی لە ١٧٩ وڵاتی دنیادا بۆ ساڵی ٢٠١٣ی زایینی بڵاو کردەوە کە لەو لیستەیەدا ئێران لە پلەی ١٧٤ی دایە.

لەو لیستەیەدا، دوای ئێران کە کەوتۆتە پلەی ١٧٤ی دنیا، تەنیا چوار وڵاتی سۆماڵی، سووریە، تورکمەنستان، کۆرەی باکوور و ئێریترە لە دوای ئێران دەبیندرێن و بە نیسبەت ئەو وڵاتە دۆخێکی خراپتریان هەیە.

ئەو ڕاپۆرتە هەروەها باس لەوە دەکا کە حکوومەتی ئێران سەرەڕای ئەوەش، بە خستنە نێو زیندانی رۆژنامەنووسان و وێبنووسەکان وازی نەهێناوە و تەنانەت خزم و کەسی ئەوانیش ئەزێت دەکا کە لەو نێوەدا خزم وکەسی رۆژنامەنووسەکانی دەرەوەی ئێرانیش، بە هەمان شێوە دەکەونە بەر فشار و ئەزیەتی دامودەزگاکانی ڕێژیم.

بە پێی ڕاپۆرتی ڕادیۆ فەردا، لەو لیستەیەدا وڵاتانی فینلاند، هۆلەند، نۆرویژ و لۆکزامبۆرگ لە پلەکانی سەرەوەی ڕێزگرتن لە ئازادی چاپەمەنی دنیادا جێیان گرتوە.



لە وڵاتانی جۆراوجۆر
حیزبی دێموکڕاتی کوردستان یادی٦٧ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستانی کردەوە

٤



وتەکانی بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سمیناری ٦٧ ساڵ بەردەوامیی ڕۆژنامەی «کوردستان»دا

٦



کۆماری کوردستان، دەسکەوتیکی نەتەوەیی و ئەزموونیکی مێژوویی

٩



مونیرە برادەران:
کوشتاری ٦٧ نموونەیەکە لە تاوان دژی مرۆڤایەتی و دەکرێ لە ئاستی نێودەوڵەتی دا بەدواداچوونی بۆ بکرێ

١٠



کاتێک بەفر خوێن دەگری!
(بۆ وەبیر هێنانەوەی کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی گوندەکانی قەرەگۆل، سەوزی و سەرچنار)

١١



## بەڕێوەچوونی سمینارێک لە لەندەن بۆ تاوتوێی پرسی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان

لە زانکۆی «سواس»ی لەندەن سمینارێک بۆ تاوتوێی پرسی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان بەڕێوە چوو.

لەو سمینارەدا کە ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٩ ی بەفرانبار لە زانکۆی سواسی لەندەن بەڕێوەچوو، مارک کەمبڵ لە فیدراسیۆنی کورد لە بریتانیا، خاتو لیندزی جێرمەن و جێرمی کۆربین پارلمانتاران و دۆستی نیزێکی کورد لە پارلمانی بریتانیا، ئالان شەمۆ بە نوێنەرایەتیی ساڵح موسلم، سکرتێری پەیەدە لە ڕۆژئاوای کوردستان و دکتور سیدا بۆگازچی، مامۆستا لە زانکۆی ئیستامبوڵ لە سەر ڕەوشی کورد لە خۆرئاوای کوردستان و مێژووی خەباتی کورد لە خۆرئاوا و بەشەکانی دیکەی کوردستان وتاریان پێشکێش کرد.

بەشی کۆتایی ئەو سمینارە بۆ پرسیاری ئامادە بووان تەرخان کرا کە دواتر لە لایەن پانێل گێرانەوە وڵامیان درایەوە.

شایانی باسە کە لە سەر بانگهێشتی ڕەسمیی ڕێکخەرانی سیمنارەکە، هەیئەتێکی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بریتانیا پێک هاتبوو لە هاوڕییان عەبدوڵڵا ئەمینی و فەرەیدون مەعروفی لە سمینارەدا بەشدار بوون.

## سەردانی هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزب لە سکرتاریای هاوڕێیانی پێشوومان



نیوەڕۆی ٢٨ ی بەفرانباری ١٣٩١ (١٧ ی ژانویەی ٢٠١٣) هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە سەرپەرستیی بەڕێز کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزب و بە هاوڕێیەتیی ئەندامانی دەفتەری سیاسیی حیزب و هەیئەتی حیزب بۆ وتووێژ لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوومان، سەردانی سکرتاریای ئەوانیان کرد و لەلایەن بەڕێز کاک مستەفا هیجری سکرتێری گشتی و ئەندامانی دەفتەری سیاسی و هەیئەتی گفتگۆی ئەوانەوە پێشوازییان لێ کرا.

سەرەتا کاک خالید عەزیزی خوێندنەوە و روانگەکانی حیزبی سەبارەت بە بارودۆخی نێونەتەوەیی و ناوچەیی ئێستا بەتایبەتی لەپێوەندی لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا کە کوردستانیان بەسەردا دابەش بووە و ڕەوتی ڕووداو و پێشهاتەکان و دوورەدیمەنی پێشوەچوونی مەسەلەی کورد لەو وڵاتانەدا و نەخش گێرانی کورد وەک فاکتەرێکی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی داهاتووی هەرکام لەو وڵاتانە خستە ڕوو.

پاشان بەڕێز عەزیزی وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆی و ڕێبەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە دەستپێکردنی دیالۆگ و گفتگۆی ڕاستەوخۆی نێوان دێموکڕاتەکان و هەڵدرانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لە پێناو ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکان و مامەڵەی نێوان دوو لایەنی دێموکرات لەپاش لەتبوونەوە، جەختی لەسەر ئەوە کرد کە پێویستە ئەو ئومێد و چاوەڕوانییە کە بەهۆی ئەم ڕەوتە نوێیەوە لەنێو دڵی خەڵک و دۆستانی دێموکڕاتدا دروست بووە بەشێوەیەکی ژیرانە بە هێند وەربگیرێ. بۆ ئەو مەبەستەش هەردوو لایەن لەسەریانە چ بە مەبەستی عەمەلی کردنی هەماهەنگی و هاوکاریی نێوانیان و چ لەپێناوی وەسەریەکخستنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکڕاتدا زیاتر و وردتر کار لەسەر ڕێکار و مێکانیزمە کۆنکرێتەکانی لێک نزیکبوونەوە بکەن و بەمجۆرە چەند هەنگاوی دیکە بچنە پێش. هەرچەشنە یەکگرتنەوەیەکیش بە باوەڕی ناوبراو پێویستە لەسەر بنەمای باوەڕ بەو ئەسڵە بێ کە هەردوو لا بەیەکەوە حیزبی دێموکڕاتێک دروست بکەنەوە کە دەرسی دروستی لە رابردووی کێشە نێوخۆییەکانی ئەو حیزبە وەرگرتبێ.

ئینجا کاک مستەفا هیجری هەڵسەنگاندنێکی بارودۆخی سیاسیی نێودەوڵەتی و ناوچەیی لەپێوەندی لەگەڵ بزوتنەوەی کورددا پێشکەش کرد و بەشێوەیەکی تایبەتییش سەرنجی دایە تازەترین گەشەسەندنەکانی پرسی کورد لە تورکیە و نیگەرانی و نەخشی تێکدەرانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو پێوەندییەدا. ناوبراو ئینجا باسی دوورەدیمەنی ئاڵوگۆڕی سیاسی لە ئێران و نەخشی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئەو وڵاتە لەو سیناریۆیەدا کرد. لەپێوەندی لەگەڵ پرسی نێوان دوو لایەنی دێموکراتیشدا ناوبراو وێڕای جەخت کردنەوە لەسەر پێویستیی مامەڵەی واقعبینانە و پشوودرێژانە بە پرسی یەکگرتنەوە وەک ستراتیژییەک، تەئکیدی لەسەر گرینگیی درێژەدانی گفتگۆ و دانیشتنەکانی نێوان هەیئەتەکانی هەردوولا و یارمەتیدان بە لەبارترکردنی کەشی نێوان دوو لایەن کرد. هەر لەو کاتەشدا ئاماژەی بە کۆمەڵێک بوار کرد کە لەواندا هەردوولا دەتوانن لە قۆناغی ئێستادا هەماهەنگی لە هەڵوێستەکانیاندا بکەن بۆ ئەوەی بەم چەشنە پێشگیری لەوە بکرێ کە کەڵکی خراپ لە درزی نێوان دوو لایەن وەربگیرێ.

لە درێژەی ئەو دانیشتنە دۆستانەیەدا هەیئەتی هەردوولا وێڕای سەرنجدان بە لێک نزیک بوونی خوێندنەوە و روانگە سیاسییەکانی هەردوولا، ڕەهەندی جۆربەجۆری ئەو هەماهەنگییانە و هێندێک لایەن و وردەکاریی درێژەدانی پێوەندی و گفتگۆکانی نێوانیان تاوتوێ کرد.

## هەیئەتێکی کومیتەی هەرێمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی سووریە سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کرد

**هەیئەتێکی کومیتەی هەرێمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی سووریە سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد.**

ڕۆژی شەممە ٣٠ی بەفرانبار هەیئەتێکی کومیتەی هەرێمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی سووریە سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد و لە لایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتەوە بە سەرپەرستیی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزەبەوە پێشوازییان لێ کرا.

لەو دیدارەدا سەرەتا هەیئەتی میوان بە وردی باسیان لە بارودۆخی



ئێستای سووریە و خۆرئاوای کوردستان کرد. لەو باسانەدا ئاماژە بە هۆکارەکانی بەردەوامیی ئاڵۆزییەکان لە سووریە، دەستێوەردانی هێزە ناوچەیی و جیهانییەکان، ڕۆڵی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی سووریەو ئەنجومەنی گەلی ڕۆژاوای کوردستان و چوارچێوەی هاوکاریی نێوان ئەو دوو هێزە کرا.

هەیئەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیش لەو دیدارەدا ڕاوبۆچوونی خۆیان لە سەر بابەتەکانی پێوەندیدار بە پرسی کورد لە ناوچە خستە بەر باس وجەخت لەسەر پێویستیی هاوکاری و هاوئاهەنگیی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی سووریە و حیزبی دێموکراتی کوردستان کرایەوە.

لەو کۆبوونەوەکەدا هەر دوو لا تیشکیان خستە سەر ڕۆڵ و نەخشی ئێران لە راگرتن و پاراستنی حکوومەتی ئێستای سووریە و هەر لەو راستایەدا، هاوفکری و لە یەکتر تێگەیشتنی زیاتری هێزەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای کوردستانیان بە قازانجی بزووتنەوەی کورد لە قەڵەم دا.

## بەڕێوەچوونی یەکەمین کۆنفڕانسی نێودەوڵەتیی ژینۆسایدی گەلی کورد لە بریتانیا

**نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بریتانیا یەکەمین کۆنفڕانسی نێودەوڵەتیی ژێنۆسایدی گەلی کوردی پێک هینا.**

ئەو کۆنفڕانسە ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٨ ی بەفرانبار بە هەوڵی گرووپی داکۆکی لە مافی کوردان لە پارلمانی سوید بە پشتگیریی سەدان کەسایەتیی سیاسی گەورە و بەناوبانگی ئوورووپا، بۆ بەڕەسمی ناساندنی ژینۆساید دژ بە گەلی کورد و دان پێدانانی لە کۆڕو کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان و نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە لەندەن، پێتەختی بریتانیا بەڕێوە چوو.

لەو کۆنفڕانسەدا کە لە ناوەندی « چێرچ هاوس» بەڕێوەچوو، خاتوو بەیان سامی عەبدولرەحمان نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بریتانیا؛ مەحمورد ژیان السودانی، وەزیری مافی مرۆڤی عێراق، ئارام ئەحمەد محەمەد؛ وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان؛ فەلاح مستەفا بەکر، بەرپرسی فەرمانگەی کاروباری دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان؛ پروفسۆر دلاوەر، وەزیری پێشووی خوێندنی باڵا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان؛ تەها بەرواری، وەزیری پێشووی وەرزش و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان؛ دوکتۆر مەحموود عوسمان، ئەندامی پارلمانی عێراق؛ دوکتۆر زریان عوسمان، ڕاوێژکاری دەرمانیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و وەزیری پێشووی تەندروستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هەروەها نوێنەرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پارلمانی ئوورووپا، باڵویزخانەی عێراق لە بریتانیا، گرووپی پارلمانتێرەکانی بریتانیا بۆ کاروباری باشووری کوردستان و کۆنفرانسی پارتە کوردستانیەکان لە بریتانیا وتاریان پێشکێش کرد.

هەر لەو کۆنفڕانسەدا دوکتور بێرنارد کۆشنێر، وەزیری دەرەوەی پێشووی فەرانسە؛ دوکتۆر فرێدریک تیسۆ، بەرپرسی پێشووی کۆنسوڵخانەی فەرانسە لە هەولێر؛ فرێدریک مالم، ئەندامی پارلمانی سوئید و سەرۆکی بەشی پێوەندیی پارلمان و کوردستان؛ ئاختار جۆدری، جێگری سەرۆکی پارلمانی نۆروێژ لە سەر ئەنفال و کۆمەڵکوژیی مێژوویی کورد لە عێراق قسەیان کرد.

لەو کۆنفڕانسەدا چەندین ئەندامی پارلمانی بریتانیا و لۆرد بەریوەبەری پانێلەکان بوون کە مەگ مەن، فابین هەملتۆن، نەدیم زەهاوی، ڕۆبێرت هالفۆن ئەندامانی پارلمانی بریتانیا و لۆرد کلیمنت جۆن چەند کەس لەو کەسایەتییانە بوون.

لە بەشی کۆتایی ئەو کۆنفڕانسەدا فیلمێکی دیکۆمێنتاری پیشانی ئامادەبوان درا.

شایانی باسە کە نوێنەرایەتیی حیزبی



دێموکراتی کوردستان لەبریتانیا بە فەرمی بۆ ئەم کۆنفرانسە بانگێشت کرابوو. لەو کۆنفڕانسەدا بەڕێز مەولوود سوارە، ئەندامی ڕێبەریی حیزب و نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا لە میانەی کۆنفرانس و ئێوارە خوانی تایبەت بە کاری کۆنفرانس چاوی بە بەشێکی زۆر لە کەسایەتییە سیاسییەکانی وەک دکتۆر بێرنارد کۆشنێر، دکتۆر فرێدریک تیسۆ و فابین هامڵتن و هەروەها دکتۆر سەیوان بارزانی، باڵوێزی عێراق لە ئیتالیا، فەلاح مستەفا بەکر، بەرپرسی فەرمانگەی کاروباری دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، تەها بەرواری، دوکتۆر مەحموود و سەلیم گرافی، نوینەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئورووپا کەوت.

## بۆ پێشگیری لە ئێعدامی لوقمان و زانیار مورادی، کوردستانیان و بزووتنەوەی سەوزی لەندەن خۆپیشاندانێکیان ڕێک خست

ڕۆژی شەممە ٢٠ی ژانویەی ٢٠١٣ی زایینی بۆ پشتگیری و ڕزگار کردنی گیانی دوو بەند کراوی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە هەر ئێستا لە چاڵە ڕەشەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی دا چاوەڕێی پەتی سێدارەن، کوردانی دانیشتووی بریتانیا، بە هاریکاریی بزووتنەوەی سەوزی لەندەن، لە پارلمان سکوێر ، واتە بەر پارلەمانی بریتانیا لە شاری لەندەن خۆپێشاندانێکیان ڕێکخست.

سەرەڕای سارد و سەرمای زۆری لەندەن و بارینی بەفر، دەیان تێکۆشەری کوردستانی و ئێرانی، بۆ ئاگادار کردنەوەی شەقامی سیاسیی وڵاتی بریتانیا و زەق کردنەوەی زیاتری ڕەوتی ئێعدام و کوشتاری بە کۆمەڵی زیندانیانی سیاسی کوردی ئێرانی، بە تایبەت هەردووک بەندکراوی سیاسی کورد « لوقمان و زانیار مورادی» کە ماوەیەکی زۆرە سزای سیدارەیان بە سەردا سەپێندراوە و هەروەها دەرخستنی ڕووی دزێوی کاربەدەستانی حکومەتی ئیسلامیی ئێران، بۆ ماوەی زیاتر لە کاتژمێر و نیوێک بە دانی درووشم و بەرز کردنەوەی وێنەی بەندکراوانی سیاسی، داوای ڕاگرتنی سزای ئێعدامی زانیار و لوقمان مورادییان کرد و هاوکات داوایان لە کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان و ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی کرد کە بە هانای بەندکراوانی سیاسیی ئێران و کوردستانەوە بچن.

پێویست بە ئاماژەیە کە هاوڕییانی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری لەندەن، بەشدارییەکی چالاکانەیان لەو خۆپیشاندانە دا هەبوو.

## بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانێک لە پاریس دژ بە ئێعدامی زانیار ولوقمان مورادی

ڕۆژ شەممە ٢٠ی ژانویە٢٠١٣ بە مەبەستی ناڕەزایەتی دەربڕین سەبارەت بە ئەگەری لە سێ دارەدانی زانیار و لوقمان مورادی دوو کوردی خەڵکی شاری مەریوان، لە پاریس خۆپێشاندانێک بە بەشداریی کوردان وئێرانیانی دژبە ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و دژ بە ڕەوتی ئێعدام و کۆمەڵکوژی بەندکراوان لە ئێران بەڕێوە چوو. خۆپێشاندانەکە لە مەیدانی جورج پۆمپیدۆ و لە کاتژمێر ٣ و ٣٠ خولەکی دوانیوەڕۆ تا ٥ی پاشنیوەڕۆ درێژەی هەبوو، چەندین دروشم بۆ کۆتایی بە ئێعدام لە ئێراندا و چەندین پەیام و هەروەها نامەی زانیار و لوقمان مورادی لە لایەن مەهین شوکروڵڵاپوورەوە خوێندرایەوە. شایانی باسە کە ئەندامانی حێزب لە وڵاتی فەرانسە بە شێوەیەکی چالاکانە بەشداری خۆپێشاندانەکە بوون.

## دیداری نێوان هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پارتی چەپی سۆئێد



ڕۆژی پێنجشەممە، ١٢ ی ڕێبەندان هەیئەتێکی بەشی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی کومیتەی سۆئێدی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە سەرپەرستیی سەید عەزیز نژادیان و هاوڕێیەتی ئەسعەد یوسفی و نەوژین ڕۆستەمی، لە پارلەمانی سۆئێد، چاویان بە هانس لیندە، بەرپرسی بەشی پەیوەندییەکانی پارتی چەپی سۆئێدی کەوت کە هاوکات سەرۆکی گرووپی کاری پارلەمانتارانی پارتی چەپ لە پارلەمانی ئەو وڵاتەیە.

لە سەرەتای ئەو چاوپێکەوتنەدا عەزیز نژادیان بە ئاوڕدانەوە لە مێژووی پشتگیری و پشتیوانیی پارتی چەپی سۆئێد کە لە هەموو هەل و دەرفەتەکاندا لە پارلەمان و دام ودەزگا فەرمییە سۆئێدییەکان لە کوردیان کردوە، سپاس و پێزانینی خۆی ئاراستەی هانس لیندە و لە ڕێگەی ئەویشەوە حیزبەکەی کرد. پاشان هەیئەتی حیزب باسیان لە بارودۆخی کوردانی دانیشتووی سۆئێد کرد.

لەو دیدارەدا هانس لیندە، ئاماژەی بە هەوڵ و تێکۆشانی حیزبەکەی بۆ ناساندی کێشەی گەلی کورد بە خەڵکی سۆئێد و هەوڵەکانیان بۆ بە فەرمی ناساندنی ئەو کێشەیە لە دامودەزگا رەسمییە سۆئێدی و نێودەوڵەتییەکاندا کرد.

لە درێژەی باسەکانی ئەو دیدارەدا هەیئەتی حیزب داوای لە هانس لیندە کرد کە لە ڕێگەی خۆیان و گرووپی چەپی نێو پارلەمانی سۆئێدەوە، فشار بخەنە سەر دەسەڵاتدارانی ڕژیمی تاران تا کۆتایی بە ڕەوتی سەرکوت و گرتن و ئەشکەنجە و ئێعدامی جیا بیران و لە سەرووی ئەوانە لاوانی کورد بێنێ.

## بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی ٦٧ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە شاری «پۆرتلەند»ی ئۆریگین

لە شاری «پۆرتلەند»ی ئۆریگین ڕێزی لە یاد و یادەوەریی ٦٧ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان گیرا.

کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری پۆرتلەندی ویلایەتی ئۆریگین ڕۆژی شەممە ٢٦ ی ژانوییەی ٢٠١٣ ڕێورەسمێکی بەبۆنەی ٢ ی ڕێبەندان، ٦٧ مین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان بەڕێوە برد.

ئەو شەوئاهەنگە دوای بەخێرهێنانی میوانان لەلایەن رووبار کەریمی، بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزنان لەگیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

دواتر وتاری دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەو بۆنەیە لەلایەن مەحموود تاجگەردوون، بەرپرسی کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژئاوای ئامریکا خوێندرایەوە.


لەدرێژەی ئەو ڕێورەسمەدا پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەلایەن خاوان قادرزادە خوێندرایەوەو وتاری پارتی دیموکراتی کوردستان، لقی ویلایەتی ئۆریگین لە لایەن کامەران دەربەندی و پەیامی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کورد لە ئەمریکا پێشکێش بە ئامادەبووان کرا.


شایانی باسە کە لەبەردەوامیی ڕێورەسمەکە کۆڕی شادی و شایی ڕێکخرا و لەو بەشەدا هەنەرمەندان شیرزاد جباری و موزفەر جاف بە یارمەتیی تیپی موسیقای نەورۆز کۆڕی شایی و شادیی بەشدارانیان ڕازاندەوە.

**سلێمانی**

# یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد بە بۆنەی یادی دامەرزانی کۆماری کوردستان سمینارێکی بەڕێوە برد









یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد بە بەڕێوە بردنی سمینارێک یادی دامەزرانی کۆماری کوردستانی کردەوە.

یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە پێناو بەرزراگرتنی ئامانجە باڵاکانی کۆماری کوردستان و گواستنەوەی ئەو ئەزموونە بۆ نەوەکانی ئێستا و داهاتوو، ڕۆژی یەکشەممە ١ی ڕێبەندانی ١٣٩١، سێمینارێکی زانستیی لە هۆڵی ڕاپەڕینی زانکۆی سلێمانی بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتییە سیاسی و فەرهەنگییەکان و نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و خوێندکاران و هەروەها ژمارەیەک لە ڕاگەیەنەکان بەڕێوە برد.

لەو سمینارەدا هەر یەک لە بەڕێزان د. هەڤاڵ ئەبوبەکر ماموستای زانکۆ، د. مارف عومەر گوڵ مامۆستای زانکۆ، مامۆستا کەریم زەند مێژوونووس و کاک جەلیل گادانی سیاسەتمەدار و تێکۆشەری دێرین بابەتیان پێشکەش بە بەشداران کرد.

لە کۆنفرانسی یادی ٦٧ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا سەرەتا سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب خوێندرایەوە و پاشان د. هەڤاڵ ئەبووبەکر، خوێندنەوەیەکی بابەتیانەی کۆماری کوردستانی، لە دەلاقەی ڕۆژنامەی «کوردستان»ی ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە کرد.

لە درێژەی کاری سمینارەکەدا پرۆفسۆر دوکتور مارف عومەر گوڵ پێوەندییە دەرەکییەکانی کۆماری کوردستان و دیپلۆماسیی ئەوکاتی کوردی لە چوارچێوەی یەکەم دەسەڵاتی مودێرنی کوردیدا خستە بەر باس.

دواتر مێژوونووسی بەشدار لە کۆماری کوردستان، مامۆستا کەریم زەند بە کورتی ئاماژەی بە چەند بیرەوەرییەکی سەردەمی کۆمار کرد و داوای یەکریزیی هێزە سیاسییەکانی کرد.

لە بەشی کۆتایی سێمینارەکەدا کاک جەلیل گادانی، سیاسەتمەداری دێرینی کورد و حیزبی دێمۆکرات کە لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆمار لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد دا ئامادە بووە، وێڕای ئاماژە بە دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان لە ماوەی کورتی تەمەنیدا، هۆکارە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی هەرەسهێنانی کۆماری بۆ بەشدارانی سێمینارەکە شی کردەوە.

**هەولێر**

## بەشداریی هەیئەتێکی حدک لە ڕێوڕەسمی ساڵیادی کۆماری کوردستان



لە هەولێر، پێتەختی هەرێمی کوردستان ٦٧ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان ڕێزی لێ گیرا.

بەیانیی ڕۆژی سێشەممە، ٣ ی ڕێبەندان لە هۆڵی پێشەوا لە شاری هەولێر و بەچاودێریی سەرۆکی هەرێم و ئامادەبوونی ژمارەیەک لە پارلمانتاران و وەزیر و بەرپرسانی حزبیی هەر چوار پارچەی کوردستان و بنەماڵەی پێشەوا قازی محەممەد، یادی ٦٧ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان بەرز و پیرۆز ڕاگیرا.

لەو یادەدا وتاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن دوکتور کەمال کەرکوکی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان خوێندرایەوە کە تێیدا دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە شاری مهابادی بە بریاردانێکی ژیر و بوێرانەی کوردایەتی لەقەڵەم دابوو.

پاشان وتاری بنەماڵەی قازی لەلایەن بەڕێز عەلی قازی، کوڕی پێشەوا قازی محەممەد خوێندرایەوە، کە تیایدا باس لە تێکۆشانی قازی محەممەد و هۆکارەکانی ڕووخانی کۆماری کوردستان کرابوو. پاشان لە لایەن تیپێکی هونەرییەوە کۆمەڵێک گورانی و هەڵپەڕکێ لەم یادەدا پێشکەش کران.

شایانی باسە کە هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێکهاتوو لە بەڕێزان مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە سیمای ناسراوی حیزبی دێموکڕات، جەلیل گادانی، تێکۆشەری دێرینی حیزب، حەسەن قادرزادە، ئەندامی دەفتەری سیاسی، کوێستان فتووحی و برایم زێوەیی، ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی حیزب لەو یادەدا بەشدار بوون.

ئەو ڕێوڕەسمە بە نیشاندانی فیلمێکی دیکۆمێنتاری و کردنەوەی پێشانگایەکی فۆتۆگرافیی سەردەمی کۆماری کوردستان، کۆتایی پێ هات.

**درێژەی:**

## راگەیەندراو بەبۆنەی پێکهاتنی پلینۆمی شەشەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

سەبارەت بە عیراق، سکرتێری گشتیی حیزب ئاماژەی بە بەردەوامیی قەیرانی سیاسی و ئەمنیەتیی زاڵ بەسەر ئەم وڵاتە و درێژەکێشانی بەشێک لە ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ کرد. لەو بەشەدا وێڕای ئاماژە بە قووڵبوونەوەی کێشەی نێوان لایەنە جۆراوجۆرەکانی عیراق، ڕاپۆرتەکە تەئکیدی لەسەر زەروورەتی یەکدەنگی و یەکگرتوویی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لەپێناوی پێشگیری لە هەر چەشنە دابەشبوون و درزتێکەوتنێک لە ڕیزەکانی کوردی ئەو پارچەیەی کوردستان هەم لەپێوەندی لەگەڵ کێشە هەڵپەسێردراوەکانی گەڵ بەغدادا و هەم لە مامەڵە لەگەڵ جەمسەرە سیاسییەکانی ناوچەدا کردبوو. پلینۆم هیوای خواست کە کێشەکانی ئەو وڵاتە بە ڕیگای دیالۆگ و لێک تیگەیشتن چارەسەر بێت و پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی عێراقی نوێ ڕیگا نەدەن ئەزموونە تاڵەکانی ڕابردوو، دووپات ببنەوە.

بەشێوەیەکی گشتی و لەپێوەندی لەگەڵ مەسەلەی کورد لە هەلومەرجی نوێی نێونەتەوەیی و ناوچەییدا، ڕاپۆرت ئەو سیاسەتەی ڕێبەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی بەرز نرخاند کە هەوڵی داوە یارمەتی بە یەکیەتی و هەماهەنگی لە سیاسەت و هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکانی پارچە جۆربەجۆرەکانی کوردستاندا بە جۆرێک کە لە بەرژەوەندیی گشتیی کورددا بێ بکا، هەر لەو کاتەدا حیزبی ئێمە لەو ماوەیەدا بەو زێهنییەتەوە جووڵاوەتەوە کە کارێک بکرێ کە نەک هەر دەرفەتەکان ژیرانە بقۆزرێنەوە بەڵکوو بۆ دروست کردنی دەرفەتی نوێ و ڕەخساندنی کەشێک کە بە قازانجی کورد بشکێتەوە هەوڵ بدرێ.

لەپێوەندی لەگەڵ ئێراندا، ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندی ئاماژەی بەوە کردبوو کە سەرباری ئەوە کە لە ئەنجامی سیاسەتی نابەرپرسانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە پرسی دۆسیەی ناوکیی ئێراندا گەمارۆکانی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتیی زاڵ بەسەر کۆمەڵگای ئێرانی هەرچی خراپتر کردوە، ڕێژیم بەلەبەرچاوبوونی سیاسەتە قەیرانسازەکانی خۆی و کەشی نائارامی ناوچە هەروا بە زێهنییەتی نیزامی و ئەمنیەتییەوە دەیەوێ ڕووبەڕووی ئەگەر و پێشهاتەکان بێتەوە. لەو سۆنگەیەشەوە، لەحاڵێکدا کە ناکۆکییە دەروونییەکانی نێو باڵەکانی ڕێژیم هەردەم خۆی نوێ دەکاتەوە و بەتایبەتی لە بەرەبەری هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا، سیاسەتی سەرکوتی جیابیران و چالاکوانان زیاتر پەرەی ئەستاندۆتەوە کە لە کوردستانیش بە ڕوونی هەست پێ دەکرێ.

لەپێوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنی داهاتووی سەرکۆماری لە ئێراندا، ڕاپۆرت وێڕای ئاماژە بە ئەزموونی هەڵبژاردنی دەوری پێشووی سەرکۆماری و ئاکامەکانی، سنووربەندییەکانی ئێستای نێو باڵەکانی ڕێژیم لە پێوەندی لەگەڵ ئەو هەڵبژاردنەیدا خستبووە ڕوو. لەو پێوەندییەدا پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی دەفتەری سیاسیی ڕاسپارد هەتا لەبارەی چۆنیەتی مامەڵە و هەڵوێست گرتن لەو هەڵبژاردنەدا بەدواداچوون بکا و لەو بارەوە ڕێکارەکانی مامەڵەیەکی یەکدەنگ و هاوبەشی هێز و لایەنە ئازادیخوازەکان بەتایبەتی لەسەر ئاستی کوردستاندا چ لە نێوخۆی وڵات و چ لە دەرەوەی وڵات تاوتوێ بکا.

هەر لەو چوارچێوەیەدا پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی لەسەر بنەمای ڕاپۆرتی سیاسیی سکرتێری گشتیی حیزب پێویستیی قووڵکردنەوە و چڕکردنەوەی ئەو هەوڵانەی لەپێناوی دروست کردنی کۆدەنگی و هاوخەباتی لەنێوان ئازادیخوازانی ئێران لە ئارادان خستە بەر باس. لەو بەشەدا وێڕای بە موسبەت زانینی ڕەوتی نوێی هاتنە بەر باسی پرسی ماف و داخوازەکانی گەلی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران لە کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییە ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵاتدا، لەو باوەڕەدا بوو کە لەگەڵ ئەوەدا کە هێشتا ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە پەرش و بڵاویدایە و ئالترناتیوێکی روون دروست نەبووە، بەڵام هەوڵەکانی نوخبە سیاسییەکانی کورد بۆ بەشداری لەو کۆڕ و کۆمەڵانەدا بەمەبەستی تابووشکێنی و لێکگەیشتن و زەمینەسازی بۆ داهاتوو کارێکی پێویست و بەجێیە. هەر لەو کاتەدا بەڵام پلینۆم لەو باوەڕەدا بوو کە پێویستە لایەنە کوردییەکان تێ بکۆشن بە هەماهەنگی و یەکڕیزییەوە لەو جۆرە کۆڕ و کۆمەڵانە و بە گشتی لە پرسی هاوخەباتی لەسەر ئاستی سەراسەریی ئێراندا بجووڵێنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش پلینۆم دەفتەری سیاسیی ڕاسپارد کە هەوڵ بدا چ لەو پێوەندییەدا و چ لەپێوەندی لەگەڵ هاوخەباتیی هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەگشتی پێوەندی و هاوکاریی نێوان ئەو هێزانە ئەکتیڤتر بکرێتەوە.

پرسێکی گرینگی دیکە کە لەو بەشە لە کاری پلینۆمدا هاتە بەر باس، گفتگۆ و دانیشتنەکانی ئەم دواییانەی نێوان حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و هاوڕێیانی پێشوومان بوو کە خەڵکی کوردستان و دۆستان و هۆگرانی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گرینگییەوە بۆی دەڕوانن. لەو بارەوە، پلینۆم وێڕای بە موسبەت زانینی ئەو فازە نوێیە لە مامەڵەی نێوان دوو لایەندا، سیاسەتی تا ئێستای حیزبی لەو پێوەندییەدا بە دروست و بەبەرهەم لە قەڵەم دا و دەفتەری سیاسیی ڕاسپارد کە هەر لەو کاتەدا کە یارمەتی بە درێژەکێشانی ئەو ڕەوتە نوێیە بکا، تێبکۆشێ وتووێژی نێوان دوو لایەن بچێتە نێو فازێکی کۆنکرێتترەوە هەتا لەسەر بنەمای روون و بە و نەخشەرێگای دیاریکراوەوە هەوڵ بۆ پێشخستنی ئەو پرۆسەیە بدرێ.

برگەیەکی دیکەی دەستووری کاری پلینۆم بریتی بوو لە باس و گفتگۆ لەسەر راپۆرتی هەیئەتێک کە کۆمیتەی ناوەندی لە پلینۆمی پێشووتری خۆیدا بەمەبەستی دەستنیشانکردنی کەموکوڕییەکان و کاراترکردنی مێکانیزمەکانی تێکۆشانی حیزب دیاریی کردبوو کە لێرەدا پاش گفتگۆی تێر و تەسەل هەموو ئەو هەنگاوانەی ئۆرگان و بەشە جۆراوجۆرەکانی کاری حیزبی پێویستە لەو پێوەندییەدا هەڵیان بێننەوە دەستنیشان کران و بڕیاریان لەسەر درا.

بەشێکی دیکەی کارەکانی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ باس و گفتگۆ لەسەر پرسی ژن لە کۆمەڵگادا بەگشتی و ژنان لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتدا بەتایبەتی تەرخان کرابوو. لێرەدا هەر لەو کاتەدا کە ئەو هەنگاوانەی حیزبی دێموکڕات بۆ ئاسانکاری بۆ گەیشتنی ژنان بە جێگە و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی کە شیاوی مەقامی ئینسانیی ژن و فیداکارییەکانی ژنانی کورد لە ڕەوتی خەبات و تێکۆشاندا بێ، بەربەست و تەگەرەکانی سەر ڕێگای ئەو هەوڵانە دەستنشان کران و کۆمەڵێک ڕاسپاردە لەو پێوەندییەدا بە دەفتەری سیاسیی حیزب درانەوە.

لە دوایین بەشی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیدا، دابەشکردنی کار و ئەرکەکانی بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەری پێداچوونەوەی پێدا کرا و پاش خرانە ڕووی کۆمەڵێک بەرنامەڕێژی بۆ کار و تێکۆشانی لەمەودوای ئەو بەشانە، پلینۆم کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

**دەفتەری سیاسیی**
**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**١٦ ی ڕێبەندانی ١٣٩١**
**(٤ ی فێوریەی ٢٠١٣)**

## کۆبوونەوەی هاوبەشی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان، یەکیەتییەکانی ژنان و لاوان لەگەڵ پارلمانتارێکی حیزبی سوسیالیستی گەلی دانمارک



بە بەشداریی نوێنەرایەتیی زۆربەی هەرە زۆری هێز و کۆر و کۆمەڵە کوردیەکانی دانیشتووی دانمارک، ڕۆژی ٢٤-٢٠١٣/١ی زایینی، کۆبوونەوەیەک لەگەڵ خاتوو ئۆزلەم چەچێک ژنە پارلمانتاری کورد لە پارڵمانی دانمارک پێک هات. لەو کۆبوونەویەدا کە بابەتەکانی پێوەندیدار بە دۆزی ڕەوای گەلی کورد و بارودۆخی کوردانی نێشتەجێی دانمارک و، هەروەها کێشە و گرفتەکانی ڕەوەندی کورد لەو وڵاتە هاتنە بەر باس.

لەو دیدارەدا خاتوو ئۆزلیم چەچێک بەڵێنی دا کە بەوردی بە دواداچوون بۆ چارەسەری کێشە تایبەتییەکانی کوردستانیانی دانیشتووی ئەم وڵاتە هەر لە خۆێندن لە کمۆنەکان و نووسینی کتێبی فەرهەنگێکی زمانی کوردی ــ دانمارکیەوە بگرە تا هەوڵدان بۆ سەلماندنی ناسنامەی کوردان وەک خەڵکی وڵاتی کوردستان، ناردنی شاندی حکوومەتی دانمارکی بۆ کوردستان و بانگێشتنی ئەرینی سەرکردەکانی کوردی بە تایبەتی سەرۆکی هەریم کوردستان دەکا.

ناوبراو هەروەها گوتی کە کار بۆ یاد کردنەوەی بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کوردان وەک هەڵەبجە و نەورۆز لە پارڵمانی دانمارک دەکا و هەوڵ دەدا لە ڕیگەی خستنەبەرباسی کێشەکانی کورد و پێکهێنانی سیمینار بۆ سێاسەتمەدارانی دانمارکی لە پارڵمانی ئەو وڵاتە، هەوڵ بدات سەرنجی سیاسەتمەداران و پارلمانتارانی دانمارک بۆ لای دۆزی کورد راکێشێ.

هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو دیدارەدا وێڕای پشتگیری لە کار و تێکۆشانی ئۆزلەم چەچێک، کچە پاڕلمانتاری کورد، داوایان کرد زەخت و زۆری و ئیعدام و ئەشکەنجە لە ئێرانیش مەحکووم بکرێ و لە هەمان کات داوایان کرد بۆ پێکهێنانی لابییەکی کوردی کە وڵامدەری داخوازییەکانی گشتی کوردەکانی نیشتەجێ ئەم وڵاتە بێ، تێ بکۆشێ.

## بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان له ٢٣ هەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی بەرەی دێمۆکراتیکی گەلی ئەهوازدا

هەیئەتێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان له ٢٣ هەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی بەرەی دێمۆکراتیکی گەلی ئەهوازدا بەشدار بوو.

ڕۆژ یەکشەمە، ١ ی ڕێبەندان له سالۆنی کتێبخانەی نۆرت یۆرکی شاری تۆرۆنتۆی کانادا، ڕیورەسمێک بە بۆنەی ٢٣ هەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی جەبهەی دیمۆکراتیکی ئەهواز بەڕێوە چوو و لەو ڕێورەسمەدا هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێکهاتوو له هاوڕێیان کاک برایم جەهانگیری و کاک سیامەک بەشدار بوون. شایانی باسە ئەو حیزب و ڕێکخراوانە بەشداری ئەو مەراسیمە بوون. شایانی باسە کە نوێنەرایەتییەکانی چەندین حیزب و ڕێکخراوی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران لەو ریورەسمەدا بەشدار بوون


### له وڵاتانی جۆراوجۆر

# حیزبی دێموکڕاتی کوردستان یادی٦٧ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستانی کردەوە

**کۆیە: بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان





له شەست و حەوتەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا، بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمێکی شایان ڕێزی له یاد و بیرەوەریی کۆمار و دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان گرت و لەگەڵ ئامانجەکانی کۆماری کوردستان بەڵێنی وەفای نوێ کردەوە.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە بەیانیی ڕۆژی دووشەممە، ٢ ی ڕێبەندان بە بەشداریی سەدان کەس له ئەندامان، لایەنگران، کادر و پێشمەرگە و بنەماڵە و میوانانی حیزب له هۆڵی بۆنە و ڕێوڕەسمەکانی حیزبدا بەڕێوەچوو، بە گەرمی و شکۆوە یادی ٢ ی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان کرایەوە.

ئەو ڕێوڕەسمە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و ساتێ ڕاگرتنی بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن له یاد و یادەوەریی شەهیدانی حیزب و گەل دەستی کرد. دواتر پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەم بۆنەیە، له لایەن کاک کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبەوە خوێندرایەوە.

بەڕێز کەماڵ کەریمی له سەرەتای پەیامەکەدا ئاماژەی بەوە کرد کە ئەگەر دامەزرانی کۆماری کوردستان یەکێک له شانازی‌یە نەتەوەیی‌یەکانی کوردە، پێش هەمووان ئەم شانازییە بۆ ڕێبەران و تێکۆشەرانی ئەو سەردەمی حیزبی دێموکرات و له سەرووی هەمووانەوە بۆ پێشەوای زانا، قازی محەممەد دەگەڕێتەوە کە توانیان لەگەڵ هەموو بێ‌ئیمکاناتی و سنووردار‌بوونی دەسەڵات و ناوچەی ژێردەسەڵاتیاندا، ئەو هەلومەرجە تایبەتییە بقۆزنەوە کە بە هۆی کێشە جیهانی‌یەکان و تێکچوونی پارسەنگی هێز و بێ دەسەڵاتبوونی حکوومەتی ناوەندی دروست ببوو. ئەوان بەم کردەوەیان توانیان لاپەرەیەکی زێرین له مێژووی کورددا بنووسنەوە.

له بەشێکی دیکەی ئەو پەیامەدا بە ئاماژە بە پێگە و جێگەی کۆماری کوردستان له مێژووی خەباتی نەتەوایەتیی کورد و هەر وەها دەسکەوتەکانی کۆمار هاتبوو کە بەداخەوە تەمەنی کۆماری کوردستان زۆر کورت بوو و بە هۆی هێرش و پیلانەکانی حکوومەتی سەرەڕۆی حەمەرەزا شا کە ئەمریکا و بریتانیا پشتگیری‌یان دەکرد کۆتایی پێ‌هات، بەڵام هەر له سەرەتاوە ڕێبەرانی حیزب و دامەزرێنەرانی کۆمار بۆ خزمەتی نەتەوەی کورد له ڕێگای ئەم دەسەڵاتەوە له هیچ شتێک کۆتاییان نەکرد. پەیامەکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ ٦٧ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا خوێندنەوەیەکی بۆ ئاڵۆگۆرە جیهانی و ناوچەییەکان، بە تایبەت لەو وڵاتانە کردبوو کە کوردیان بە سەردا دابەش کراوە. له بەشەدا بە تیشک خستنە سەر بارودۆخی ئێران و پێگەی ئێران له هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچە و جیهاندا هاتبوو حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم هەلومەرجە ناسکەو له چاوەڕوانیی ڕوودانی هەر ئەگەرێک کە بە دڵنیایی‌یەوە ئێران بەرەو ئاڵوگۆرێکی بنەڕەتی دەبا، لێکنزیکبوونەوەی هەموو هێزەو لایەنە نیشتمانییەکان کە له پێناوی ئێرانێکی ئازاد و دێموکراتدا وبۆ دەستەبەرکردنی تێکرای ماف و ئازادی‌یەکانی هەموو پێکهاتەکانی ئێران تێدەکۆشن، له هەموو کات زیاتر بە پیویست دەزانێ. گومان لەوە دانییە یەکگرتوویی هێزە دێموکرات و پێشکەوتنخوازەکانی ئێران دەتوانێ بۆ ڕووخانی یەکجاریی پەیکەری لەرزۆکی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەدەست گەلانی ئەو وڵاتە گورزێکی کاریگەر بێ.

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب له کۆتایی پەیامەکەیدا ڕایگەیاند حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بەگەشبینییەوە دەروانێتە داهاتوو، بەپێویست دەزانێ جارێکی دی وەبیر هەموو لایەک بێنێتەوە ئەم ئاوات و ئامانجانە دەستەبەر نابن ئەگەر هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستان نەتوانن ڕێگەی هاوکاری و هاودەنگیی پێویست له هەموو ئاستەکاندا بگرنەبەر.

حیزبی دێموکراتی کوردستان له بیرەوەریی٦٧ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا وەک هەمیشە پێبەندبوونی خۆی بە خەبات تا وەدیهێنانەوەی ئامانجی نەتەوەی کورد ئەویش دامەزراندنی کۆماری کوردستان له ئێرانێکی ئازاد و دێموکرات و فیدرالدا دووپات دەکاتەوە. باوەڕمان وایە هەر وەک خۆراگریمان کۆماری ئیسلامیی بەرەو کۆتایی ژیانی بردوە، درێژەی خەباتیشمان وەدی‌هێنانی ئامانجەکانمانی لێ دەکەویتەوە.

دوای خوێندنەوەی پەیامی حیزب دوو سروودی شۆڕشگێڕی و حیماسی لەلایەن کۆری هونەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە پێشکێشی ئامادەبووان کرا و له درێژەی ئەو ڕێورەسمەدا پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خوێندرایەوە.

خوێندنەوەی چەند کۆپلە شێعر لەلایەن شاعیر حەمید قەڵادزەیی، دوو گۆرانی بە دەنگی هونەرمەند خوسرەو ماملێ و گەشتە گۆرانییەک بە دەنگی هونەرمەند حەمەدەمین کەریمی چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە تایبەتی و بەشکۆیە بوون.

### نۆرویژ _ ترۆندهایم

کوردانی دانیشتووی وڵاتی نۆرویژ له ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا یادی ٦٧ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستانیان بەرز ڕاگرت.

ڕۆژی شەممە، ٣٠ی مانگی بەفرانباری ١٣٩١ی هەتاوی، ڕێوڕەسمی ٦٧ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان کە له لایەن کۆمیتەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان له وڵاتی نۆرویژ و له شاری ترۆندهایم بەڕێوە چوو، بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و ساتێک بێدەنگی بۆ یادی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری دەستی پێ کرد.

دوای داگیرسانی مۆمی ٦٧ ساڵەی کۆماری کوردستان له لایەن خاتوو دڵکەش شێنانی، کچی شەهیدی فەرماندە عەولا شێنانی، پەیامی کۆمیتەی ترۆندهایمی حیزبی دێموکراتی کوردستان له لایەن کامیل ئوستاد ئەحمەدی، بەرپرسی کۆمیتە خوێندرایەوە.

دوابەدوای پەیامی کۆمیتەی حیزب وتاری هاوبەشی پارت و ڕێکخراو و کۆمەڵە کوردییەکان له نێوەڕاستی نورویژ له لایەن بێکەس بەرواری خوێندایەوە. پێشکەشکردنی پەیامی کۆمیتەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان له لایەن بەڕیزان خاتوو فەریدە مەعرووفی و هەژار خوڕەمگاهی بەشێکی دیکە له ڕێوڕەسمەکەی پێک هێنابوو. بڕگەی یەکەمی ڕێوڕەسمەکە بە گۆرانیەکی ڕامین شێنانی کۆتایی پێ هات.

بڕگەی دووهەمی ئەم یادە بە پێشکەشکردنی شێعرێک له لایەن خاتوو کەژاڵ مەرزبان تایبەت بە یادی کۆماری کوردستان دەستی پێ کرد. پاش خوێندنەوەی شێعرێک له لایەن هۆزان ئاگووشی، کۆمیتەی ترۆندهایمی حیزبی دێموکراتی کوردستان شاخە گوڵی ڕێزلێنانی پێشکەش بەو تێکۆشەرانە کرد کە بۆ ماوەیەک له ڕیزی خەبات و تێکۆشاندا بوون. له درێژەشدا کۆمیتەی هاوکاری کوردستانیان بە مەبەستی ڕێزگرتن له بەڕیوەبەرانی ڕێوڕەسمەکە شاخە گوڵی ڕێزلێنانی پێشکەش کردن.

له بڕگەی کۆتایی ڕێوڕەسمەکەدا هونەرمەند مستەفا دادار، چەند سروودێکی شۆڕشگێڕانە و هەروەها چەند گۆرانییەکی خۆی پێشکەش بە ئامادەبوان کرد و ڕێوڕەسمەکەی زیاتر ڕازاندەوە. ئەم ڕێوڕەسمە بە چەند گۆرانییەکی گشتی هونەرمەندان ڕامین شێنانی و محەممەد زێوەیی کۆتایی پێ هات.

شایانی باسە کە ئەم حیزب و لایەنانەی پەیامی پیرۆزباییان پێشکەشی یادەکە کردبوو بریتین له: کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان، پارتی دێموکراتی کوردستان، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان، پارتی کرێکارانی کوردستان، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، یەکیەتیی دێموکراتیکی کوردستان، کۆمەڵەی کلتووری و ئاواتە بوون، کۆمەڵەی سۆرێنی کلتووری و کۆمەڵەی ئاشتیی کوردستان.

### ئوتریش _ لیتز

کۆمیتەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان له وڵاتی ئوتریش شەوئاهەنگێکی بۆ ڕیزگرتن له ٦٧ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان له دەڤەری پارێزگای ئۆبەرئۆستەرایش له شاری لیتز بەڕیوە برد.




لەم شەوئاهەنگەدا کە شەوی یەکی ڕێبەندان و بە بەشداریی نوینەرایەتیی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانی و ئوتریشییەکان بەڕیوەچوو، چەندین پەیام و شێعر و پەخشان خوێندرانەوە.

پارتی دیمۆکراتی کوردستان، یەکیەتیی نیشتیمانیی کوردستان، ئەنجومەنی بزووتنەوەی گۆڕان و پارتی دیمۆکراتی کوردستان له سوریە (الپارتی) پەیامی خۆیان بەم بۆنەیەوە خوێندەوە.



ڕێورەسم بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن له گیانی پاکی شەهیدان و دواتر بە وتەیەکی کوری بەخێرهێنان لەلایەن پەرۆش قادری، نوێنەرایەتیی کۆمیتەی حدک لەم ناوچەیە دەستی پێ کرد و پاشان ڕیزی بەرنامەکان له لایەن محەممەدی فەقێ عەلی ڕاگەیەندرا.

خوێندنەوەی پەیامی کۆمیتەی ئوتریشی حدک بە زمانی کوردی لەلایەن خدر هەمزەنژاد،خوێندنەوەی پەیامی کۆمیتەی ئوتریش حدک بە زمانی ئاڵمانی له لایەن ئیدریس قادری، خوێندنەوەی پەیامی جێگری پاریزگاری ئۆبەرئۆستەرایش له لایەن خاتوو سۆنیا ئابلینگەر، ئەندام پارلمانی ئوتریش له سەر لیستی حیزبی سۆسیال دیمۆکراتی ئوتریش؛ پەیامی ماری ئێدڤیگ هارتیگ، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای ئۆبەرئۆستەرایش له سەر لیستی حیزبی سەوزی ئوتریش، پەیامی ناوەندی کولتورە جۆراوجۆرەکانی حیزبی سەوزی ئوتریش له لایەن ئیکێ ئۆکافۆر چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە بوون.

بێجگە لەم پەیامانە ژمارەیەک پەیام کە بە بەڕێوەبەرانی ئەم ڕێ و ڕەسمە گەیشتبوون و له بەر کەمیی کات نەخوێندرانەوە کە بریتی بوون له:

پەیامی پارێزگاری ئۆبەرئۆستەرایش دوکتۆر یۆسف پورینگەر،

پەیامی ئەفگانی دۆنەمیزئەندام پارلمان له سەر لیستی سەوز

پەیامی ئەنجومەنی بزووتنەوەی گۆڕان

پەیامی دووکتۆر ئالان قادر نوێنەری کۆمەڵەیا کوردی ژە بۆ پاراستنا مافێن مرۆڤا.

شیاوی باسە کە مۆمی ٦٧ ساڵەی کۆماری کوردستان له لەیەن نوێنەرایەتی ڕێکخراوە کوردیە بەشدارەکانەوە بە یەکەوە داگیرسێنرا.

له بەشی هونەریی بەرنامەکەدا هەر دوو هونەرمەندان عبدولباسیت داری و فەرهاد ئالانی هەر یەکەو بە چەندین ئاهەنگی خۆش توانیان بەرنامەکە بە شێوەیەک برازێننەوە کە شیاوی ئەم ڕۆژە پیرۆزە بێ.

شایانی باسە کە ئەندامان و لاینگرانی حدک لەم بەینەدا توانیان لەگەڵ زۆر له نوێنەرایەتیی حیزب و ڕیکخراوە کوردستانی و ئوتریشیەکان پەیوەندیی ڕاستەوخۆ بگرن و له سیاسەت و هەڵویستەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ئاگاداریان کەنەوە.

ئەم ڕێورەسمە تا شەو درەنگانێکی خایاند و له کاتژمێر ١١ و نیوی شەو له نێو خۆشی و شادیی بەشداران دا کۆتایی پێهات.

### ئەمریکا _ ناشویل

له وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕێز له یاد و بیرەوەریی ٦٧ساڵەی کۆماری کوردستان گیرا.

ئێوارەی ڕۆژی شەممە، ٧ ی ڕێبەندان لەسەر پێشنیاری کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بە هاریکاریی و پشتگیریی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و بنکە کۆمەڵایەتییەکان له شاری نەشویڵ،



ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ بۆ ڕێزگرتن له یادی شەست و حەوتەمین ساڵی دامەزرانی کۆماری کوردستان بەڕێوە چوو.

ئەو ڕێوڕەسمە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزنان لەگیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد. پاشان له لایەن عوسمان حیکمەت، ئەندامی کۆمیتەی نەشویڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان وتەیەکی کورت بەو بۆنەیە پێشکەش کرا.

دواتر پەیامی لێژنەی بەڕێوەبەریی جەژنی دووی ڕێبەندان کە نوێنگەی بۆچوونی هەموو لایەنەکان بوو، له لایەن کاک ساڵح دۆسکی خوێندرایەوە.

له درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا پەیامی هاوپێوەندیی کوردەکانی نەشویڵ کە بە زمانی ئینگلیسی ئامادە کرابوو، له لایەن فەردین محەممەدی پێشکەش کرا.

فەردین محەممەدی له بەشێکی پەیامەکەدا ئاماژەی بە خەباتی دیپلۆماسیی کورد کرد و بە بەشێکی گرینگی هەوڵ و تێکۆشان بۆ سەرکەوتنی بزووتنەوەی کوردی زانی.

له بەشێکی دیکەی بەرنامەکەدا وەسیەتنامەی سەرۆک کۆماری کوردستان، پێشەوا قازی محەممەد لەلایەن نەوزاد هەورامی پێشکەش کرا.

نێوئاخنی بەرنامەی تایبەت بە ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان بە خوێندنەوەی شیعری شۆڕشگێری و پەخشان لەلایەن بەڕێوەبەرانی ئاهەنگی ٢ی ڕێبەندان حەسەن نازی، ئەندامی کۆمیتەی نەشویڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەروەها تەعبیر ئیسمائیل، ئەندامی لێژنەی بەڕێوەبەری جەژن ڕازابووەوە.

شایانی باسە کە لەو حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییانە پێک هاتبوو له:

- پارتی دێموکراتی کوردستان-لێژنەی ناوجەی نەشویڵ
- یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان
– کەرتی ڕێکخستن له نەشویڵ
- بنکەی ئیسلامیی سەلاحەددین سێنتر
- کۆنسوولی کوردی له تێ نێ

←

**ماموستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە: ئەگەرچی ڕۆژنامەی «کوردستان»، رۆژنامەیەکی حیزبی بووە و لەسەر خەتێکی سیاسیی دیار رۆیشتوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی «گەل پەسند» بووە، لە بۆچوونەکان دا واقعبین بووە، راستگۆ بووە و درۆی لەگەڵ خەڵک و خوێنەرانی خۆی نەکردوە و زمانێکی رەوان و سەلیمی کوردیی جێ خستوە**



# بەرێوەچوونی سمیناری بەرز راگرتنی ٦٧ ساڵ بەردەوامیی ڕۆژنامەی « کوردستان»

ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی چاپ و بڵاوبوونەوەی ژمارە ٦٠٠ ی ڕۆژنامەی «کوردستان» بە بەڕێوەبردنی سمینارێک، یادی ٤٢ ساڵ بەردەوامیی دەوری نوێی «کوردستان» و ٦٧ ساڵ تێکۆشانی ئەو ڕۆژنامەیەی زمانحاڵی حیزبی دێموکڕاتی بەرز ڕاگرت.

لەو سمینارەدا کە ڕۆژی پێنجشەممە، ١٢ ی ڕێبەندان لە ساڵۆنی بۆنە و ڕێوڕەسمەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بەشداریی کۆمەڵێک ئەدیب، ڕۆژنامەنووس و کەسایەتیی ئاکادیمیی کورد لە باشووری کوردستان و چەندین میدیاکاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ژمارەیەکی بەرچاو لە تێکۆشەرانی حیزب بەڕێوە چوو، قۆناغە جیاوازەکانی دەرچوونی ڕۆژنامەی «کوردستان» لە کۆماری کوردستانەوە تا ئێستا لەلایەن کۆڕگێڕەکانەوە هەڵسەنگێندرا.

سمینار بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی شەهیدانی ڕێی ڕزگاریی کوردستان، بە تایبەت شەهیدانی قەڵەم، دەستی پێ کرد. پاشان سمینارەکە بە قسەکانی خاتوو کوێستان فتووحی، ئەندامی کومیتەی ناوەندی و بەرپرسی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزب کرایەوە.

کوێستان فتووحی لە قسەکانی کردنەوەی سمینارەکەدا ڕایگەیاند « کە پێمان باش بوو بڵاوبوونەوەی ژمارە ٦٠٠ ی ئەم دەورەیەی ڕۆژنامە کوردستان و بیرەوەریی ٦٧ ساڵەی بڵاوبوونەوەی ئەم ڕۆژنامەیە بکەین بە دەرفەتێک بۆ باس لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی مێژوو و کاریگەرییەکانی ڕۆژنامەی کوردستان، دەرفەتێک نەک هەر بۆ ئێمەی نووسەران و کارگێڕانی ئەو ڕۆژنامەیە، بەڵکوو بۆ ئێوە خوێنەران و هۆگرانی ڕۆژنامەی کوردستان و دۆستانی حیزب و بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئەوەی بیروڕا و پێشنیار و ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی خۆتان بخەنە ڕوو، تا ئێمەش سوود لە ڕێنوێنی و پەیام و ڕەخنە و پێشنیار و هەڵسەنگاندنی ئێوە وەر بگرین و بیکەین بە چرای ڕێگای کار و تێکۆشانی داهاتوومان.»

کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش لە دەسپێکی کاری سمینارەکەدا وتەیەکی کورتی پێشکێشی بەشداران کرد و وێڕای ناردنی سڵاو بۆ هەموو ئەو قەڵەمانەی لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە تا ئێستا نەخشیان لە دەرچوونی ڕۆژنامەی «کوردستان» بووە، تیشکی خستە سەر چەند تایبەتمەندییەکی ڕۆژنامەی «کوردستان»، ئۆرگانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان.

دوابەدوای قسەکانی بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب، پانێلی یەکەمی سمینارەکە دەستی پێ کرد. لەو پانێلەدا بەڕێزان ماموستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە، سیمای ناسراوی بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکرات، مستەفا مەعرووفی، مامۆستای زانکۆ و ئەندامی دەستەی نووسەرانی «کوردستان»، ئەییووب شەهابی ڕاد، یەکێک لە کارگێڕان و دیزاینەرانی ڕۆژنامەی «کوردستان» باس و هەڵسەنگاندنەکانی خۆیان لە سەر ڕۆژنامەی «کوردستان» پێشکێش کرد.

بەڕێز مامۆستا لە باسەکەیدا ئاوڕێکی کورتی لە چەندین قۆناغی ژیان و دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان، لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە تا ئێستا دایەوە و، بە وردی ئاماژەی بەو بارودۆخە کرد کە لەماوەی ٤٢ ساڵی ڕابرووودا _ کە دەورەی ئەمجارەی ڕۆژنامەی «کوردستان»ی لە خۆ گرتوە_ ئەم ڕۆژنامەیە لەگەڵی بەرەوڕوو بووە.

بەڕێز مامۆستا لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ئاماژەی بە چەند خەسڵەتێکی ڕۆژنامەی «کوردستان» کرد کە بەهۆی ئەو خەسڵەتانەوە ڕۆژنامەی «کوردستان» خۆشەویستی خوێنەران، هۆگران و لایەنگرانی بووە. مامۆستا حەسەن زادە لەو پێوەندییەدا گوتی ئەگەرچی ڕۆژنامەی «کوردستان»، ڕۆژنامەیەکی حیزبی بووە و لەسەر خەتێکی سیاسیی دیار ڕۆیشتوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی «گەل پەسند» بووە، لە بۆچوونەکان دا واقعبین بووە، ڕاستگۆ بووە و درۆی لەگەڵ خەڵک و خوێنەرانی خۆی نەکردوە و زمانێکی ڕەوان و سەلیمی کوردیی جێ خستوە، ئەو ڕۆژنامەیە هەموو کاتێ قورس و بە پڕستیژ و خاوەن پێگەی تایبەت بووە و هەیە.

مستەفا مەعرووفی، مامۆستای زانکۆ و ئەندامی دەستەی نووسەرانی « کوردستان» یەکێکی دیکە لە کۆڕگێڕانی ئەو پانێلە بوو کە باسەکەی بۆ هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی ڕۆژنامەکانی کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا تەرخان کردبوو.

مستەفا مەعرووفی بە هەڵسەنگاندنێکی کورتی بارودۆخی کۆمەڵایەتیی کوردستان لە سەردەمی کۆمار و ئاستی خوێندەواری و پێکهاتەی ژیانی شار و لادێ لە کوردستان هاتە سەر خەسڵەتە بەرچاوەکانی ئەو قۆناغە لە ژیانی ڕۆژنامەی کوردستان و تیشکی خستە سەر ئەوە کە کوردستان لەو سەردەمەدا ئاوێنەی باڵانوێنی ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستان بووە. «کوردستان» لەو سەردەمەدا ڕێزی لە ئازادی بیرو را دەربڕین گرتوە و لە لاپەڕەکانی خۆیدا مەیدانی پێ داوە و هەروەها مەکۆ و شوێنی کۆکردنەوەی قەڵەم و نووسەرانی ناوچە و پارچە جیاوازەکانی کوردستان بووە و خزمەتی زۆری بە زمانی کوردی و تەسبیت و سەقامگیر کردنی زمانی کوردی ئەویش لە سەردەمێکدا کردوە کە سیاسەتەکانی ڕەزاخان و حەمەڕەزاشای کوڕی حاشایان لە هەر چەشنە شوناس و پێناسێکی نەتەوەیی کردبوو.






دوایین کۆڕگێڕی ئەو پانێلە ئەییووب شەهابی ڕاد، یەکێک لە کارگێڕان و دیزاینەرانی ڕۆژنامەی کوردستان بوو کە باسەکەی بۆ باس لە سەر لایەنی تەڕاحی و دیزاینی ڕۆژنامەی «کوردستان» لە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنی تەرخان کردبوو. ئەییوب شەهابی ڕاد لەگەڵ هەڵسەنگاندنی بابەتیانە و ڕەخنەگرانەی «کوردستان» لە باری گرافیک و دیزاینەوە باسی ئەوەی کرد «کوردستان» لەگەڵ سەردەمی خۆی و بەپێی ئیمکاناتی بەردەستی بەردەوام هەوڵی خۆگونجاندنی داوە و ویستوویەتی خۆی نوێ کاتەوە.

پانێلی یەکەمی سمینارەکە بە قسەکانی عەبدوڵڵا زەنگەنە، نووسەر و یەکێک لە هەڵسووڕاوانی بنکەی ژین کۆتایی پێ هات کە بە وردی باسی لە چۆنیەتیی ساغکردنەوەو کۆکردنەوە و لە چاپ دانەوەی ڕۆژنامەکانی « کوردستان»ی سەردەمی کۆمار کرد.

لە سەرەتای پانێلی دووهەمی

←

درێژەی:

## حیزبی دێموکڕاتی کوردستان یادی٦٧ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستانی کردەوە

نوێنەرایەتیی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان و ئەندام و لایانگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێک هێنا.

ئەو ریوڕەسمە بە سرودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و پاراستنی یەک خولەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازانەی گەلەکەمان دەستی پێکرد.

ئاماژەی بەو دەستکەوتە سیاسی و مەعنەوییەیانەی کۆماری کوردستان کرابوو کە ئێستاش و پاش ٦٧ ساڵ کارتێکەریی زۆری لە سەر سیاسەت و هەڵوێستی گەلەکەمان بە گشتی و حدک بە تایبەتی هەیە. لەو پەیامەدا هاتبوو ئامانجەکانی کۆماری کوردستان ئێستاش هەر یەکێک بەرزترین و پیرۆزترین ئامانجەکانی گەلی کورد و حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکانە، هەر بۆیە ئێمە شانازی بە خۆمان و حیزبەکەمانەوە دەکەین کە خاوەن دەستکەوت و بەرهەمێکی ئاوا پڕ بەهاین و ڕێزی لێ دەگرین.

سی . TKCC – ئەنیستیتۆی کوڵتوری کوردی KCI

دوایین بەشی ڕێوڕەسمی شەست و حەوتەمین ساڵیادی کۆماری کوردستان بە گۆرانی و دەنگی خۆشی هونەرمەندان: ڕەشیدی فەیزی نەژاد، سەلام یۆسف و سەلاح زاخۆیی و گەڕی هەڵپەڕکێی کوردانی دانیشتووی ناوچەی نەشویلی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا تا درەنگانی شەو درێژەی کێشا.

### کانادا

لە ڕۆژهەڵاتی کانادا ڕێز لە یاد و بیرەوەریی شەست و حەوتەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان گیرا.



ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە و لە ساڵۆنی کتێبخانەی ٥٤٥ van Horne A ڕێوڕەسمی یادکردنەوەی ٦٧ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان لەلایەن کومیتەی ڕۆژهەڵاتی کانادای حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەڕێوە چوو.

ئەو ڕێوڕەسمە بەبەخێرهێنانی میوانان لەلایەن جەعفەری موقەدەم، بەرپرسی کومیتەی تۆرۆنتۆی کانادا دەستی پێکرد و پاشان بەرنامە سەرەکی‌یەکانی جێژنەکە بە سروودی ئەی‌ڕەقیب و ڕاگرتنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ یادی شەهیدانی ڕێگای ئازادیی کوردستان دەستیان پێ کرد.

لە بڕگەی یەکەمی بەرنامەکاندا پەیامی حیزب و لایەنە سیاسیەکان خوێندرانەوە و لەو بڕگەیەدا پەیامی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەو بۆنەوە لەلایەن کاک برایم جەهانگیری، ئەندامی کومیتەی تۆرۆنتۆی حیزب خوێندرایەوە.

ئەو ڕێوڕەسمە دوای خوێندنەوەی پەیامی حیزب و لایەنە سیاسی‌یەکان بە شایی و هەڵپەڕکێی گەرمی بەشداران درێژەی پێ درا.

شایانی باسە کە ئەو حیزب و لایەنە سیاسی‌یانە لەو ڕێوڕەسمەدا پەیامیان خوێندەوە:

-١ پارتی دێمۆکراتی کوردستان
٢ -یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان
-٣ بەرەی دیمۆکراتیکی ئەلئەحواز
-٤ کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان
-٥ پەیامی ماڵی کورد
-٦ پەیامی کۆمەڵە

### دانمارک

کومیتەی دانمارکی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بە مەبەستی بەرز و پیرۆز ڕاگرتنی یادی ٢ی ڕێبەندان، ٦٧ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان و پێشەوای مەزنی گەلی کورد، قازی محەممەد و هاوڕێیانی، لە ناوچەی گرێڤەی ئەو وڵاتەدا ڕێوڕەسمێکی بەشکۆی بە بەشداریی سەدان کەس لە کوردانی ئەو وڵاتە،



پاشان پەیامی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە لایەن بەرپرسی کومیتەی دانمارک، حوسێن حەسەن زادەوە پێشکەش کرا. لەو پەیامە دا وێڕای باس لە کۆمار و مێژووی پڕ لە شانازیی حیزبی دامەزرێنەری کۆمار،

دوای خوێندنەوەی پەیامی حیزب سرووودی ڕێبەندان لە لایەن کۆڕی سرووودی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە پێشکەش کرا و بە دوای ئەودا پەیامی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خوێندرانەوە.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو مەراسمە دا بروسکەی پیرۆزبایی ئەو حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییانە پێشکەش کران:

- لێژنەی ناوچەی دانمارکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لایەن کاک ئازاد عەبدولخالق
- کومیتەی دانمارکی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان لە لایەن کاک ئارام
- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە لایەن کاک ئەمین ماریجی
- ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کۆمەڵە لە لایەن خاتوو گەوهەر

هەروەها پەیامی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، سازمانی خەباتی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران و کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لقی دانمارک، لە لایەن پێشکەشکارانی بەرنامەوە خوێندرانەوە.

بەشی دووهەمی ڕێوڕەسمی دووی ڕێبەندان ٦٧مین ساڵەوەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستان، بە گۆرانی و هەڵپەڕکی و دەنگی خۆشی هونەرمەند نەورۆز مەحموود و موسیقای کارزان ئەمین دەستی پێکرد و بە گەڕی هەڵپەڕکێی ئەویندارانی ئازادی و سەربەستیی کوردستان زیاتر ڕازایەوە.

جێگەی باسە کە هەردووک کیژۆڵەی جوان و بەهەست، خاتوو سومەیە و خاتوو سنوور، بە شیعر و پەخشانی تایبەت بە یادی ڕێبەندان بەرنامەکەیان ڕازاندەوە.

**خالید عەزیزی: لێرەدا جێگای خۆیەتی سڵاو بنێرین بۆ ئەو کەسانەی کە لە تەمەندا نەماون، بەڵام هەر لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە لە هەلومەرجی جیاجیا و دژواردا لە ڕۆژنامەی «کوردستان»دا دەوریان هەبووە و بەشێکی گەیشتنی ئەو ڕۆژنامەیە بەمرۆ قەرزدای ئەوانە**

**خالید عەزیزی: ڕۆژنامەی «کوردستان» سەنەدێکی نەتەوایەتی بوو کە بیرو هوشیاریی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بگرە لە پارچەکانی دیکەش بڵاو دەکردەوە بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان بە شوێن ڕێچکەی کوماری کوردستان لە هەوڵ و تێکۆشاندا بن**

## وتەکانی بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# لە سمیناری ٦٧ ساڵ بەردەوامیی ڕۆژنامەی « کوردستان»دا



**میوانانی خۆشەویست! ستافی کارای ڕۆژنامەی کوردستان! میوانانی ئەهلی قەلەم و سیاسەت و ئەدەب!** پڕبەدل بەخێرهاتنتان دەکەم. لە لایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە کە ڕۆژنامەی «کوردستان» ئۆرگانی ئەو کۆمیتەیە زۆر خوشحالم کە بە بۆنەی دەرچوونی ژمارە ٦٠٠ی ڕۆژنامەی کوردستان دەرفەتێک ڕەخسا کە بتوانین ئاوڕێک لە ڕۆژنامەی «کوردستان» بدەینەوە. لێرەدا جێگای خۆیەتی سڵاو بنێرین بۆ ئەو کەسانەی کە لە تەمەندا نەماون، بەڵام هەر لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە لە هەلومەرجی جیاجیا و دژواردا لە ڕۆژنامەی «کوردستان»دا دەوریان هەبووە و بەشێکی گەیشتنی ئەو ڕۆژنامەیە بەمرۆ قەرزدای ئەوانە. هەروەها جێگەی خۆیەتی یادێک هەموو ئەو دوست و هاورێیانەی دەرەوەی حیزب بکەین کە لە ڕۆژنامەی «کوردستان»دا دەوریان هەبووە و ڕەنگە ئێستا لە نێوخۆی وڵات یان لە هەندەراندا بن. هەروەها پێویستە یادی ئەو هاورێ و هاوکارانەی حیزبی دێموکرات و ڕۆژنامەی «کوردستان» لە باشووری کوردستان بکەین کە لەو هەلومەرجەدا کە حیزبی دێموکرات لە ژێر گوشاردا بووە و لە هەرێمی کوردستاندا گیرساوەتەوە هاوکاریی ڕۆژنامەی «کوردستان»یان کردوە.

ڕەنگە نەفسی ناوی ڕۆژنامە لە یەکەم خوێندنەوەدا ئێمە بخاتە ئەو فکرە کە ئامرازێکە بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆژانەی هەواڵ بەڵام ڕۆژنامەی «کوردستان» شتێکی دیکە بوو. ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حیزبی دێموکرات، یادگاری کۆماری کوردستان و بەرهەمی ئەقڵییەتی سەردەمی کۆماری کوردستانە کە توانی لە زۆر بواردا زۆر بابەت لە خۆیدا نەهادینە بکا. ڕۆژنامەی «کوردستان» سەنەدێکی نەتەوایەتی بوو کە بیرو هوشیاریی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بگرە لە پارچەکانی دیکەش بڵاو دەکردەوە بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان بە شوێن ڕێچکەی کوماری کوردستان لە هەوڵ و تێکۆشاندا بن. لە کەشوهەوایەکدا کە حکوومەتی پێشوو هەوڵی دەدا زاراوەی جۆراوجۆر پەرەپێ بدا و بەو زاراوە جۆراوجۆرانە رادیۆ دابنێ و تەنانەت لەم دواییانەدا لە فیکری نووسینیشدا بوو، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە ڕێگەی زمانی پاراوی خۆی هەوڵی دەدا خزمەت بە بنیاتنان و بەرەوپێشچوونی زمانی یەکگرتووی کوردی بکا. هەر بۆیە بە خۆشییەوە لە ئاکامی هەوڵی نووسەران و قەڵەم بە دەستان و زمانزانانی حیزبی دێموکرات و دوستانی، ڕۆژنامەی «کوردستان» بوو بە ئەو سەکۆیە کە تەنانە لە بەشی کرمانجی زمانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەتا دەگاتە بەشی خواروو، ناوچەی کەڵهور و کرماشان و ئیلام، ئەوانەی پێوەندییان بە خوێندنەوە و نووسین و سیاسەتەوە هەیە لەو زمانە تێبگەن.

ڕۆژنامەی «کوردستان» بە حوکمی ئەوەی ئۆرگانی حیزبی دێموکرات کوردستان بووە بە دوای بەشێک لە بەرنامەکانی کۆماری کوردستاندا لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا دەرۆیشت کە ئەویش بابەتی دادپەروەیی کۆمەلایەتی و فرەچەشنی بووە کە تا ئەو جێگەیەی لەگەڵ بەرنامەکانی حیزبی دێموکرات و ئاواتەکانی کۆماری کوردستان گۆنجاوە هەوڵی بۆ داوە و لەو پێوەندییەدا وتاری هەبووە و کاری کردوە. لە هەمووی ئەوانە ئەگەر گرینگتر نەبێ، بەڵام گرینگیی خۆی هەیە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا کە لاوان و ژنان لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانیان دەوریان هەبووە، ڕۆژنامەی «کوردستان» بە نووسینەکانی هەوڵی داوە یەکسانی لە نێو ژنان و پیاواندا پەرە پێ بدا. هەر بۆیە یادی ڕۆژنامەی «کوردستان» لە ٦٠٠مین ژمارەیدا ئاوردانەوەیە بە سەر هەمووی ئەو بابەتانەدا.

جێگەی خۆیەتی یادی ئەو کەسانەش بکەین کە توانای خوێندن و نووسینیان نەبووە، بەڵام لە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی «کوردستان» دا دەوریان هەبووە. بەشێک لە ئێوە کە قەڵەم بە دەستن، لە زانکۆکان و لە کۆڕوکۆمەڵە خوێندکارییەکاندا کار دەکەن ڕەنگە لە ڕێگەی پۆست یان لە ڕێگەی پێوەندییەکەوە ڕۆژنامەی «کوردستان» بە دەستان گەیشتبێ. منیش بیرەوەرییەکی خۆم لە ڕۆژنامەی کوردستان دەگێڕمەوە. من نە کەسێکی قەڵەم بە دەستم لە بواری ئەدەبی و نووسیندا نە دەورێکی گرینگم لە ڕۆژنامەی «کوردستان» دا هەبووە، بەڵام تێدەگەم کاری نووسین و ڕۆژنامەگەری چەندە کارێکی دژوار و چەندە پێویستی بە تێبینی و وردبینی هەیە. دەوری ساڵی ٤٩ و ٥٠ی ئێرانی بوو، من منداڵێکی ٧-٨ ساڵانە بووم، تازە مامۆستایان بۆ دێیەکەمان هێنابوو و کەمێک فێری فارسی ببووم. لە دێهاتی لای ئێمە کە پاییز تەواو دەبوو چۆن خڵەوخەرمان تەواو دەبوو، بێستانیش کە دەڕندران، شووتی و کاڵەکیان خڕدەکردەوە لە گۆشەی حەوشێکدا کە کا دادەنرا لەوێدا ڕایاندەگرت کە شەوی درێژی زستانی پێ تێپەر بکەن. لە بنەماڵەی ئێمەشدا هەموو ساڵێک ئەوە دەکرا. زۆر جار لەگەڵ خوشکەکەم دەچووین بزانین لە نێو ئەو کایەدا شووتی وکالەکێکمان وەگیردەکەوێ بۆ ئەوەی بیخوێن. ئەو سەردەمە بابم ئەندامی حیزبی دێموکرات بوو، بە شێوەی نهێنی بۆ حیزبی دێموکرات کاری دەکرد. ڕۆژێک لە ڕۆژان کە دیسان بە شوێن کالەک وشووتیدا چووبووین کە دەستم دەنێو گوێزر و کایەکەدا را کرد کاغەزێک بە دەستمەوە هات کە لوول درابوو بە داوە بەنێک گرێ درابوو. ڕۆژنامەکەم هێنا دەرێ و تەماشام کرد، من کە تازە یەک دوو ساڵ بوو دەمخوێند و وشەکانم هەر بە فارسی وەردەگرت، هەستم دەکرد کە ئەوە وەک ئەویدیکە نییە، بەڵام بە جۆرێک لەگەڵی نامۆ نەبووم و تا رادەیەک لێی تێدەگەیشتم. ئاشنایی من لەگەڵ ڕۆژنامەی «کوردستان» بەمجۆرە بوو. جێگای خۆیەتی یاد لە بەشێکی زۆر لەو ژن و پیاوانە بکەین کە چ لە سەردەمی پاشایەتی و چ لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا ڕۆژنامەی «کوردستان»یان دەست بە دەست دەگەراند و حەشاریان دەدا. هەر بۆیە ئەو بیرەوەرییەش ئەوە بە ئێمە دەڵێ کە زۆر کەس کە تەنانەت دەستی نووسینیشیان نەبووە، بەڵام بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی «کوردستان» زەحمەتیان کێشاوە و تەنانەت لەو پێناوەدا گیانیشیان بەخت کردوە.

لە کۆتاییدا بۆ هەمووی ئێوە ساخی سەلامەتی و بۆ کارگێران و بەرێوەبەرانی ڕۆژنامەی «کوردستان» سەرکەوتن بە ئاوات دەخوازم. هەروەها هیوادارم هەمووی ئێمە بە تێکرایی تێبکۆشین کە تەمەنی ڕۆژنامەی «کوردستان» درێژتر بێتەوە و قەڵەم بە دەستان لەوێدا کار بکەن. هەروەها هیوادارم لە داهاتوویەکی نزیکدا بە تێکۆشانی هەمووومان یادی ڕۆژنامەی «کوردستان» لەو شوێنە بگرین کە لێی لە دایک بووە..

## دەقی وتەکانی کوێستان فتوحی بەرپرسی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دەسپێکی سمیناری ٦٧ساڵەی ڕۆژنامەی «کوردستان»دا



به ناوی هاوڕێیان و هاوکارانم لە ڕۆژنامەی «کوردستان» و لە لایەن ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بە گەرمی بەخێرهاتنتان دەکەم.

بۆ ئێمە لە ڕۆژنامەی کوردستان و ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێمۆکراتی «کوردستان»، مایەی خۆشحاڵی و شانازییە کە دەبینین ئێوە سیما و ناوە دیارەکانی بواری سیاسەت و ئەدەب و ڕۆژنامەنووسیی کوردی، ئێوە مامۆستایانی زانکۆ و ئێوە تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی، لە ژێر ڕەشماڵی ڕۆژنامەی کوردستان دا کۆ بوونەوە.

پێمان باش بوو بڵاو بوونەوەی ژمارە ٦٠٠ی ئەم دەورەیەی ڕۆژنامەی «کوردستان» و بیرەوەریی ٦٧ ساڵەی بڵاوبوونەوەی ئەم ڕۆژنامەیە بکەین بە دەرفەتێک بۆ باس لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی مێژوو و کاریگەرییەکانی ڕۆژنامەی «کوردستان». دەرفەتێک نەک هەر بۆ ئێمەی نووسەران و کارگێڕانی ئەم ڕۆژنامەیە، بەڵکوو بۆ ئێوە خوێنەران و هۆگرانی ئەم ڕۆژنامەیە و دۆستانی حیزبی دێمۆکرات و بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئەوەی بیروڕا و پێشنیار و ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی خۆتان بخەنە ڕوو. ئێمەش سوود لە ڕێنوێنی و پەیام و ڕەخنە و پێشنیار و هەڵسەنگاندنی ئێوە وەربگرین و بیکەین بە چرای ڕێگای کاروتێکۆشانی داهاتوومان.

ڕۆژنامەی «کوردستان» دڵگەرم و بە پشتیوانیی دۆستانی وەک ئێوە، لە سەر ڕێچکە و ڕێبازی خۆی کە ڕێگای حیزبی دێمۆکرات و کۆماری کوردستانە، بەردەوام دەمێنێ.

من لە دەسپێکی ئەم سمینارەدا بۆ ئێوە بەشدارییەکی چالاکانە لە باسەکاندا، بۆ سمینارەکەمان سەرکەوتن بە ئاوات دەخوازم.

قسەکانم بە سڵاوی وەفا و ئەمەگناسی بۆ هەموو ئەو تێکۆشەر و خەباتگێڕانە کۆتایی پێ دێنم کە لە سەنگەری ئەم ڕۆژنامەیەدا خزمەتی ڕۆژنامەنووسیی کوردی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردیان کردوە، بە تایبەتی سڵاو لەوانە کە ئێستا لە ژیاندا نەماون و چوونەتە ریزی کاروانی نەمران.

جارێکی دیکەش بەخێرهاتنتان دەکەم، بەتایبەتی ئەو میوانە بەڕێزانە کە لە ڕێگای دوورەوە تەشریفیان هێناوە. سەربەرزین بە بەشداریتان لەم یادەدا. بەهیوای وەدیهاتنی ئاواتەکانی ڕۆژنامەی «کوردستان» کە ئاواتی هەر هەمووی ئێمەیە.

**درێژەی:**

## بەرێوەچوونی سمیناری ٦٧ ساڵ دەرچوون و بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی « کوردستان»

سمینارەکەدا خەڵاتی ڕێزلێنانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕۆژنامەی « کوردستان» لە یادی ٦٧ ساڵەی تێکۆشانی ڕۆژنامەی کوردستان دا، بە بەرێزان مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە، فەتاح کاویان، قادر وریا، مومتاز حەیدەری، بنکەی ژین و دەزگای ئاراس درا. لەو بەشەدا قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لە وتەیەکی کورت دا روانینی خۆی سەبارەت بە ٢٥ ساڵ تێکۆشانی لەم ڕۆژنامەیە دا،دەربڕی.

لە پانێلی دووهەمی سمینارەکەدا بەرێزان دوکتور ئاسۆ حەسەن زادە، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و مستەفا شێخە، ڕۆژنامەنووس باس و هەڵسەنگاندنەکانی خۆیان لە سەر ڕۆژنامەی کوردستان پێشکێش کرد.

دوکتور ئاسۆ حەسەن زادە لە باسەکەیدا وێڕای پێناسەی کلاسیک و کارکردی نوێی ڕۆژنامەنووسیی حیزبی و ڕۆژنامەنووسیی زانیاری گوتی کە لە ئێستادا هەم ڕۆژنامەنووسیی حیزبی پرەنسیپ و مێتۆدەکانی ڕۆژنامەنووسیی مۆدێرن ڕەچاو دەکا و هەم ڕۆژنامەنووسیی زانیارییش هەڵگری جۆرێک فیکر و ئایدیای تایبەت بە خۆیەتی.

دوکتور ئاسۆ حەسەن زادە، بەشێکی دیکەی باسەکەی بۆ بەراوردی ڕۆژنامەی «کوردستان»، ئۆرگانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەگەڵ ڕۆژنامەی « ئۆمانیتە»، سەر بە حیزبی کۆمۆنیستی فەرانسە تەرخان کرد و لە کۆتایی باسەکەی دا گوتی کە ڕۆژنامەی «کوردستان» دەتوانێ داهاتوویەکی گەشی هەبێ و سەرەڕای پێبەند بوونی بە بەرپرسایەتی و ریسالەتی خۆی، بەردەوام لە خۆیدا نوێ بێتەوە.

دوایین کۆڕگێڕی ئەو سمینارە ڕۆژنامەنووس مستەفا شێخە بوو. مستەفا شێخە لە سەرەتای باسەکەیدا ئاماژەی بەوە کرد کە نووسینە نەمر و شاکارەکانی ئەدەبیاتی کوردی لە سەر دەستی ئەو کەسانە بۆ ئێمە و بۆ کتێبخانەی کوردی ماونەتەوە کە لە کانی و سەرچاوەی ڕۆژنامەی «کوردستان»یان خواردۆتەوە و وەک نموونە ئاماژە بە کەسایەتییەکانی وەک ڕەحیمی سەیفی قازی، حەسەن قزڵجی، مامۆستا هێمن و مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە کرد.

مستەفا شێخە بەشی سەرەکیی باسەکەی بۆ بابەتی گواستنەوەی ڕۆژنامەکان







لە کاغەز را بۆ نێو دنیای ئینتێرنێت تەرخان کرد و لەو بارەوە تێبینی و سەرنجەکانی خۆی بۆ ڕۆژنامە کوردستانیش خستە ڕوو.

لە بەشێ کۆتایی سمینارەکەدا بەڕێزان فەرهاد ئەکبەری، ئارەش لورستانی، ئازا مستۆفی، جەلیل گادانی، دوکتور عوسمان دەشتی، ئاسۆ مام زادە و عەبدولکەریم شیخانی راو و بۆچوونی خۆیان لە سەر باسەکانی سمینارەکە خستە ڕوو.

کوردستان
ژمارە: ٦٠١
١٦ی ڕێبەندانی ١٣٩١
٤ی فێوریەی ٢٠١٣

**دەفتەری سیاسی ڕوو لە مامۆستا حەسەن زادە:**
**لایەنێکی دیکە لە خزمەتی بە نرخی بەڕێزتان بە ڕۆژنامەی «کوردستان»، ڕۆڵی مامۆستایانەت لە ڕاهێنانی نووسەران و هاوکارانی ئەم ڕۆژنامەیە هەم لە باری دروستنووسینی زمانی کوردی و هەم لە فێرکردنی نووسین و وەرگێڕان دایە.**

**دەفتەری سیاسی ڕوو بە «بنکەی ژین» و «دەزگای ئاراس»:**
**«کوردستان»، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کە درێژەدەری هەمان «کوردستان»ە و شانازیی بەردەوامبوون لە سەر ڕێگا و ئامانجەکانی کۆماری کوردستانی هەیە، لە ئاست ئەم خزمەتە گەورەیەی ئەم دوو دەزگایە و بەڕێوەبەرانیان بە مێژووی ئەم ڕۆژنامەیە، (چاپ و بڵاوکردنەوەی یەکەم دەورەی «کوردستان» لە توێی پرۆژەیەکی هاوبەش دا) سەری ڕێز دادەنوێنێ.**

# ڕێزلێنان

**ڕۆژی ١٢ی ڕێبەندان لە چوارچێوەی سمیناری بەرز ڕاگرتنی ٦٧ ساڵ بەردەوامیی ڕۆژنامەی «کوردستان»، دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی دەیان ساڵ خزمەت بە ڕۆژنامەی « کوردستان» لەوحی ڕێزلێنانی پێشکەش بە بەڕێزان، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە، فەتاح کاویان و قادر وریا کرد. لێرەدا ناوەڕۆکی دەقی ڕێزلێنانەکان دەخەینە بەرچاوی خوێنەران:**



**بەڕێز و تێکۆشەر مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە!**

لە ماوەی ٤٢ ساڵی ڕابردوو دا، کە دەورەی ئێستای ڕۆژنامەی «کوردستان»، بەردەوام بووە، بەڕێزتان یەکێک لە دیارترین و شوێندانەرترین نووسەران، بەڕێوەبەران و سەرنووسەرانی ئەم ڕۆژنامەیە بوون. هەم شانازیی بەشداری لە وەڕێخستنی ئەم دەورەیەی «کوردستان»ت دا هەیە، و هەم لە چەند قۆناغیش دا وەک بەڕێوەبەر، سەرنووسەر و بەرپرسی ئەم ڕۆژنامەیە، کارت کردوە. ئەوەش بە جێی خۆی کە هەتا ئێستاش هەر کات پێویست بووبێ بە نووسین ئاوڕت لێ داوەتەوە و هاوکاریت کردوە.

لایەنێکی دیکە لە خزمەتی بە نرخی بەڕێزتان بە ڕۆژنامەی «کوردستان»، ڕۆڵی مامۆستایانەت لە ڕاهێنانی نووسەران و هاوکارانی ئەم ڕۆژنامەیە هەم لە باری دروستنووسینی زمانی کوردی و هەم لە فێرکردنی نووسین و وەرگێڕان دایە.

بڵاوبوونەوەی ژمارە ٦٠٠ی دەورەی ئێستای ڕۆژنامەی «کوردستان» کە هاوکاتە گەڵ تێپەڕینی ٦٧ ساڵ بە سەر تەمەنی ئەم ڕۆژنامەیە دا، بە دەرفەت دەزانین بۆ ئەوەی ڕێز و دەسخۆش و پێزانینی خۆمان بەرامبەر بە ڕۆڵی مامۆستایانەی بە نرخت لە دەوڵەمەندکردنی ئەدەبیاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە گشتی و بەردەوامی و بەرەوپێشچوونی ڕۆژنامەی « کوردستان»دا بە تایبەتی ڕابگەیەنین. هیوامان ئەوەیە ڕۆژنامەی «کوردستان» و چاپەمەنیی حیزبی دیموکرات تا ساڵانێکی زۆری دیکە لە ڕێنوێنی، وئەزموونی دەوڵەمەندی بەڕێزتان لە بوارەکانی سیاسی، نووسین و زمانەوانی دا سوود وەربگرن.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١٢ی ڕێبەندانی ١٣٩١**
**٣١ی ژانویەی ٢٠١٣**

**هاوڕێی تێکۆشەر کاک فەتاح کاویان!**

ئەدەبیاتی سیاسیی حیزبی دیموکرات بە گشتی و بە تایبەتی ڕۆژنامەی «کوردستان» زمانحاڵی ئەم حیزبە، لەم ٣٣ساڵەی دوایی دا، قەرزداری، بیر و قەڵەم و هەوڵی دلسۆزانە و ماندوویی نەناسانەی چەن کەسێکی دیارە کە بە دڵنیاییەوە بەڕێزت یەکێکیانی.

جەنابت، بە نووسین، وەرگێڕان لە ئینگلیزی و فارسییەوە بۆ سەر زمانی کوردی و بە پێچەوانەوە و هەر وەها بە وەرگرتن و بەڕێوەبردنی بەرپرسایەتیی گرنگ لە چاپەمەنیی حیزب و ڕۆژنامەی «کوردستان» دا، ڕۆڵ و جێگایەکی ئەوتۆت هەبووە کە شیاوی ڕێزلێنانە.

بڵاوبوونەوەی ژمارە ٦٠٠ی دەورەی ئێستای ڕۆژنامەی «کوردستان» کە هاوکاتە لە گەڵ تێپەڕینی ٦٧ ساڵ بە سەر تەمەنی ئەم ڕۆژنامەیە دا، بە دەرفەت دەزانین بۆ ئەوەی ڕێز و دەستخۆش و پێزانینی خۆمان بەرامبەر بە هەوڵی ماندوویینەناسانەت لە خزمەتی بێدریغ و بەنرخ بە ڕۆژنامەی «کوردستان» و چاپەمەنیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ڕابگەیەنین.

لەم بۆنە خۆشە دا، تەمەندرێژی و سڵامەتی بۆ بەڕیزت بە ئاوات دەخوازین. هیوادارین ڕۆژنامەی «کوردستان» و حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ساڵانێکی زۆری دیکە سوود لە قەڵەم و توانای فکری و ئەزموونی دەوڵەمەندی بەڕێزت لە بواری نووسین و وەرگێڕان دا، وەر بگرن.



**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١٢ی ڕێبەندانی ١٣٩١**
**٣١ی ژانویەی ٢٠١٣**

**هاوڕێی خۆشەویست و تێکۆشەر کاک قادر وریا، سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستان!**

ماوەی ٢٥ ساڵ، چارەکە سەدەیەکە ئێوە دەگەڵ ڕۆژنامەی «کوردستان» ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات کار دەکەن و بە کردەوە ئەو ڕۆژنامەیە بۆتە بەشێک لە ژیانتان. ئەگەرچی لە هەموو ئەو ماوەیەدا ئێوە ئەرکی سەرنووسەریتان لە ئەستۆ نەبووە، بەڵام بە شایەتیی کادری بەڕێوەبەریی ڕۆژنامە و هەموو ئەوانەی لە نزیکەوە شارەزای ڕەوتی دەرچوون و بەرەوپێشچوونی بوون، هەمیشە ئێوە یەکێک لە کۆڵەکە قایمەکان و زۆر وەختیش بڕبڕەی پشتی «کوردستان» بوون.

دەرچوونی ژمارە ٦٠٠ی «کوردستان» و شەستو حەوتەمین ساڵوەگەڕی دەرچوونی یەکەمین ژمارەی «کوردستان» لە بەرەبەری دامەزرانی کۆماری کوردستاندا و هەروەها چلو دووەمین ساڵوەگەڕی بڵاوبوونەوەی یەکەمین ژمارەی ئەم دەورەیەی «کوردستان» کە هەموویان لە لای ئێوە بۆنەیەکی خۆشەویستن، بە دەرفەت دەزانین بۆ ئەوەی بەم هۆیەوە ڕێز و ئەمەگناسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانتان پێ ڕابگەیەنین.

هیوادارین ڕۆژنامەی «کوردستان» لە سایەی ڕێنوێنی و هەوڵ و تێکۆشانی ئێوەدا ساڵ بە ساڵ زیاتر پێش بکەوێ و ئێوەش بە هەق ببنە سەرمەشقێک بۆ ئەو کیژ و لاوانەی هەر ئێستا لە ڕۆژنامە و ئۆرگانەکانی دیکەی ڕاگەیاندنی حیزبەکەمان‌دا خەریکی کار و تێکۆشانن.

وێڕای سوپاس و پێزانین

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١٢ی ڕێبەندانی ١٣٩١**
**٣١ی ژانویەی ٢٠١٣**



**کوردستان و کورد:** هەر دوو دەزگای «بنکەی ژین بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانی ی کوردی» و «دەزگای چاپ و بڵاو کردنەوەی ئاراس» ، بە هاوبەشی لە لایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە لەوحی ڕێزلێنانیان پێشکەش کرا.ئەم لەوحە لە لایەن سکرتیری گشتیی حیزب، هێژا خالید عەزیزی درا بە بەڕیزان فەرهاد ئەکبەری و عەبدوڵلا زەنگەنە کە لە لایەن دەزگای ئاراس و بنکەی ژین لەم سمینارە دا بەشدار بوون. سەرنجتان بۆ ناوەڕۆکی دەقی لەوحی ڕێزلێنانەکە ڕادەکێشین:

**بۆ هەر دوو دەزگای:**
**«ئاراس» و «بنکەی ژین»**

کۆکردنەوە و پاراستنی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەنووسیی کوردیو لێکۆڵینەوە و تیشک خستنە سەریان، لەو کارە پێویستانەن کە سامانی مێژوویی کورد و زانیاریی تاکەکان لە سەر ڕابردووی نەتەوەکەیان دەوڵەمەند دەکەن. «کوردستان»ی زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ڕۆژنامەی جمهوریی کوردستان، ئەو گەنجینە بە نرخە بوو کە بە هەوڵی هەر دوو برای توێژەری بە خزمەت و دلسۆز، مامۆستایان ڕەفیق ساڵحو سەدیق ساڵح کەوتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوەیەکی شایان و بە هیممەتی «بنکەی ژین» و «دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس»، لە گەڵ زوربەی ژمارەکانی یەکەم دەورەی ئەم ڕۆژنامەیە دا، چاپ و بڵاو کرایەوە.


عەبدوڵلا زەنگەنە لە کاتی وەرگرتنی لەوحی ڕێزلێنان بۆ «بنکەی ژین»


فەرهاد ئەکبەری لە کاتی وەرگرتنی لەوحی ڕێزلێنان بۆ دەزگای «ئاراس»

«کوردستان»، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کە درێژەدەری هەمان «کوردستان»ە و شانازیی بەردەوامبوون لە سەر ڕێگا و ئامانجەکانی کۆماری کوردستانی هەیە، لە ئاست ئەم خزمەتە گەورەیەی ئەم دوو دەزگایە و بەڕێوەبەرانیان بە مێژووی ئەم ڕۆژنامەیە، (چاپ و بڵاوکردنەوەی یەکەم دەورەی «کوردستان» لە توێی پرۆژەیەکی هاوبەش دا) سەری ڕێز دادەنوێنێ.

بڵاوبوونەوەی شەششەدەمین ژمارەی دەورەی ئێستای «کوردستان» کە هاوکاتە لە گەڵ تێپەڕینی ٦٧ ساڵ بەسەر لە دایکبوونی ئەم ڕۆژنامەیەدا، بە دەرفەت دەزانین تا ڕێز و پێزانین و ئەمەگناسیی ڕۆژنامەی «کوردستان» و حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەم دوو دەزگا پڕبەرهەم و پڕخزمەتە ڕابگەیەنین.

لە قووڵایی دڵەوە دەسخۆشتان پێ دەڵێین و ماندوونەبوونیتان لێ دەکەین. هیوامان ئەوەیە هەر دووی ئەم دەزگایانە و بەڕێوەبەران، توێژەران و کاربەدەستانیان لە خزمەتی دلسۆزانەی بوارە جۆراوجۆرەکانی ڕۆشنبیریی نەتەوەکەیان دا بەردەوام و سەرکەوتوو و سەربەرز بن.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٣١ی ژانویەی ٢٠١٣**
**( ١٢ی ڕێبەندانی ١٣٩١)**

# ڕێز لێنانی ڕۆژنامەی «کوردستان» بۆ مامۆستا مومتاز حەیدەری


مومتاز حەیدەری: خەڵاتێکی مەزن لە کورستانێکی مەزنەوە

**کوردستان و کورد:** لە سمیناریک دا کە بە بۆنەی ڕیزگرتن لە٦٧ساڵەی بەردەوامیی ڕۆژنامەی «کوردستان» و بڵاوبوونەوەی ژمارە ٦٠٠ی دەورەی ئێستای ئەم ڕۆژنامەیە دا لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان پیک هاتبوو،مومتاز حەیدەری،لە لایەن ڕۆژنامەی»کوردستان«ەوە لەوحی ڕێزلێنانی پێشکەش کرا. سەرنجتان بۆ ناوەڕۆکی دەقی لەوحی ڕێزلێنانەکە ڕادەکێشین:

**بۆ بەڕێز مامۆستا مومتاز حەیدەری!**

کتێبخانەی کوردی و توێژەرانی بواری مێژوو و ڕۆژنامەنووسیی نەتەوەکەمان، لە زۆر بەڵگەنامەی بە نرخ و سەرچاوەی دەگمەن بێبەش دەبوون ئەگەر کەسانێکی دڵسۆز و بە مشوور لە دژوارترین هەلومەرجەکان دا، لە سەر ئەرکی خۆیان، خەمیان لە کۆکردنەوە و پاراستنی ئەو بەڵگەنامانە نەخواردبا. بەڕێزت یەک لەو کەسانەی کە بە هەوڵی دەیان ساڵەیان، ئەرشیڤێکی دەولەمەندیان لە کتێب و گۆڤار و نامیلکە و وێنە و دەستنووس و بەڵگەنامەی بەنرخی دیکە، پێکەوە ناوە. هەر لەو کاتەش دا، لە دەسگرتن و هاوکاریی توێژەران، خوێندکاران و هۆگران، درێغتان نەکردوە.

هەنگاوی گرنگی ئەم ساڵانەی دواییت، وەڕێخستنی گۆڤاری کلتووریی، زانستی، مێژوویی، بەڵگەنامەیی «کوردستان سەدەی ٢١» (K٢١)، کە نیشاندەری ئەزموون و توانا و مایەی زۆری بەڕێزتان لە بواری ڕۆژنامەنووسی وبایەخدان بە ئەرشیڤ و بەڵگەنامە دایە، شیاوی پێزانین و ڕێزلێنانە.

بڵاوبوونەوەی ژمارە ٦٠٠ی دەورەی ئێستای ڕۆژنامەی «کوردستان» کە هاوکاتە گەڵ تێپەڕینی ٦٧ ساڵ بە سەر تەمەنی ئەم ڕۆژنامەیە دا، بە دەرفەت دەزانین بۆ ئەوەی ئەمەگناسی و سوپاسی خۆمان بەرامبەر تەمەنێک هەوڵ و تیکۆشانی بێوچانت ڕابگەیەنین. لە قووڵایی دڵەوە ماندوونەبوونیتان لێ دەکەین و لەم ئەرکە نەتەوەیی و ڕۆشنبیرییە پیرۆزە دا بەردەوامی و سەرکەوتنی زیاترتان، بە ئاوات دەخوازین.

**دەستەی نووسەران و کارگێڕانی**
**ڕۆژنامەی «کوردستان»**
**ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**١٢ی ڕێبەندانی ١٣٩١**
**٣١ی ژانویەی ٢٠١٣**

كوردستان
٨
ژمارە: ٦٠١
١٦ی ڕێبەندانی ١٣٩١
٤ی فێوریەی ٢٠١٣
سیاسی

د. ئاسۆ حەسەن زادە:

بۆ «کوردستان» هەوڵی بەردەوام بۆ کرانەوە و نۆژەنبوونەوە و خۆگونجاندن پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە. «کوردستان» هەر لە دەسپێکەوە دوفاکتۆ زمانحاڵی شتێکی گەورەتر و فراوانتر لە حیزبەکە بووە کە بریتییە لە کۆماری کوردستان و نەتەوەی کورد.

# سەرنجێک لەسەر داهاتووی ڕۆژنامەگەریی حیزبی : «کوردستان» و «ئۆمانیتە» بە نموونە*



ئاسۆی حەسەن زادە

لە سادەترین جیاکاریدا ڕۆژنامەی کوردستان لە خانەی ڕۆژنامەگەریی سیاسیدا پۆلێن دەکرێ کە ئەگەر بمانەوێ وردتریشی بکەینەوە و زاراوە باوەکانی ئەو بوارە بەکاربەرین دەتوانین بیخەینە چوارچێوەی ڕۆژنامەگەریی دەروەست، ڕۆژنامەگەریی بیروباوەڕ، ڕۆژنامەگەریی شۆڕشگێڕی، ڕۆژنامەگەریی حیزبی و بە گشتی ڕۆژنامەگەرییەک کە خەتی سیاسیی خۆی ناشارێتەوە و بە ئاشکرا ڕایدەگەیەنێ. عادەتەن لەبەرامبەر ئەم جۆرە ڕۆژنامەوانییەدا باسی ڕۆژنامەگەری بەبێ هیچ سیفەتێک دەکرێ یان لە باشترین حاڵەتدا دەڵێن ڕۆژنامەگەریی زانیاری کە لەودا بەلەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو پرەنسیپانە کە بە ئەخلاقی ڕۆژنامەوانی ناسراون و لە میساقی بەناوبانگی موونیخدا هاتوون(١) ئامانج تەنیا دانی زانیاری و خستنەڕووی فاکتەکانە.

هێندێک کەس ڕۆژنامەگەریی حیزبی هەر لە بنەڕەت ڕا بە ڕۆژنامەوانی نازانن چونکە پێیان وایە ئەو جۆرە لە ڕۆژنامەوانی بەستراوە و تەکرەهەند و لایەنگرانە و ئامانجگەرا و زۆرتر ئامرازێکە بۆ پرۆپاگەندای سیاسی و هیچی دیکە. پاساویشیان ئەوەیە کە بۆ ئەوەی ڕۆژنامەگەری بەڕاستی بتوانێ ببێتە کۆڵەکەی چوارەمی دێموکڕاسی نابێ وەک ئەکتەرێکی سیاسی، بەڵکوو وەک چاوەدێری گەمەی سیاسی بجوڵێتەوە. بۆ ئەمەش وەک میراتێکی نەریتی مێدیایی وڵاتانی ئینگلیسی زمان بنەمای کار پێویستە تەنیا لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بێ.(٢)

جیا کردنەوە و لەبەرامبەریەکدانانی ڕۆژنامەگەریی بیروباوەڕو ڕۆژنامەوانیی زانیاری تا ڕادەیەک موتڵەقگەرا و ناعادڵانەیە. شتەکان لەوە ئاڵۆزتر و ڕێژەییترن کە ئاوا دابەشی بکەین. لەلایەک، ئەمڕۆ ئیدی دەرکەوتووە کە ڕۆژنامەگەریی زانیارییش هەرگیز ناتوانێ بەتەواوی بێلایەن بێ و لە شێوەی ڕووماڵ و بەدواداچووندا بەردەوام لەبەرامبەر هەڵبژاردنێکی «سیاسی» دایە و ئەگەر تەنیا لەبەر ئەو لۆژیکە داراییەش بێ کە لە پشتەوەیەتی ناتوانێ بەرامبەر بە پەیام و نێوەرۆکی زانیاری بێتەفاوەت بێ. لەلایەکی دیکەشەوە، ڕۆژنامەگەری سیاسیی بە ڕۆژنامەگەریی حیزبیشەوە لە سەردەمی ئەمڕۆدا تێدەکۆشێ بایەخەکانی ڕۆژنامەوانیی زانیاری یان پرۆفشناڵ ڕەچاو بکا و بەم جۆرە هەرمانی خۆی باشتر دەستەبەر بکا.

با ئەو مەسەلەیە لە بەراوردێک لەنێوان ڕۆژنامەی کوردستان و ڕۆژنامەی ئۆمانیتەی فەڕانسەدا چاو لێ بکەین. ڕەنگە بگوترێ ئەوە بەراوردکردنی دوو شتی نالێکە (قیاس مع الفارق)، چونکە بەستێن و سروشت و ریسالەتی ئەو دوو ڕۆژنامەیە تەواو فەرقیان هەیە. بەڵام جیا لەوە کە زۆر چاک دەکرێ شتێک لەگەڵ جۆری «ئیدئال» یان «پێشکەوتوو»ی ئەو بوارە بەراورد بکرێ، پرەنسیپی مێتۆدی بەراوردکاری ئەوەیە کە دوو شتی هاوبوار لەپێوەندی لەگەڵ خیسڵەتێکدا پێکەوە بگرین کە ئەو خیسڵەتە لە هەردووکیاندا هەیە بەڵام لە هەردووکیاندا وەک یەک ڕۆڵی خۆی نانوێنێ، تەنانەت ئەگەر نابەرابەری و نامۆیی‌یەکیش لەهەر ڕوویەکەوە لەنێوان ئەو دوو شتەدا هەبێ. جگە لە زۆر وێکچوونی نێوان ئەو دوو ڕۆژنامەیە وەک ئۆرگانی ڕەسمیی دوو حیزبی سیاسی کە دۆستایەتیی مێژوویيان پێکەوە هەبووە، خاڵێکی سەرنجڕاکێشی وێکچوون ئەوەیە کە ئەگەرچی ڕۆژنامەی ئۆمانیتە چل ساڵ پێش ڕۆژنامەی کوردستان دەست بەکار بووە، بەڵام بۆ ئەو خیسڵەتەی کە ئێمە لێرەدا مەبەستمانە هەردووکیان لە یەک سەردەمدا ناچار بوون خۆیان لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی دەورانی گوزار و ئاڵوگۆڕ لە ڕاگەیاندنی سیاسیدا بگونجێنن، ئەو سەردەمە وەک زۆر لەو هاوڕێیانەی وتاریان بۆ ژمارە (٦٠٠) ڕۆژنامەی کوردستان نووسیوە، دەکەوێتە نێوەڕاستی ساڵەکانی نەوەدی زایینییەوە.

لە ئورووپای دێموکراتیک و پێشکەوتوو ئەمڕۆ شتێک بەناوی ڕۆژنامەگەریی حیزبی باوی نەماوە. ئەگەر حیزبەکان وەک خۆشیان بڵاکراوەیان هەبێ، لە مەیدانی مێدیایی سەراسەریدا مەترەح نیە. لە عەوەزدا، زۆر ڕۆژنامەی سیاسیمان هەن کە نزیکایەتییان لە فڵانە حیزب یان لە فیسارە بەرەی سیاسی هەیە. (٣) نموونەی ڕۆژنامەی ئۆمانیتە بۆیە سەرنجڕاکێشە چونکە نموونەی ئاخرین ڕۆژنامەی گەورەی وڵاتێکی دێموکراتیکی ئورووپاییە کە هەتا ئەم دوایيەش ئۆرگانی ڕەسمیی حیزبێکی سیاسی بوو کە بریتییە لە حیزبی کۆمونیستی فەرانسە.

«ئۆمانیتە» کە ساڵی ١٩٠٤ لەلایەن ڕێبەری بەناوبانگی سۆسیالیست ژان ژۆرێس-ەوە وەک ڕۆژنامەیەکی زانیاری و سەربەخۆی چەپ دەستبەکاربووە، لە ساڵی ١٩٢٠ کە زۆرینەی چەپەکان بڕیاری چوونە نێو ئەنترناسیۆناڵی کۆمونیست دەدەن دەبێتە ڕۆژنامەیەکی کۆمونیستی. لە ماوەی نێوان دوو شەڕی گەورەی جیهانیدا بەڕەسمی دەبێتە ئۆرگانی پارتی کۆمونیست و تەنانەت دوای تەواو بوونی شەڕی دووەمیش پەیڕەوییەکی وشک لە سیاسەتی ئەو حیزبە دەکا.(٤)

لەگەڵ تەواو بوونی شەڕی سارد، جیا لەو دۆخە نوێیە کە حیزبی کۆمونیست تێی دەکەوێ، ڕۆژنامەی ئۆمانیتەش بۆ زاڵبوون بەسەر قەیرانێکدا کە لەگەڵی بەرەوڕوو دەبێ ناچارە بەخۆیدا بچێتەوە. هۆیەکانی ئەو قەیرانە تەنیا بەشێکیان سیاسین. بێگومان ئەوە کە حیزبی کۆمونیست ئەو جێگە و پێگە مێژوویی‌یەی جارانی نامێنێ کاریگەریی زۆری لەسەر جمهوری خوێنەرانی ئۆرگانە ڕەسمییەکەشی هەیە. ئەگەر سەردەمانێک سەرکەوتنی ڕۆژنامەگەریی ئۆمانیتە دەسمایەیەک بوو بۆ سەرکەوتنی سیاسیی حیزبی کۆمۆنیست بە چەشنێک کە زۆر جار ژمارەی خوێنەرانی ئەو ڕۆژنامەیە پێنج هێندەی ژمارەی ئەندامانی خودی حیزبەکە و بگرە زیاتریش بوو، ئەمجار ئەوە شکستی حیزبی کۆمونیست بوو کە زیانی بە پێگە و پرستیژی ڕۆژنامەی ئۆمانیتە دەگەیاند.

هۆکارەکانی دیکەی ئەو قەیرانە پێوەندییان بە قەیرانی ڕۆژنامەگەریی نووسراو بەگشتی و ڕۆژنامەگەریی نووسراوی سیاسی بەتایبەتی هەبوو. جارێ بەهۆی کەمبوونی داهاتی ریکلام لەو جۆرە ڕۆژنامانەدا و سنووردار بوونی یارمەتی و سوبسیدی دەوڵەتی، لایەنی ماڵی و دارایی ئاستەنگێکی گەورە بوو کە ڕۆژنامەیەکی وەک ئۆمانیتەی کە بەدژی سیستمی سەرمایەداری خەباتی دەکرد ناچار کردبوو تەواو بە مەنتق و مێکانیزمەکانی مودیرییەتی سەرمایەدارییەوە خۆی بەڕێوە ببا. بەڵام فاکتەری هەرە گرینگ کە هەم وەک هۆکار و هەم وەک دەرەنجامی قەیرانەکە خۆی دەنواند، کێشەی کەمبوونەوەی ڕێژەی خوێنەر بۆ ئەو جۆرە ڕۆژنامانە بوو کە بەهۆی گوتاری سیرف سیاسییانەوە هەتا دەهات کەمتر بۆ خەڵک ڕاکێشەر (جذاب) بوون.(٥) لە سەردەمێکدا کە خەڵک زۆرتر بەدوای زانیاری و بابەتی فرەچەشندا دەگەڕێن، چەسپان بەو خەتە ئیدئۆلۆژییەی ئۆمانیتە گرتبوویە بەر بە مانای هەنگاونانی ڕۆژنامەکە بەرەو هەڵدێر و لەنێوچوون بوو.

بۆ وڵامدانەوە بە زەروورەتەکانی سەردەمی تازە ئۆمانیتە هێندێک هەنگاوی هەڵێنانەوە کە لێرەدا ئیشارە بە هێندێکیان دەکەین و هەوڵیش دەدەین ئاماژەکان یەکڕاست ببەستینەوە بەو ئاڵوگۆڕانەی لە هەمان سەردەمدا لە ڕۆژنامەی کوردستانیشدا ڕوویان داوە.

خاڵی وەرچەرخانی ئاڵوگۆڕەکان لە ڕۆژنامەی ئۆمانیتەدا کە لەپێناوی زەرفییەتسازی و کرانەوەی زۆرتر لەو ڕۆژنامەیەدا پێک هاتن ساڵی (١٩٩٤) ە کاتێک پاش کۆنگرەی ٢٨ی حیزبی کۆمونیستی فەڕانسە بڕیار دەدرێ ڕۆژنامەی ئۆمانیتە چیدیکە لەسەری نەنووسرێ «ئۆرگانی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی فەڕانسە»، بەڵکوو لەسەری بنووسرێ «ڕۆژنامەی حیزبی کۆمونیستی فەڕانسە» کە لەنێوان ئەو دووانەدا فەرقێکی زۆر هەیە. ئەمڕۆ تەنانەت هەم ئەو دەستەواژەیە لە لۆگۆی ڕۆژنامەی ئۆمانیتە و هەم نیشانەی چەکوچ و داسەکەشی لەسەر لابراوە. وەک دەزانین ڕۆژنامەی کوردستان کە لە سەردەمی کۆماردا لەسەری نووسراوە «بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان»، دواتر لەسەری دەنووسرا «ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان» و ئەمڕۆش لەسەری دەنووسرێ «ئۆرگانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان». دیارە لێرەدا مەبەست دامەزراندنی هیچ پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان ئاڵوگۆڕەکانی ئەو دوو ڕۆژنامەیە نیە. مەرج نیە ئەوەی لە شوێنێکی ئەم دنیایە پێویست و بەجێ بوو، بێئەملاوئەولا لە شوێنەکانی دیکەش هەر وا بێ. تەنانەت ڕەنگە کارگێرانی ئەو دوو ڕۆژنامەیە هەر ئاگاشیان لە کاری یەکتر نەبووبێ، بەڵام بە دەرک کردنی بە پێویستییەکانی ڕۆژ ئامادەیی ئاڵوگۆڕیان لە خۆیاندا نیشان داوە.

ئەو دەسکارییانەی تایتڵ و بەستراوەیی ڕەسمیی ڕۆژنامەی ئۆمانیتە تەنیا شتی ڕواڵەتی نەبوون بەڵکوو دوای ئەوە ڕێبەریی حیزبی کۆمۆنیست نەخشی خۆی لە کۆنترۆڵی پێکهاتە و بەڕێوەبەری و لە هەمووی گرینگتر دیاری کردنی ڕێبازی نووسین (خەتی تەحریری)ی ڕۆژنامەی ئۆمانیتەشدا وردە وردە کەمتر کردەوە. ئۆتۆنۆمیی زیاتری ئۆمانیتە بووە هۆی ئەوە کە لەگەڵ ئەوەدا کە ئۆمانیتە هەروا لە حیزبی کۆمۆنیست نزیک و ڕۆژنامەیەکی دژە سەرمایەداریش مایەوە، بەڵام زەرفییەت و فرەچەشنیی دەروونیی ئەو ڕۆژنامەیە لەڕووی فۆرم و نێوەرۆکەوە ئاڵوگۆڕی زۆری بەسەردا هات. لەڕووی شکڵییەوە، ئۆمانیتە بە فۆرموول و ماکێتێکی تازەوە درێژەی بە کاری خۆی دا ئەگەرچی لۆگۆی ئۆمانیتە هەمان ئەو لۆگۆیەیە کە ١٠٩ ساڵ پێش ئێستا داندراوە. سەرنجڕاکێشە کە بزانین لۆگۆی ڕۆژنامەی کوردستان تا ئێستاش هەمان ئەو فۆنتەیە کە لە سەرەتاکانی خۆیدا پێی نووسراوە کە ئەوەش تەعبیر لە جۆرێک نۆستالژی و حەزی نیشاندانی ئیدامەکاری و ئەسالەت دەدا کە ویستێکی سروشتی و ڕەوایە. لەباری نێوەرۆکیشەوە کرانەوەی ئۆمانیتە لە فرەجۆریی بابەتەکان و پاشکۆیەکان و ئاڵوگۆڕ لە دیاریکردنی پێوانەکانی کارپێسپاردنی ڕۆژنامەوانەکان و جۆراوجۆریی نووسەرانەوە بەتایبەت بۆ نووسەرانێک کە لایەنگری حیزبی کۆمونیست نین ڕەنگی داوەتەوە کە هەمان ئەو کرانەوەیە لە ساڵانی ڕابردوودا لە ڕۆژنامەی کوردستانیشدا بەدی کراوە.

ئاڵوگۆڕە جەوهەرییەکانی ئۆمانیتە هەروەها ئاکامی ڕاستەوخۆی کراوەیی و نەرمیی زیاتر لە پرۆفایلی سەرنووسەر و پێکهاتەی دەستەی نووسەرانیدا بوو. هەتا ئەو سەردەمەی گوزارەی دوایی سەرنووسەرانی ڕۆژنامەی ئۆمانیتە هەمیشە کەسانی سیاسی و بگرە ڕێبەرانی حیزبی کۆمۆنیست بوون(٦) سەبارەت بە ڕۆژنامەی کوردستان ئەگەر ڕاستە کە سەرنووسەر و بەڕێوەبەرانی سەرەکیی لە ئەندامانی ڕیزی پێشەوەی ڕێبەریی حیزب بوون، بەڵام بێگومان ئاڵوگۆڕەکان نە هێندە دوور ڕۆیشتوون و نە دروستیشە لەو هەلومەرجەدا ئەوەندە دوور بڕۆن. بەڵام لە کوردستانیشدا ڕەوتێکی لەو چەشنە بەدی کراوە. لە تایبەتنامەکەی ژمارە (٦٠٠)ی کوردستان‌دا، بەشێک لە قەڵەمەکانی ڕۆژنامەی کوردستان سەبارەت بە ئەزموونی خۆیان لەو ڕۆژنامەیەدا باسی ئەو ساڵانەی گوزاریان کردووە کە لەودا کەسانی دەرەوەی بازنەی ڕێبەریی حیزب (وەک گەنجانی خوێندەوار یا کەسانێک کە تازە لە نێوخۆی وڵاتەوە هاتبوونە نێو حیزب و تەنانەت کەسانی دەرەوەی حیزبیش) هاتنە نێو کۆڕی نووسەران و هاوکارانی ڕۆژنامەی کوردستان و بە وتەی وان ئەمە بووە هۆی خێراتر بوونی گۆڕانکارییەکان و زەرفییەت و ڕەنگاوڕەنگیی زۆرتر لە زمان و نێوەرۆکی ڕۆژنامەدا.(٧)

ئەو ئاڵوگۆڕەی لە زمان بە مانای ڕاوێژی حیزبێکی سیاسی کە لە ڕۆژنامەی ئۆمانیتە و بە پلەیەکی کەمتر لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بەدی دەکرێ تەواو لە جێی خۆیدایە. لەو شوێنەی کە ڕۆژنامەی ئۆمانیتە تێگەیشتووە کە تەنانەت ئەگەر لە فکری بەسیجی بیروڕای گشتیی خەڵک یان دەنگدەرانیشدا بێن گوتارێکی گشتگیرتر و فراوانتر بۆ خەڵک سەرنجڕاکێشترە تا گوتارێکی سێکتاریست و داخراو. لە ڕۆژنامەی کوردستانیشدا بە باشی هەست بەوە کراوە کە تا ئەو جێگایەی دەکرێ پێویستە هەمەڕەنگیی سەلیقە و حەساسییەتەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگا لە ڕۆژنامەدا ڕەنگدانەوەیان هەبێ. زمانی قسەکردنی حیزبی دێموکرات لەگەڵ خەڵک گۆڕاوە، هەربۆیە زۆر بەجێیە ئەگەر ببینین گفت و دوێی ڕۆژنامەی کوردستانیش گۆڕانی بەسەردابێ.

بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە شتەکان تێکەڵ بکەین. ئۆمانیتەی ئەوڕۆ لە جیاتی ئەوەی پرۆپاگەندایەکی ڕووتی سیاسی و حیزبی بکا، بە زمانێکی زانستی و بە پشت بەستن بە فاکتەکان و لە فەزایەکی فیکری و مەعریفیی فراوانتردا دەدوێ. بەڵام تاقە یەک ڕستەشی بە قازانجی سیستمی سەرمایەداریدا تێدا بەدی ناکرێ.(٨) ناسنامە و پەیامی ڕۆژنامەی کوردستانیش دەبێ ڕوون بێ. چاوەڕوانیی ئەوە کە ڕۆژنامەی کوردستان و قەڵەمەکانی موتەئەسری فەزای حیزبی و سیاسەتی حیزبی دێموکڕات نەبن، یان تەنانەت سەرەڕای بوونی لاپەڕەی ئازاد کە ئیبتکارێکی مایەی ئافەرینە، ئیمکاناتی خۆی بەشێوەی سەرەکی سەرفی بیروبۆچوونێک بکا لەدژی سیاسەتی ئەو حیزبە بێ یان لەوەش خراپتر بەستێنی نەتەوایەتیی خۆی بەجێ بێڵێ و بەکورتی بە پێچەوانەی مەرام و ئامانجی سیاسیی ئەو لایەنەی دەری دەکا تەبلیغ بکا، چاوەڕوانییەکی بێجێ و نامەنتقییە کە نە لە ئۆمانیتە دەکرێ، نە تەنانەت لە «لومۆند» و «گاردیەن».

ئەگەر لە ئورووپا نەمان و لەنێوچوونی ڕۆژنامەگەریی حیزبی وەک یەکێک لە نیشانەکانی گەشەسەندنی سیاسی چاوی لێ دەکرێ، لە کوردستان پێویستە بە لەبەرچاوگرتنی بەستێنی تایبەت بەو وڵاتە و لەوەش گرینگتر زەرووڕەتەکانی ئەو قۆناغە لە مێژووی نەتەوەکەمان کە لە نەزەرماندایە چاو لەو جۆرە مەسەلانە بکەین. ڕۆژنامەی کوردستان پێش هەموو شتێک شوێنێک بووە بۆ تۆمارکردنی مێژوویەکی حاشالێکراو و چێکردنی زمانێکی قەدەغەکراو. لە فەڕانسە هەتا شەڕی سارد کۆتایی نەهات، بەندی نێوکی ڕۆژنامەی ئۆمانیتە لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی فەرانسە نەبڕدرا. لەلایەکی دیکەوە، پێش ئەو سەردەمە پێوەندیی نێوان حیزبی کۆمۆنیست و مێدیاکانی دەوڵەت بەتایبەتی لە سەردەمی سکرتێریی ژۆرژ مارشەدا پڕ بوو لە دڕدۆنگی و گومانی سانسۆر و ڕێگەنەدان. ماناکەی ئەوەیە کە تا ئەو کاتەی لە چوارچێوەی کۆمەڵگای موئەسەساتیدا ئەحزاب ئامرازی دێموکراتیکی جێگای متمانە و قبووڵی هەموو لایەکیان بۆ خۆناساندن بەخەڵک و خۆتاقیکردنەوە لەلای خەڵک لەبەر دەستدا نەبێ، مێدیای حیزبی وەک ئاسانترین ئامرازی خۆ پێناسەکردنی حیزبەکان هەروا برەوی دەمێنێ.

ڕۆژنامەگەریی حیزبی کە لە کەیسی ڕۆژنامەی کوردستان‌دا پێویستە لە خانەی ڕۆژنامەگەریی شۆڕشگێڕیشەوە بۆی بچین بێگومان هەروا ئایندەدارە کە بەپێی گۆڕانی هەلومەرج و دوورەدیمەنی ئازادیی کوردستان ڕەنگە لە داهاتوودا پێویست بێ نەخشی دیکەش بگێڕێ. هەر لەو کاتەدا بۆ ڕۆژنامەیەکی وەک ڕۆژنامەی کوردستان هەوڵی بەردەوام بۆ کرانەوە و نۆژەنبوونەوە و خۆگونجاندن (وێڕای پابەندی بە ئەسالەت و ریسالەتی مێژوویی) پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە. ئەوە بەتایبەت لەپێوەندی لەگەڵ کرانەوە لە نێوەرۆکدا بۆ ڕۆژنامەی کوردستان هەموو ڕۆژێک چالنج(چالش) ێکی تازەیە. بەڵام شتێکە کە هەم لێی چاوەڕوان دەکرێ و هەم لە دەستیشی دێ. نابێ لەبیرمان بچێ کە ڕۆژنامەی کوردستان هەر لە دەسپێکەوە دوفاکتۆ زمانحاڵی شتێکی گەورەتر و فراوانتر لە حیزبەکە بووە کە بریتی بوو لە کۆماری کوردستان و نەتەوەی کورد.(٩)

*لە سیمیناری (٦٠٠)مین ژمارەی «کوردستان» دا پێشکەش کراوە

(١) کە گرینگترینیان بریتیین لە ڕێزگرتن لە ڕاستی، ئازادیی ڕەخنەگرتن، وەرگرتنی زانیارییەکان لەلای سەرچاوەی ناسراو، ئاشکرا نەکردنی سەرچاوەی زانیاری، ڕێزگرتن لە ژیانی تایبەتیی تاکەکان، ... هتد.
http://www.journalistes–la–charte–/١٩١٨–cfdt.fr/charte de–munich.html

(٢) دیارە وە نەبێ لە وڵاتانی ئینگلیسی زمانیشدا شتەکە هێندە یەکدەست بێ، بۆ نموونە ئەگەر چاوێک لە چارت و کارکردی مێدیایەکی وەک «ڤیئۆئەی» بکەین و لەگەڵ مێدیایەکی وەک «بیبیسی» هەر وەک «ئێرئێفئی» و «دۆیچەوێلە» بەراوردی بکەین، دەبینین کە یەکەمیان لەلایەن حکومەتەوە کۆنترۆڵ دەکرێ و لە ڕاستیدا پەیڕەوی لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکا، بەڵام ئەوانی دیکە سەربەخۆن و هەوڵ دەدەن پرۆفشنالیزمێکی زیاتر لە کارەکانیاندا ڕەنگ بداتەوە.

(٣) بۆ نموونە لە فەڕانسە، «فیگارۆ» بەوە ناسراوە کە ڕۆژنامەیەکی لیبرالییە و لایەنگری لە ڕاستڕەوەکان دەکا، یان «لیبراسیۆن» بەوە ناسراوە کە لەژێر کاریگەریی سیاسەتەکانی پارتی سۆسیالیستدایە.

(٤) بۆ نموونە کاتێک ساڵی ١٩٥٦ سووپای سوور بولغارستان داگیر دەکا، ئۆمانیتە لە مانشێتی خۆیدا دەنووسێ :»بوداپێست بزەی کەوتەوە سەر لێو»!
http://histoiredesmedias.com/L–Humanite–de–l–organe–de–parti–au.html

(٥) بۆ نموونە چەند ساڵ لەوەپێش کە پسپۆڕێکی مێژووی مێدیا بەناوی کریستیان دێلپۆرت ویستبووی کۆنگرەیەکی زانستی لەسەر ڕۆژنامەی ئۆمانیتە ڕێک بخا، پێیان گوتبوو پێویست ناکا، چونکە ئۆمانیتە زمانحاڵی ئاغاکەیەتی و هیچ جێگای باس و گفتگۆی عیلمی نیە.

(٦) بۆ وێنە مارسێل کاشەن کە ڕۆژگارێکی دوور و درێژ سەرنووسەری ئۆمانیتە بووە، یەکێک دامەزرێنەران و ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی کۆمونیستی فەڕانسە بوو.

(٧) بۆ نموونە وتارەکەی کۆسار فەتاحی کە لەودا هەر ئەوە کە نووسەران لەمەولا بە ناو و ئیمزای خۆیانەوە بابەتیان لە ڕۆژنامەدا چاپ بووە وەک هەنگاوێکی لیبرالییانە و بە نیشانەی بایەخدان بە تاک لە قەڵەم دراوە. کوردستان، ژمارە ٦٠٠، لاپەڕە ١٥

(٨) هەمان قسە دەتوانین لەپێوەندی لەگەڵ ڕۆژنامەی «لومۆند دیپلۆماتیک»یشدا بکەین کە ئەگەر بە هەموو ئارشیوەکەی سەردەمی تازەشیدا بگەڕێین بەزەحمەت دەتوانین تووشی دوو وتار بین کە لە ڕووی بەها و بایەخەکانەوە دژایەتیی بنەڕەتییان لەگەڵ یەکتردا هەبێ.

(٩) دڵفراوانی و ئازادییەکی بیروڕا کە لە «کوردستان»ی سەردەمی کۆماری کوردستاندا بەدی کراوە، لەچاو ئەو سەردەمە سەرسووڕهێنەرە.

**قازی محەمەد بە رووسەکانی راگەیاند کە کورد نایەوێ بەشێک بێ لە ئازەربایجان. رووسەکان دژی ئەو بیروبۆچوونەی بوون و داوایان لی کردبوو داوای ئۆتۆنۆمی لە حکوومەتی ئازەربایجان بکەن کە سیستمێکی کۆمۆنیستی لەوێ لە سەر کار بوو.**

**قازی محەممەد: «سوور دەزانم حکوومەتی ئێران لە دارم دەدا بەڵام من لە خۆشی و شادیی نەتەوەکەمدا بەشدار بووم، ئێستاش لە ناخۆشی دا بە جێیان ناهێڵم و ژیان و مردنم لەگەڵ ئەوانە و ئامادەم بکوژرێم بەڵام کوردستان بە وێرانی نەبینم.»**

# کۆماری کوردستان، دەسکەوتیکی نەتەوەیی و ئەزموونیکی مێژوویی

ئامادەکردنی: ئارەش لوڕستانی

ڕووداوەکانی شەڕی جیهانیی دوویەم لەساڵانی١٩٤١تا١٩٤٥ لە لایەک و لە لایەکی دیکە شکانی ئەرتەشی ئێران لە لایەن ئەرتەشی سووری یەکیەتیی سوڤیەتەوە و گەشەی هەستی نەتەوایەتیی کوردان و بوونی کەسایەتییەکی وەک قازی محەمەد و هاوبیرانی لە بەرانبەر گەلەکەی خۆیاندا کە هەستیان بە بەرپرسایەتی دەکرد لە لایەکی دیکەوە، بواریان بۆ دامەزرانی کۆماری کوردستان رخساند. قازی محەمەد و هاوڕێکانی هەلەکەیان قۆزتەوە و پاش چەندمانگێک دوای هاتنی سوپای سوور، گرووپێکی سێ کەسی بە سەرۆکایەتیی قازی محەمەد چوونە یەکیەتیی سۆڤیەت و لە باکۆ لەگەڵ «جەعفەر باقرۆف» سەرۆک وەزیرانی ئازەربایجانی یەکیەتیی سۆڤیەت و رێبەری حیزبی کۆمونیست دانوستانیان کرد. بەڵام ئەم کۆبوونەوەیان ئاکامێکی ئەوتۆی نەبوو و»باقرۆڤ» گوێی بە داواکانیان نەدا.

جاریکی دیکە- ساڵی١٩٤٥گرووپێکی هەشت کەسی بە سەرۆکایەتیی قازی محەمەد لە باکۆ چاویان بە «باقرۆف» کەوتەوە کە لەم دانیشتنە دا قازی محەمەد راشکاوانە باسی خودموختاری (ئۆتۆنۆمیی) هێنایە گۆڕێ و «باقرۆڤ» لە وڵامدا دا وتی: «جاری نۆرەی ئازەرییەکانە و پێویست ناکا کورد لە وەرگرتنی ئۆتۆنۆمی دا پەلەی بکا». «حەسەن ئەرفەع» دەڵێ: قازی محەمەد بە رووسەکانی راگەیاند کە کورد نایەوێ بەشێک بێ لە ئازەربایجان. رووسەکان دژی ئەو بیروبۆچوونەی بوون و داوایان لی کردبوو داوای ئۆتۆنۆمی لە حکوومەتی ئازەربایجان بکەن کە سیستمێکی کۆمۆنیستی لەوێ لە سەر کار بوو.

قازی محەمەد و هەیئەتەکەی هاوڕێی پاش گەڕانەوە بریاریان دا لەوە زیاتر چاوەڕێی پشتیوانیی رووسەکان نەبن. ئەوان لاوازی و پرش و بڵاویی سوپای ئێرانیان بە هەل زانی و کۆماری کوردستانیان راگەیاند. هەر بەم بۆنەیەوە لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتاوی(١٩٤٥/١٢/١٧) لە ریۆرەسمێکی مەزندا ئاڵای کوردستانیان هەڵکرد. دوای مانگێک لە ١٩٤٦/١/٢٢ لە مەیدانی «چوارچرا»ی مەهاباد بە فەرمی کۆماری کوردستان راگەیەندرا. پێویستە بوترێ پێشتر لە ١٩٤٥/١٢/١ دا لە تەورێز حکوومەتی ئۆتۆنۆمیی ئازەربایجان راگەیەندرابوو.

رۆژی ١٩٤٦/١/٢٢ رۆژێکی مێژوویی بوو. سەرەڕای سەرما و سەخڵەتی زستان، هەزاران کەس لە شارەکانی بۆکان، نەغەدە، ورمێ و ناوچەکانی دیکەوە ملی رێگەی مەهابادیان گرتە بەر. قازی محەمەد و پیاوماقوڵان و مەلاکان و رووناکبیرانی شار لە بەردەم ئەو خەڵکە پر خرۆشەدا راوەستابوون. مامۆستا مەلا حوسێنی مەجدی بە دوعا و پاڕانەوە لە خوا، رێورەسمەکەی کردەوە. لەو رۆژەدا ١٦ کەس قسەیان کرد.

پاشان قازی محەمەد دەستی کرد بە قسان: «ئەی میللەتی کوردا! ئەی شێرەپیاوانی کوردا! سڵاوی خواتان لێ! داوا لە خوای گەورە و ئێوە، گەلی کورد دەکەم کە لەو ئەرکە مەزنەی کە پێتان سپاردوم یارمەتیدەرم بن تا بتوانم لە پێناوی بەرژەوەندی نەتەوەکەمدا کەڵکی لێوەرگرم و لە بەرانبەر خوا و ئێوەدا شەرمەزار نەبم. گەلی کورد دوژمنێکی زۆری هەیە کە لە سەر مافی ئەو گەلە لە هەر چوار پارچەکە رێککەوتوون و بە هەر جۆرێک بووە حاشایان لە مافی خودموختاریان کردوە و خەباتەکەیان بە دزی و چەتەیی لە قەڵەم دەدەن؛ تا بواری سڕینەوەی باشتریان برەخسێنن.»

دوای قازی محەمەد، پازدە کەسی دیکە بە نوێنەرایەتیی کۆمەڵانی جۆراوجۆری نەتەوەی کورد، وتاریان پێشکەش کرد. ئەم رێوڕەسمە بە شێعر و گۆرانی رازابۆوە و مانگێک دوای ئەم جەژنە، کابینەی وەزیران بە سەرۆک وەزیریی «حاجی بابەشێخ» کە یەکێک لە مەلا گەورەکانی ناوچەکە بوو، راگەیەندرا.

**گرنگترین کارەکانی کۆماری ١١ مانگەی کوردستان**

قازی محەمەد و هاوکارەکانی لە ماوەی تەمەنی کورتی کۆماردا کارێکی زۆر و بێ هاوتایان کرد کە لێرە دا ئاماژەیان پێ دەکرێ:

١- پێکهێنانی حکوومەت لە سەر بنەمای دیموکراسیی ئازاد بە ١٣ وەزیر بۆ بەڕێوەبردنی کار وباری فەرهەنگی، خزمەتگوزاری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئیداری.

٢- بە فەرمی ناسینی زمانی کوردی لە ناوچەکە. چونکی پێشتر بە کارهێنانی زمانی کوردی لە ئیدارەکان قەدەخە بوو.

٣- بەرنامەڕێژی بۆ خوێندن بە زمانی کوردی

٤- فەرمی بوونی زمانی کوردی لە لیدوانەکاندا بۆ یەکەم جار.

٥- بەربەرەکانیی فەرمی دژی نەخوێندەواری.

٦- بەزۆرەملی کردنی خوێندن بۆ منداڵان.

٧- دیاریکردنی فۆرمێکی یەکگرتوو بۆ قوتابیان.

٨- بە کوردی نووسینی تابلۆی قوتابخانەکان، دوکانەکان، بینا و ئیدارەکان لە جیاتی فارسی.

٩- هەوڵ و تێکۆشان لە پێناو چاکسازی و دانانی هێندێک قانوون بۆ گۆڕینی کۆمەڵێک نەریت و رێوڕەسمی ناحەزی وەک: ژن هەڵگرتن، سزادانی بەرتیلدەر و بەرتیلوەرگر، ئازار و ئەزیەتی ژن، کردەوە و قسەی سووک، دزی، سزادانی کەسانی پێشێلکەری قانوون، راکردن لە مەیدانی شەڕ و هەروەها سزادانی ئەو کەسانەی کە خیانەت بە نیشتمان دەکەن و دەسدرێژی دەکەنە سەر ناموسی خەڵک و ....

١٠- چاکسازیی کاروباری ئابووری و بازرگانی و کردنەوەی هێندێک کۆمپانی و برەوپێدان و گەشەی بازاری کاسبی و کار.

١١- دامەزراندنی چاپخانەی کوردستان لە مەهاباد و چاپخانەیەکی دیکە لە بۆکان.

١٢- دامەزراندنی رادیۆی کوردستان بە زمانی کوردی لە مهاباد.

١٣- دامەزراندنی سینەما لە مهاباد و پێشاندانی هێندێک فیلمی دیکۆمێنتاری.

١٤- کردنەوەی کتێبخانەی نیشتمانی لە مەهاباد.

١٥- پێکهێنانی هێزی پێشمەرگە وەک هێزی سەربازی و ناردنی ئەفسەر بۆ راهاتن لە باکو.

١٦- هێشتنەوەی بواری وتووێژ دەگەڵ حکوومەتی ئێران تا دوایین ساتەکانی تەمەنی کۆماری کوردستان.

١٧- دامەزراندنی یەکەتیی لاوانی دیموکرات و دەرکردنی گۆڤاری «هاواری نیشتمان»، بۆ زیاتر گرنگیدان بە لاوان.

١٨- هەوڵ و تێکۆشان بۆ کەمرەنگ کردنەوەی هەستی خێڵایەتی و بەرز کردنەوەی روحیەی هاوولاتیبوون و بووژاندنەوەی نەریت و رێوڕەسمە رەسەنە کوردییەکان.

١٩- تەرخانکردنی بورسییەی خوێندن بۆ خوێندکاران و ناردنی خوێندکار بۆ تەورێز و باکۆ.

٢٠- هاندانی ژنان بۆ خوێندن و دامەزراندنی قوتابخانەی تایبەت بە ژنان و بەشدارکردنیان لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان، تەنانەت لە راهێنانە سەربازییەکان.

٢١- دەرکردنی هێندێک گۆڤاری وەک: گۆڤاری کوردستان، رۆژنامەی کوردستان، هاواری نیشتمان، گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد و گۆڤاری «هەڵاڵە» .

**بەراوردکردنی کۆماری کوردستان و حکومەتی کۆمۆنیستیی ئازەربایجان:**

بۆ دڵنیا بوون لە جیاوازیی ئەو دوو حکوومەتە و جیاوازیی زۆری نێوان روانگەی رێبەرەکانیان، شرۆڤەی دوو کەسایەتی لە سەر ئەم دوو حکوومەتە دەخەینە بەرباس: کەسایەتی یەکەم «درێک کینان»ە کە مامۆستای زانکۆی بەغدا بوو و سەردانی کوردستانی عێراقی کرد و ئاماژەی بە چەندین جیاوازیی ئەو دوو حکوومەتە کردوە. ناوبراو دەڵێ: «لە کوردستان بە پێچەوانەی ئازەربایجان ، کاربەدەستانی رووسی نابینرێن؛ بێجگە لەو چەند کەسەی لە کۆنسولی یەکیەتیی سۆڤیەتەوە لە ورمێوە بۆ چاوپێکەوتن هاتوونە مەهاباد.» «ئەگەرچی لە ئازەربایجان ترس و تۆقاندن هەبوو بەڵام لە کوردستان تەنانەت زیندانییەکی سیاسییش لە بەندیخانەدا نەبوو.». «لە مهاباد خەڵک دەیانتوانی گوێ لە رادیۆ ئانکارا و لەندەن بگرن بەڵام لە تەورێز گوێگرتن لەو رادیۆیانە مەرگ و نەمانی بە دواوە بوو.»

کەسایەتی دوویەم، دوکتور رەحیمی کوڕی سەیفی قازی کە لە هەڵسەنگاندنی ئەم دوو حکوومەتەدا دەڵێ: «گومان لەوەدا نییە کە هۆکاری سەرەکیی رووخانی کۆماری کوردستان پەلە پەلی رێبەرانی ئازەربایجان و خەیانەتی رووسەکان بوو. هێندێک پێیان وایە هەرتک حکوومەت لە لایەن یەکیەتیی سۆڤیەتەوە دامەزرا، بەڵام ئەوانە لە هەڵەدان؛ چونکی هەم رێژەی دەسەڵات و زاڵبوونی یەکیەتیی سۆڤیەت لەم دوو حکوومەتەدا و هەمیش شێوازی جێبەجێبوونی کارەکان لەم دوو حکوومەتەدا زۆر جیاواز بوو«. «لە حکوومەتی ئۆتۆنۆمیی ئازەربایجاندا سیستمێکی کۆمۆنیستی بە پشتیوانیی پۆلیسی شاراوە دەسەڵاتی بەدەست بوو، لە حاڵێکدا لە کۆماری کوردستاندا، نە سیستمی کۆمۆنیستی دەسەڵاتدار بوو و نە پۆلیسی شاراوەش دەبینرا». «بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان و حیزبی دیموکرات بە پێچەوانەی ویست و سیاسەتەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت و باقرۆف (سکرتێری گشتیی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجانی یەکیەتیی سۆڤیەت) بوو؛ لە حاڵێکدا حکوومەتی ئازەربایجان، حیزبی کۆمۆنیست و کادرەکانی حیزبی توودە رێبەرایەتییان دەکرد». «یەکیەتیی سۆڤیەت دژایەتیی هەر چەشنە هەنگاوێکی کانالیزەکراوی لە کوردستاندا دەکرد، لە حاڵێکدا گەلی کورد و رێبەرەکانیان دەستپێشخەرییان کرد و حیزبی دیموکراتی کوردستانیان دامەزراند.»

**رۆژەکانی کۆتایی تەمەنی کۆماری و دوایین دژکردەوەکانی قازی محەمەد:**

ئەو کاتەی «قەوامولسەڵتەنە« سەرۆک وەزیرانی ئێران چووە مۆسکۆ و گرێبەستێکی دەگەڵ ستالین واژوو کرد، ئیدی یەکیەتیی سۆڤیەت پشتی کوردی بەردا و لە سۆنگەی بەشێک لە ئیمتیازی نەوتی ئێران هەموو بەڵێنەکانی خۆی لەژێر پێ نا و ئەرتەشەکەی لە کوردستان بردە دەر؛ پاشان ئەرتەشی ئێران لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٥ (١٢/١٧/ ١٩٤٦) دا گەڕایەوە شاری مەهاباد. دیارە ماوەیەک بوو کە دەنگۆی رۆیشتنی هێزەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت لە ئێران و بەردانی پشتی کورد و تورک لە گۆڕی دابوو. لە هێندێک لە بەڵگەکاندا هاتوە کە لە ١٩٤٦/٤/١٦ واتا هەشت مانگ بەر لە گیرانەوەی مەهاباد لە لایەن ئەرتەشی ئیرانەوە، پێنج ئەفسەری رووسی دێننە گوندی «سەرای» سەقز و چاویان بە فەرماندەیی هێزەکانی پێشمەرگە لە سەقز و بانە دەکەوێ..... ئەفسەرەکان وتبوویان: «ئیمە خەریکە ئێران چۆل دەکەین رای ئێوە چییە؟» حەمەرەشیدخان، فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگە لە وەڵامدا وتبووی: «ئیمە دەگەڵ ئیران دوژمنایەتیی لەمێژینەمان هەبوو کە ئەو ماوەیە لە بیرمان چووبۆوە، بەڵام ئیوە هاتوون ئەم دوژمنایەتییەتان دیسان زیندوو کردەوە. ئێستاش کە هێمنایەتییەک دروست بووە، ئێران چۆل دەکەن بە بێ ئەوەی هیچ یارمەتییەکمان بۆ بە جێ بێڵن.... بەداخەوە هەموو ئەو شتەی لە سەر یەکیەتیی سۆڤیەت بیستبوومان بە درۆ دەرچوون و دروشمی بەرگری لە نەتەوە چەوساوەکان بۆ گەلی کورد خێری نەبوو».

بەر لەوەی ئەرتەشی ئیران بگاتەوە مەهاباد، قازی محەمەد و رێبەرانی حکوومەت و حیزب راوێژ و وتووێژێکی زۆریان دەگەڵ کەسایەتییە جۆراوجۆرەکان کرد و بڕیاریان دا لە بەرانبەر ئەرتەشدا شەڕ بکەن بەڵام دوای ئەوەی دڵنیا بوون ئاکامێکی جگە لە وێرانبوونی ناوچەکە نابێ، قازی محەمەد لە رووی ناچارییەوە رایگەیاند خۆڕاگری ئاکامی خراپی بۆ گەل بە دواوەیە و دەبێتە هۆی زیان و زەرەرێکی زۆر بۆ خەڵکی مەهاباد و ناوچەکە، چونکی سوپای ئێران لەوە بەهێزتر بوو کە بتوانن خۆی لەبەر راگرن. بە کورتی رێگەچارەیان تەنیا ئەوە بوو کە رێبەرانی حیزب و کەسایەتییەکان پێشنیاریان بە قازی محەممەد کرد کە مەهاباد جێ بێڵێ بۆ ئەوەی نەکوژرێ. هەر بۆیە کۆمیتەی ناوەندیی حیزب داوای لێ کرد یان بچێتە عێراق یان رووسیە. ژەنەراڵ بارزانییش هەر ئەو داوایەی لێ کرد. سەرکۆنسولی ئینگلیزیش لە تەورێز داوای لێ کرد لە رێگەی عێراقەوە بچێتە بەریتانیا. ئەمریکاش نوێنەرێکی ناردە لای و داوای لێ کرد ئێران بە جێ بهێڵێ. لە وەڵامی هەموو ئەو داوایانەدا وتی: «سوور دەزانم حکوومەتی ئێران لە دارم دەدا بەڵام من لە خۆشی و شادیی نەتەوەکەمدا بەشدار بووم، ئێستاش لە ناخۆشی دا بە جێیان ناهێڵم و ژیان و مردنم لەگەڵ ئەوانە و ئامادەم بکوژرێم بەڵام کوردستان بە وێرانی نەبینم.» پاشان وتی «من سوێندم خواردوە دەگەڵ خەڵکەکەم بم. حکوومەتی ناوەندی لە حاڵێکدا دەگەڕێتەوە مەهاباد کە توورە و قەڵسە و ئەگەر من بگرێ داخی دڵی بە من دەرێژێ و واز لە خەڵک دێنێ، هەر بۆیە بۆ ئەوەی خەڵکی شار تووشی زەرەر و زیان نەبن، ناچارم بمێنمەوە.»

قازی محەمەد دوایین وانەی سیاسی بەمجۆرە بە نەتەوەکەی دەڵێتەوە.

**وەسێتنامەی قازی محەمەد: یەکێک لە قۆناخە گرنگەکانی ژیانی قازی محەمەد،**

دوایین ساتەکانی ژیان قازی محەمەد نووسینی وسیەتنامەکەیەتی کە بەشێکی بەم چەشنەیە:

میللەتی کوردا! رۆڵەکان و برا خۆشەویستەکانم! برا مافخوراوەکانم! گەلە چەوساوەکەم! ئێستاش لە دوایین ساتەکانی ژیانم دا چەند ئامۆژگارییەکتان دەکەم: وەرن بە خاتری خودا دەست لە دوژمنایەتیی یەکتر هەڵگرن و یەک بگرن و پشت و پشتیوانی یەکتر بن. لە بەرانبەر دوژمنی زاڵم دا بوەستن. خۆتان بە دوژمن مەفرۆشن. دوژمن هەر ئەوەندەی دەوێن کە کارەکەتان پێ دەکا و قەت بەزەیی پێتان دا نایەتەوە و لێتان نابووری.

دوژمنەکانی گەلی کورد زۆر و زاڵمن، بەهێز و بێ بەزەیین. رازی سەرکەوتنی هەر میللەتێک یەکگرتوویی و یەکڕیزییە. یەکگرتوویی گەورەترین پشتیوانە بۆ میللەتێک. هەر میللەتێک یەکگرتوو و یەکڕیز نەبێ هەمیشە ژێردەستەیە. ئێوە میللەتی کورد هیچتان لە میللەتە کانی دەوروبەر کەمتر نییە بەڵکو لەو میللەتانەی کە ئازاد کراون ئازاتر و بەغیرەتتر و شایستەتر و پێشکەوتووترن. بەڵام ئەوانەی رزگار بوون لە نیو خۆدا یەکگرتوو بوون. ئێوەش وەکو هەموو نەتەوەکانی سەر گۆی زەوی ژێردەستە مەبن تەنیا بە یەکگرتوویی و ئێرەیی بە یەکتر نەبردن و خۆنەفرۆشتن بە دوژمنانی کورد رزگار دەبن.

براکانم! ئیدی بە دوژمن هەڵمەفریوێن، دوژمنی کورد لە هەر رەنگ و تایف و قەومێک بێ هەر دوژمنە. بێ رەحمە، بێ ویژدانە، رەحمتان پێ ناکەن و بە دەستی یەکتر بە کوشتنتان دەدەن، چاوچنووکتان دەکەن، بە درۆ و تەڵەکە شەڕی یەکترتان پێ دەکەن.

لە دوایین ساتەکانی ژیانمدا بە خاتری خوا ئامۆژگاریتان دەکەم و پێتان دەڵێم و خوداش عالمە من ئەوەی لە دەستم هات بە گیان و دڵەوە بە نسحەت و رێنوێنی رێگەی دروستم نیشان دان و لەم پیوەندییەدا درێغیم نەکرد و ئێستاش دەڵێم و رادەگەیەنم کە ئیدی هەڵمەفریوێن و بڕوا بە سوێند و بە دەست بە قورئان دادان و بەڵێن و پەیمانەکان و دڵسۆزییەکانیان مەکەن. رێنوێنی و وسیەتم ئەوەیە منداڵەکانتان وەبەر خوێندن بنێن چونکی کورد هیچی لە نەتەوەکانی دیکە کەمتر نییە خوێندەواری نەبێ. بخوێنن تا لە کاروانی نەتەوەکانی دیکە دوا نەکەون، تەنیا خوێندن(زانست و زانین)، چەکی دەستی دوژمنە. دڵنیا بن و بزانن ئەگەر یەکگرتوو و یەکڕیز بن، زۆر باش بە سەر دوژمندا سەر دەکەون. ئێوە نابێ بە کوژرانی من و برازاکانم بترسێن، کەسانێکی زۆری وەک من لەو رێگەیەدا سەر دەنێنەوە تا گەلی کورد بە هیوا و ئامانجەکانی بگا.

خۆشەویستان! کوردستان ماڵی هەموو کوردێکە، هەروەک لە ماڵەوە کەسێک شتێک بزانێ بەرپرسایەتی دەدرێتی و کەسیش هەقی منت کردنی نییە، کوردستانیش وەک ئەو ماڵەیە، ئەگەر زانیتان کەسێک لەو ماڵەدا کارێکی لە دەست دێ بیکا، نابێ بەری پێ بگرن و کێشەی بۆ ساز بکەن، نابێ دڵمەند بن کە یەکێکتان بەرپرسایەتییەکی هەیە، ئەگەر کەسێکی بەرپرسایەتییەکی درایە بزانن کە شارەزایە و وشیارە «کەواتە لێیگەڕێن خزمەت بکا و ئێوەش یارمەتیدەری بن».



**سەرچاوەکان:**


**١. رۆژنامەی «کوردستان»**
**٢. سایتی «کوردستان و کورد»**
**٣. کتێبی»چل سال خەبات لە پێناوی ئازادی»: دکتر قاسملو**
**٤. «دەروازیەک بە ڕووی خوێندنەوەیەکی نوێی (ژ. کاف) و پێشەوا قازی موحەممەدی شەهید و کۆماری کوردستاندا»- نووسینی عمر عبدالعزیز- وەرگێڕانی دلێر عەباسی**
**٥. «تاریخ مهاباد»، محمد صمدی ، چاپی مەهاباد**
**٦. «کردها ،یک بررسی سیاسی وتاریخی»، حسن ارفع**
**٧. حکوومەتی کوردستان، نەوشیروان مستەفا، چاپی دووهەم هەولێر**
**٨. «اسرار محاکمه قاضی و یارانش»، رحیم سیف قاضی**
**٩. جمهوریه تی کوردوستان، مەحموود مەلا عیززەت**
**١٠. «کردها و کردستان» ،درکینان**
**١١. تاریک وروون. هێمن**
**١٢. گه شتیک به کوماری مەهاباددا، عه قید به کر عبدالکەریم حه ویزی.**
**١٣. یادداشته کانی به کر حەویزی**
**١٤. «کتاب تاریخ معاصر کرد»، نووسینی دیوید مک داول، ترجمه ابراهیم یونسی**

منیره برادەران: هەوڵگەلێک کە بۆ ناساندن، بە دیکۆمێنت کردن و وەبیرخستنەوەی ئەو تاوانە دەدرێ، دەبێ بەربڵاو و ڕەهەندی نیشتمانی هەبێ تا لە داهاتوودا لە قۆناخی چوون بەرەو دێموکراسی، خواستی دادپەروەری لە بیر نەچێتەوە.

منیره برادەران: ئەگەر ئەو باسانە لە نێو کۆمەڵگەدا نەیەنە ئاراوە، ئەرکی داکۆکی لە بەهاکانی مافی مرۆڤ لە نێو خەڵکدا جێگەیەک پەیدا ناکا و ناکرێ هیوادار بی کە ئەو کارەساتانە دووبارە نەبنەوە.



## مونیره برادەران:

# کوشتاری ٦٧ نموونەیەکە لە تاوان دژی مرۆڤایەتی و دەکرێ لە ئاستی نێودەوڵەتی دا بەدواداچوونی بۆ بکرێ

هەڤپەیڤین: ڕێبوار مەعروفزادە

**«کوردستان»: تکایە بە کورتی چۆنیەتی ڕووداوی ئیعدامی بە کۆمەڵی زیندانیانی سیاسی لە ساڵی ١٣٦٧ باس بکەن؟ چ تایبەتمەندیگەڵێک ئەو تاوانە بە نیسبەت تاوانەکانی دیکە لە نێو مێژووی سیاسی هاوچەرخی ئێران بەرجەستە و جیا دەکا؟**

**مونیره برادەران:** ئەو تاوانە لە ٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٧ دەستی پێ کرد کە هەتا خەرمانانی هەمان ساڵ درێژەی کێشا و نزیک ٣٨٠٠ کەس ئێعدام کران. بیانوویەکە هێرشی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق لە عێراقەوە بۆ سەر شارە سنوورییەکانی ئێران بوو. هەرچەند کە ئەو هێرشە لە لایەن هێزە نیزامییەکانی ئێران بە توندییەکی یەکجار زۆر وڵام درابۆوە. دیارە ئیعدام و ئیعدام بە هۆکاری سیاسی لە وڵاتی ئێمە شتێکی تازە نەبوو، لە ساڵەکانی ١٣٦٠ هەتا ١٣٦٣ هەزاران بەندیی سیاسییان ئیعدام کردبوو. ئەوەی کە ئیعدامەکانی ساڵی ٦٧ لە ئیعدامەکانی دیکە جیا و بەرجەستە دەکاتەوە ڕەهەند و هۆکارەکانی ئەو تاوانەیە. کەسانێک ملیان کەوتە بەر پەتی سێدارە کە لە ساڵەکانی پێشتردا دادگایی کرابوون و خەریکی تەواوکردنی حوکمەکانیان بوون. تەنانەت هێندێک لەو کەسانە ماوەی زیندانییەکەیان تەواو کردبوو و بە هۆی دەرنەبڕینی پەشیمانی و ئەنجامنەدانی وتووێژ(ی داننان بە تاوان)، کە مەرجی ئازادبوون بوو، لە زیندان ڕاگیرابوون.

بە کۆمەڵکوشتنی هاوینی ٦٧ کردەوەیەکی سەرەڕۆیانەی بەرپرسانی زیندان نەبوو، بەڵکوو کردەوەیەکی سیستماتیک و ڕێکخراو بۆ لە نێوبردنی ئەو کەسانە بوو کە لە سەر هەڵوێستەکانیان سوور بوون. حوکمی ئایەتوڵڵا خومەینی بە ڕوونی ئەو بابەتە باس دەکا : «کەسانێک لە بەندیخانەکانی وڵات کە لە سەر هەڵوێستی نفاقی خۆیان پێداگرن و پێداگری دەکەن، موحارب و مەحکووم بە ئیعدامن.»

بەندییەکان لە بەرامبەر هەیئەتێکدا کە لە سەر مردنی ئەوان بڕیاری دەدا، نە وەکیلیان هەبوو و نە ڕێگە دەدرا خۆیان داکۆکی لە خۆیان بکەن. ئەو هەیئەتە تەنانەت ناویشی دادگا نەبوو، بەڵکوو بە دەستووری خومەینی وەک «هیئت تشخیص موضوع» دەناسرا. ئەو هەیئەتە پێکهاتبوو لە حوسێنعەلی نەییری، بەرپرسی هەیئەت، مورتەزا ئەشراقی و موستەفا پوورموحەممەدی، نوێنەرانی وەزارەتی ئیتتیلاعات. هەروەها عەلی موبەششری وەک جێگری بەرپرس لەو هەیئەتەدا کاری دەکرد.

**ئیعدام کراوەکان تەنانەت تا دوایین ساتەکانی ژیانیان لە چارەنووسی خۆیان بێ ئاگا بوون. پێیان دەکۆترا کە ئەو پرسیارانە بۆ بەخشین و جیاکردنەوەی بەندەکانە. بەندییە موجاهیدەکان پرسیار لە بیروڕایان بە نیسبەت ڕێکخراوی موجاهیدین دەکرا و لە زیندانیانی چەپ پرسیارگەلێکیان دەکرد وەک ئەوەی : «نوێژ دەکەی؟» ، « موسڵمانی؟»**

بەرپرسان تاکوو ئێستا بەرپرسیارەتیی ئەو تاوانەیان قبوول نەکردوە و لە دانی هەر چەشنە زانیارییەک بە نیسبەت هۆکار، چۆنیەتی، ڕێکەوتی ئیعدام و شوێنی ناشتن خۆیان بواردوە. خزم و کەسوکاری زیندانیانی چەپ بە پشتبەستن بەو زانیارییانەی کە خۆیان بە دەستیان هێناوە، دەزانن کە ئازیزەکانیان لە گۆڕە بە کۆمەڵەکانی خاوەران نێژراون، بەڵام شوێنی ناشتنی هەزاران زیندانی موجاهید هەروا نادیارە.

**تاکوئێستا بۆ کردنی ئەو تاوانە نیشتمانییە بە هۆشیارییەکی نیشتمانی چ هەوڵگەلێک دراوە و چ هەنگاوگەلێک دەبێ هەڵبگیرێ؟**

هەوڵی بنەماڵەی ئیعدامییەکان،کە هەر لە سەرەتاوە کۆبوونەوەیان لە خاوەران یان لە ماڵەکانی خۆیان پێکهێنا و نامەیان بۆ بەرپرسانی ئێران و هەروەها ڕێکخراوەکانی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ نووسی، سەرەکیترین هەنگاو لە بەرامبەر خواستی دەسەڵات بۆ کپکردنی کۆمەڵگە بووە. هەروەها هەوڵێکی زۆر لە لایەن بەندییەکانی پێشوو، کە شاهیدی بە کۆمەڵکوشتنی هاوبەندییەکانیان بوون دراوە، لە ڕێگەی نووسینی کتێب و ڕاپۆرت بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک و بە دیکۆمێنتکردنی ئەو تاوانە یەکێک لەو هەنگاوە بناخەییانە بووە کە بەستێنی هەنگاوگەلێکی دیکەی خۆش کردوە. هێندێک لەو کتێبە بیرەوەرییانە یان کتێبەکانی پێوەندیدار بە زیندان کە ساڵی ٦٧شیان لێکداوەتەوە، وەرگێردراونەتە سەر زمانەکانی دیکەش.

هەوڵگەلێک کە بۆ ناساندن، بە دیکۆمێنت کردن و وەبیرخستنەوەی ئەو تاوانە دەدرێ، دەبێ بەربڵاو و ڕەهەندی نیشتمانی هەبێ تا لە داهاتوودا لە قۆناخی چوون بەرەو دێموکراسی، خواستی دادپەروەری لە بیر نەچێتەوە. دادپەروەری ڕوونبوونەوەی هەقیقەت و دادگایی کردنی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی و بە تایبەتی بەرپرسانی بەکۆمەڵکوشتنی زیندانیانی سیاسی لە هاوینی ساڵی ١٣٦٧. تاوانی ٦٧ نموونەیەک لە تاوان بە دژی مرۆڤایەتییە و دەزانین کە بە دواداچوون بۆ ئەو تاوانە دەکرێ لە ئاستی نێونەتەوەییدا ئەنجام بدرێ. تەنانەت پێشتر هێندێک هەوڵیش لەو پێوەندییەدا دراوە : بۆ نموونە ڕاپۆرت و لێکدانەوەی حوقووقی جەفری ڕابرتسۆن، قازیی جێی متمانەی نێونەتەوەیی، بە نیسبەت کوشتاری ٦٧ کە بە هەوڵی بونیادی برومەند ئامادە کراوە، هەوڵێکە بۆ ناساندنی کارەساتی ٦٧ لە ئاستی نێونەتەوەییدا وەک تاوانێک بە دژی مرۆڤایەتی. نموونەی دیکە ئێران تریبۆنال بوو کە لە دوو قۆناخدا لە ساڵی ١٣٩١ پێکهات و دەرفەتێکی ڕەخساند تا مافناسانی نێونەتەوەیی دەنگی بنەماڵە و شاهیدانی ئیعدامەکانی دەیەی ٦٠ و بە کۆمەڵکوشتنی ٦٧ ببیسن. هەروەها بە نیسبەت ڕوونکردنەوەی تاوانی ٦٧ چەند فیلمی دیکۆمێنتیش دروستکراوە کە دەکرێ ئاماژە بە کاری ناسری موهاجیرانی و فیلمی دڵناز ئابادی کە بە زمانی ئینگلیسییە بکەین. هەموو ساڵێک لە بیرەوەریی تاوانی ٦٧ ڕێورەسمگەلێک لە شارە جۆراوجۆرەکانی دەرەوەی ئێران بەڕێوە دەچێ. هەروەها سەرەڕای گوشارەکانی کۆماری ئیسلامی ئەو یادکردنەوانە هەتا لە نێوبردنی گۆرستانی خاوەران لە ساڵی ١٣٨٧ دا لە خاوەران بەڕێوە دەچوو.

**بەرپرسانی سیاسیی نێو دەسەڵات و دەرەوەی دەسەڵات بە نیسبەت تاوانی ٦٧ هەر جارە و بە تایبەتی لە نێو ململانێکانی دەسەڵاتدا دەربڕین و لێکدانەوەی جیاواز و هێندێک جار دژبەیەک دێننەئارا. ئیعدامی بە کۆمەڵی زیندانیانی سیاسی ٦٧ لە نێو بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیدا،(لە نێو کەسانێکی وەک عەلی خامنەیی، ئەکبەری هاشمی ڕەفسەنجانی، موحەممەدی خاتەمی، میرحوسێنی موسەوی و زوری دیکە)، چ جێگەیەکی هەیە؟**

تەواوی باڵەکانی کۆماری ئیسلامی تاکوو ئێستا بە نیسبەت ئەو تاوانە بێ دەنگیان هەڵبژاردوە و هیچ کات بەرپرسیارەتیی ئەو کوشتنانەیان وەئەستۆ نەگرتوە. تەنیا ئایەتوڵڵا مونتەزری بوو کە نارەزایەتی هەبوو کە لە دەستدانی پۆستی جێگری ڕێبەری و خانەنشینکرانی ئەوی لێکەوتەوە. هەموو ئەو کەسانەی ئەو کات لە دەزگاکانی بڕیاردان و بەڕێوەبەریدا بوون، لە بەرامبەر کوشتاری ٦٧ بەرپرسیارن. هاشمی ڕەفسەنجانی سەرۆکی مەجمەعی تەشخیسی مەسڵەحەتی نیزام و جێگری فەرماندەی گشتیی هێزەکان بوو و بەو جۆرەی کە بەڵگەکان نیشان دەدەن و خۆیشی نکۆڵیی نەکردوە، نەتەنیا ئاگاداری بڕیاری ئیعدامی زیندانیان بووە، بەڵکوو لە دانی ئەو بڕیارەشدا بەشدار بووە. مووسەوی ئەردەبیلی، سەرۆکی شووڕای بەرزی داد، عەلی خامنەیی، سەرۆک کۆمار و میرحوسێنی مووسەوی سەرۆک وەزیرانی ئەو کات، سەید محەممەد مووسەوی خوئینیها دادستانی گشتیی وڵات کە چەند مانگ دواتر بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەو ئیعدامانە کوتی :»ئێمە لە چوونەسەری ڕێژەی ئیعدام ترسێکمان نییە»، هەروەها موحەممەدی خاتەمی، وەزیری ئیرشاد، لە بەرپرسانی ئەو کات بوون. ئەو کەسانە و ئەندامانی هەیئەتی هەڵبژێردراوی خومەینی، کەسانێک کە ئەو حوکمانەیان بەڕێوە برد و کەسانێک کە بە چەشنێک لەو تاوانەدا بەشدار بوون، دەبێ وڵامدەر بن.

هەرچەند مووسەوی ئەردەبیلی دەڵێ کە دژی ئەو کارە بووە و لەو پێوەندییەدا سێ جار نامەی بۆ خومەینی نووسیوە، بەڵام نە باسی وردەکاری و ڕۆڵی خۆی کردوە و نە هیچ زانیارییەکی بە نیسبەت کوشتاری ٦٧ داوە. مووسەوی خومەینیها ساڵانێکە کە بووە بە ڕیفۆرمخواز و ڕەخنەگری شێوازی توندوتیژی حکوومەتە، بەڵام بە نیسبەت ڕۆل و بەرپرسیارەتیی ئەو کاتی خۆی بێ دەنگی گرتۆتە بەر.

ئەمیرئەرجومەند، وتەبێژی میرحوسێنی مووسەوی، ئێستا دەڵێ کە دەست لەکارکێشانەوەی مووسەوی لە ١٥ خەرمانانی ٦٧– ئەو دەست لە کارکێشانەوەیە لە لایەن خومەینی قبوول نەکرا– بە هۆی ڕەخنەگرتن لە ئیعدامی بە کۆمەڵی زیندانیان بووە. ئەوە لە حاڵێک دایە نە لە نامەی دەست لە کارکێشانەوە هیچ ئاماژەیەک بە کوشتاری ٦٧ کراوە و نە دواتریش ئاماژەیەکی بەو بابەتە کردوە. من بە نیسبەت میرحوسێنی مووسەوی بە هۆی نارەزایەتییان لە ئەنجامی ساختەکاری لە هەڵبژاردنی ٨٨ دا،ڕێژم هەیە، بەڵام ئەو چاوەڕوانییەشم هەیە کە پێشێلکردنی دڕندانەی مافی مرۆڤ لە سەردەمی سەرۆک وەزیریی خۆشیان دا ببینن. لە کۆمەڵگەی سەرەڕۆیی لێدراوی ئێمەدا، بەرپرسان و تاوانباران قەت خۆیان لە بەرامبەر کردەوەکانیان بە بەرپرسیار نەزانیوە و نازانن. ئەوە نەتەنیا دووبارەبوونەوەی کردەوە کارەساتبارەکانی لێ دەکەوێتەوە، بەڵکوو ئەخلاق و بەرپرسیاربوونیش تارادەیەکی زور لە قورسایی دەخا. دەبێ سەرئەنجام کۆتایی بە ڕەوتی بەرپرسیارنەبوون بێ.

**ئایا ئیعدامی بە کۆمەڵی زیندانیانی سیاسی لە ساڵی ٦٧ لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیدا توانیوێتی ببێتە خاڵێکی هاوبەش بۆ چالاک بوون؟**

بەداخەوە ئەوە ڕووی نەداوە. تائێستاش زورێک لەو کەسانە لە ڕیزی ئۆپۆزیسیۆن دان، حەزیان لە هێنانەگۆڕی کوشتاری ٦٧ و دادپەروەری نییە و هیچ کات لە بەرنامە پێشنیارییەکانی خۆیان بۆ داهاتوو ئیعدامەکانی دەیەی ٦٠ و کوشتاری ٦٧یان نەگونجاندوە. ئەوە لە حاڵێکدایە دادپەروەری ڕەچاوکردنی بەهاکانی مافی مرۆڤ و قامک خستنە سەر بەرپرسیارەتییە کە لە نێو کۆماری ئیسلامیدا هیچ کات شوێنێکی نەبووە.

ڕیفورمخوازەکانیش کە لە سەردەمی خاتەمیدا هەشت ساڵ لە دەسەڵاتدا بوون هەنگاوێکیان لە پێوەندی لەگەڵ کوشتاری ٦٧دا هەڵنەگرت، بێ دەنگیان گرتەبەر و خەڵکیان ناچار بە بێ دەنگی کرد، بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا ئەوان هێندێک هەوڵیان داوە کە ڕەخنە لە ڕابردوو بگرن. تەنانەت ئەگەر ئەو هەنگاوانەش وەک هەلپەرستی لێکبدرێتەوە و بە پێی پێویست نەبێ، هەر ئەوەش پۆزێتیڤە و نیشانەی ئەوەیە کە چیدیکە ناکرێ نکۆڵی لە تاوانەکانی ڕابردوو بکرێ. دادپەروەری بابەتێکی نیشتمانی و گرفتێکی کۆمەڵایەتییە کە دەبێ هەموو لایەک تێیدا بەشدار بن.

**بە بڕوای ئێوە لە باری سیاسی و یاساییەوە دەبێ چ بکرێ تا دەزگای دەوڵەت و زیندان لە دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی نەتوانێ بۆ جارێکی دیکە کۆمەڵگەی ئێران ڕووبەڕووی کارەساتێکی مرۆیی هاوشێوە بکاتەوە؟**

یەکەم ئەوەی کە لە بیرنەکردن و یادکردنەوەی تاوانەکانی ڕابردوو و بە تایبەت ئەوەی لە دەیەی ٦٠ ڕوویدا، ببێتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی. ئەگەر ڕابردوو لە یاد بکەین، تارمایی ئەو تاوانە ئەوە بۆ هەمیشە بە سەر کۆمەڵگەی ئێراندا قورسایی دەکا.

لە کردەوەدا دەبێ کۆمیسیونێک بۆ ڕوونکردنەوەی هەقیقەتەکان لە وڵاتەکەمان پێکبێ کە لێکۆڵینەوە لە پێشێلکردنەکانی مافی مروڤ و تاوانەکانی ڕابردوو بکا، ئەوان بە دیکۆمێنت بکا و بە کۆمەڵگە بیانناسێنێ. کۆمیسیۆنی هەقیقەت دەبێ کانالێک بێ کە دەنگی جەرگسووتان بە کەسانی دیکە بگەیەنێ. ئاشنابوون لەگەڵ ئەزموونە تاڵەکانی ئەوان یارمەتی دەدا کە قێزەونیی تاوان لە کۆمەڵگەدا بناسرێ. ئەو بابەتە دەتوانێ ببێتە باسێکی کۆمەڵایەتی و هەروەها دەتوانێ تێگەیشتن لە ئازاری بنەماڵەی ئیعدامکراوان زیاد بکا و کۆمەڵگە هەست بە هاودەردی و ڕێز بە نیسبەت خۆڕاگریی ئەوان بکا.

ئەگەر ئەو باسانە لە نێو کۆمەڵگەدا نەیەنە ئاراوە، ئەرکی داکۆکی لە بەهاکانی مافی مرۆڤ لە نێو خەڵکدا جێگەیەک پەیدا ناکا و ناکرێ هیوادار بی کە ئەو کارەساتانە دووبارە نەبنەوە. کۆمیسیۆنی(دۆزینەوەی) هەقیقەت دەبێ لەگەڵ ڕووناکی خستنە سەر هەقیقەتگەلێک کە هەمیشە بەراوەژوو نیشان دراون، خەڵک بە نیسبەت تێفکرین و گومانکردن لە تێکهەڵکێشکردنی بابەتگەلی حقووقی و دادپەروەری لەگەڵ ئایین هان بدا. ناکرێ ڕۆلی ئایینی حکوومەتی لە سەرکوتی نارازیان و جیابیراندا نەبینرێ و ڕەخنەی لێ نەگیرێ. بۆ نموونە لە لێکۆڵینەوەی تاوانی ٦٧ چون دەکرێ ئەو ڕاستییە نەبینرێ کە ڕێبەری ئیسلامی حوکمی کوشتن دەدا و هەیئەتی مەرگیش دیاری دەکا. کۆمیسیونی هەقیقەت دەبێ ئەو کارەساتانەی بە هۆی تێکهەلکێشکردنی ئایین لەگەڵ بابەتگەلی قەزایی پێکهاتووە، بە کۆمەڵگە بناسێنێ و ڕەخنەیان لێ بگرێ. بۆ ناساندنی درندەیی سزاگەلێک وەک بەردباران دەبێ هۆکارە ئایینییەکانی لێک بدرێنەوە.

# پێویستیی فیمینیزە بوونی هزریی چالاکانی ژن



حەلیمە ڕەسووڵی

فێمێنیزم باوەڕی بە مافی ژنان و دابینبوونی یەکسانیی سیاسی ، کۆمەڵایەتی و ئابووریی نێوان ژن و پیاو هەیە، کە وابێ پیویستە شۆڕشی ژنانی کورد بۆ وەدەست هینانی بەرابەریی ماف لە کۆمەڵگایەک دا کە پڕاوپڕە لە سەرەڕۆیی وچەوسانەوە و نایەکسانی، لە چوارچێوەی سەمبۆلیک بێتەدەرێ . پێشکەوتنخوازی بەڵام لە جۆری ڕووکەش و کارتۆنی واتە لە دەرەوە ئەمڕۆیی و مودێرن و لە ناخەوە ملکەچیی عورف و عاداتی سوننەتی، پێناسەی ژنێکی فێمێنیست و چالاکیکی بزووتنەوەی ژنان نییە . بوونی پاڕادۆکسی هزری لە بەرژەوەندی شۆڕشی ژناندا نییە و بە جۆرێک مەترسی دەخاتە سەر ویستی سەرەکیی ژنان . ژنی کورد خاوەنی هەر جۆرە بۆچوون وجەهەتێکی فکری سیاسی بێت دەتوانێ ژنێکی فیمینیست بێت چونکە فێمێنیزم لە هەموو دنیادا خاوەنی فورمۆلێکی کاریی دیار و ڕوونە و ڕەوتێکی دیموکڕاتیکە کە جێگەو پێگەی تایبەتی هەیە . بیری فیمینیستی، شێوە ژیان و جیهانبینیی فیمینیستی بێ گومان بەرەو ژیان و گوزەرانێکی ئاسوودەترمان دەبات . ئەگەر چی بێچم و ڕگ و ڕیشەی نیزامی پیاوسالاری و کێشەی چەوسانەوە بە بۆنەی ژێندەرەوە تەنیا تایبەت بە کۆمەڵگای کوردستان نییە و لە هەمان کاتیشدا بە هیچ وڵات و کۆمەڵگەیەکی دەست نیشانکراونەبەستراوەتەوە، بەڵکوو ئەمە دیاردەیەکە کە لە جیهاندا و لە مێژووی مرۆڤایەتیداڕیشەی کۆنی هەیە و تائێستاش هەر بەردەوامە و جاری واشە لەو پەڕی دڕەندەیی دا خۆی دەنوێنێ و مرۆڤایەتی دەباتە ژێر پرسیارەوە. بۆ نموونە بڵاو بوونەوەی هەواڵی دڵتەزێنی هێرش کردنە سەر کچێکی ٢٣ ساڵەی خوێندکار لە وڵاتی هێندوستان لە پاسێک دا لە لایەن ٦ پیاوەوە و دەستدرێژیی جینسی بۆ سەر ئەو و پاشانیش گیان لێستاندنی لەم دواییانەدا ئەو ڕاستتیە زیاتر دەسەلمێنێ. ئەگەر چی ٤٠٠ ساڵ بەر لە زایینیش ویستوویانە یاساگەلێک دابڕێژن کە ژنیش جێگەی لە کۆمەڵدا هەبێ بەڵام هیچکات بەو جۆرەی کە دەبێ وەدی نەهات و لە بەرامبەردا پیاوان هەر لەو سەردەمەوە تا ئێستاکە مەیدانێکی بەرفراوانیان لە بەردەست دابووە و گوێشیان لە بەرامبەر زاڵە و نەهامەتییەکانی ژنان دا کپ و کەڕ بووە . بەڵام بە هاتن و سەرهەڵدانی بیری فیمینیستی کە داخوازەکانی بریتین لە ئازادی و داوای مافەکانی ژنان، بەشێکی زۆر لە ژنان بە جۆرێک وەخۆ هاتنەوە. دیارە هەر لە سەردەمی سەرهەڵدانی بزاڤی فیمینیستیەوە تا ئێستاکەش هێندێک لە ژنان و پیاوان بە هەڵە لەم دەستەواژەیە تێگەیشتوون و پێناسە و لێکدانەوەی هەڵەی بۆ دەکەن و پێیان وایە کە چەمکی فیمینیزم بە واتای ژن سالارییە کە ئەم ڕوانینە لە بەشێک لە ژنانی کوردیشدا تا ئێستاش هەر هەیە ! ئەم بۆچوون و ڕوانگەیە زۆر هۆکاری هەیە کە یەک لەوان هەمان بیر و نەریتی ناوچەیی و سوننەتیی زاڵ بەسەر کۆمەڵگاکەمان دایە کە لادان لەم نەریتانە بە هەڵە و گوناح دەزانن.

فێمێنیزم هیچ کات بە واتای ڕق و بێزاری لە پیاوان یا خود ژن سالاری نەبووە ، بەڵکوو ئامانجی ئەو ئاسایی کردن و ڕاگرتنی باڵانسێکە کە ئێستێ بە لای پیاواندا شکاوەتەوە . بۆچوونی کلێشەیی دژەپیاو بوونی فیمینیستەکان زیاتر لە لایەن کەسانێکەوە شۆڕدەبێتەوە نێو بیرو ڕای گشتی کە جێبەجێ بوونی ویستەکانی فیمینیستەکان بە تێکچوون و ڕووخانی دەسەڵات و پێگەی خۆیان دەزانن هەر بۆیە بەردەوام لە هەوڵی چەواشەکردنی ئەو تیۆرییەدان. ئێمەی ژنانی کورد و بە تایبەتی چالاکانی بزووتنەوەی ژنان جیا لە وەی کە پێویستە بیرو ڕای خۆمان فیمێنیزە بکەین لە سەرمانە کە ئەو تێگەیشتنە بدەین کە فیمینیستەکان بەردەوام لە هەوڵی سڕینەوەی ئەو بیروڕایانەدان کە دەڵێ بە هۆی جیاوازیی بیۆلۆژیکییەوە ژنان مرۆڤی پلە دوون و کار و ڕۆڵیان لە چوارچێوەی بەرتەسکی ماڵ دا دەبینرێتەوە . تێگەیشتنێک دەبێ بخوڵقێ کە چی دیکە برەو بەو حەساسیەتەی کە لە کۆمەلگاکەمان دا سەبارەت بەو وشەیە هەیە نەدرێ و ژنی فێمینیست بە بێ دڵەڕاوکی بڵێ من فێمینیستم و داواکاری کۆمەڵگایەکم کە تایبەتە بە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ و بە مافی بەرابەر و یەکسانەوە و من فیمینیستم نەک دژە پیاو! مرۆڤە واقعبیینەکان بەردەوام لە یەک کاتدا هەردوو نیوەی پڕ و بەتاڵی لیوان دەبینن و یەک لایەنە بڕیار نادەن و لێکدانەوە ناکەن. ژنانی خاوەن هزری فێمینیستیش و پیاوان و ژنانی غەیرە فێمینیستیش پێویستە ئەمە ڕەچاو بکەن و بە بڕیاردانی یەکلایەنە،نەبنە هۆی زیان گەیاندن بە جووڵانەوەی یەکسانیخوازانە و پێشکەوتووخوازانەی ژنی کورد . ژنی کورد و چالاکی ژنان چی دیکە نابێ وەک پیاو بدوێن، وەک پیاو بیر بکەنەوە، وەک پیاو هەڵسوکەوت بکەن، بیری ئازادی و یەکسانی و دادپەروەریمان با ژنانە بێت و ببینە هۆکاری مانا بەخشینی ژنانە بە کۆمەڵگەکەمان .

ژنانی چالاکی بزووتنەوەی ژنان پێویستە هۆشیار بن و هەول بدەن خۆیان لە هێندێک لەو باسانەی کە پێیان دەگوترێ نۆڕم و بەها بەڵام زیانبارن، دەرباز بکەن، ئەگەرچی لەوانەیە لەم پێناوەشدا پێویست بێت زۆر باجی قورس و گرانیش بدەن و ناچار بن تانە و لۆمەی دەوروبەریش تەحەممول بکەن ، بەڵام بۆ گەیشتن بە هەر ئامانجێک ئیرادەیەکی پۆڵایین پێویستە . کە توانیمان بیرمان فێمینیزە بکەین بە دڵنیاییەوە دەتوانین خۆمان لەو بازنەیەش دەرهاوێین کە لە مێژساڵە مێشکمانی پێ پڕکراوە و تێیدا بە دەوری خۆماندادەسووڕێینەوە و خول دەخۆین. باچی دیکە کاری ئاسایی و مافی حەقیقی و حوقووقیی خۆمانمان پێ عەیب و شەرم و ئابڕووچوون و گوناح و ..... نەبێ و ئەو کۆت وبەندەی کە بنەماڵە و یاسا و دەسەڵات بۆی دەستنیشان کردووین بترازێنین و چی دیکە کۆیلەی دەستی ئەم بیر و باوەڕە کۆنانە نەبین . چالاکی ژنان دەبێ بوێر و پێشەنگ بێت جا دەتوانێ نوێنەرایەتیی ژنانی دیکە، لە پێناوی چارەسەر کردنی گرفتەکان و پیکهێنانی ڕیفۆرم دا بکات . کە وابوو ئێمە دەبێ لە فێمێنیزم بۆ چارەسەرکردنی زۆر لە گرفتە سەرەکییەکانمان کەڵک وەرگرین هەڵبەت بە دوور لە دوگم بوون و دەمارگرژیی زیادی . سیمۆن دۆبۆڤوار لە کتێبی ڕەگەزی دووهەم دا دەڵێ : سەرکەوتنی ژنان لەم شۆڕشەدا کە دەبێ بیکەن هیچ کات بەواتای زاڵبوونی ئەوان بەسەر پیاواندا نییە بەڵکوو لە ئاکامدا دەبێ ببێتە هۆی یەکسانیان لە گەڵ پیاوان کە تامی شیرینی ئەو سەرکەوتنە نەک هەر ژنان بەڵکوو ناخی پیاوانیش شیرین دەکات.

جیا لە هەمووی ئەمانە بەربەرەکانی لەگەڵ تەوژمی توند و تیژی و ئازار و ئەشکەنجە و سەرکوت و ئێعدام لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا– کە خەباتی ژنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشێکی گرینگی لە بەرامبەر سەرکوت و گوشار و زەبرو زەنگەکانی کۆماری ئیسلامیدایە– چالاکان و بزووتنەوەیەکی سازماندراو و هاودەنگ و فیمینیستی ئەوتۆیان دەوێت کە لە ڕێگای تێکۆشان دا بە تیۆرییە فیمینیستیەکان بتوانن بە چڕی خواستەکانی خۆیان بێننە بەر باس و گرینگی بە بارودۆخی ئێستای ژنان بدەن و بتوانن سەرنج و بیروڕای جیهانی بۆ لای خواستەکانی خۆیان ڕابکێشن . پێویستە ژنی کورد ئاوڕێک لە دەوروبەری بداتەوە و بڕوانێ کە بە هەزاران ژنی غەیرە کوردی چالاکی بواری ژنان بە کەڵک وەرگرتن لە زاراوەی فیمینیزم کە هەوێنی کارەکانییانە باس لە کێشە و گرفتەکانیان دەکەن.

بەربەرەکانی لە گەڵ هێژموونیی وتاری پیاوانە و هەڵسو کەوتی پیاوانەو دروشمی پیاوانە لە سەر ژنان و بیرو بۆچوونەکانیان، ئەرکی چالاکانی بزووتنەوەی ژنان بەگشتی و ڕێکخراوەکانی ژنان بە تایبەتییە کە لە هەوڵی سڕینەوەیان دابن و نەهێڵن چیدیکە لە گەڕدابن . ڕەنگە ئەگەر ڕێکخراوەکانی دیکەی کۆمەڵگای مەدەنی یان بزووتنەوەکانی دیکە وەک بزووتنەوەی کرێکاری و خوێندکاری و هتد دیالۆگ و گوتاری ژنتەوەرانەیان نەبێ و کار نەکەن بۆ نەهێشتنی دیالۆگی پیاوتەوەرانە زۆر جێگای ڕەخنەو ڕامان نەبن، بە و هۆیە کە تا ڕادەیەک ئەو بزووتنەوانە لە پاوان و ژێر دەسەڵاتی پیاوان دان. بەڵام ژنانە بوون و بیری فیمێنیزم و فێمینیست بوون یەکێکە لە ڕێگا چارەسەریەکانی دۆخی ئێستاکەی ژنان لە کوردستان. بەو هۆیە کە تێڕوانینی بەشێکی زۆر لە خەڵکی کوردستان چ لە ڕووی ئایینی و یاسایی و کلتوورییەوە تێڕوانین وعەقڵییەتێکی پیاوانەیە ، هەر بۆیە زەرووورەتی بوونی بزووتنەوەیەکی ژنان بە باوەڕ و جیهانبینیی قووڵی فێمێنیستییەوە بۆ باشتر کردنی وەزعییەتی ژنان هەست پێدەکرێ.

لە کۆتایداپێویستە بگوترێ کە پەیدابوونی بزووتنەوەی فێمینیستی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا بەرهەمی جموجۆڵێکی بەرفراوانی کلتووری و سیاسی بوو کە تائێستاش بەردەوامە. سەرەڕای زۆر دەستکەوتی بەرچاوی ئەو بزووتنەوەیە تا ئێستاکەش ئەم خەباتە بە تەواوی بە ئامانجەکەی نەگەیشتوە و توندوتیژی لە بەرامبەر ژناندا لە هەموو دنیا شتێکی باوە. بۆیە ئەم کەیسە هەرواکراوەیە و ژنانی فیمینیست نابێ بێڵین ئەم بزووتنەوەیە لاواز بێت و دەبێ تەواوی هەوڵی خۆیان بۆ گەشانەوەی بزووتنەوەکە وەگەڕ بخەن.

کوردستان
ژمارە: ٦٠١
١٦ی ڕێبەندانی ١٣٩١
٤ی فێوریەی ٢٠١٣



# کاتێک بەفر خوێن دەگری!

## (بۆ وەبیر هێنانەوەی کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی گوندەکانی قەرەگۆل، سەوزی و سەرچنار)



**هەیاس کاردۆ**

(١)

من «هەور»م دیوە بگری، چاویشم لەپێکەنینی «گوڵ» بووە. من «ئاسمان»م بە ڕەشپۆشی دیتوە و سەمای «گەڵا»شم چاو لێکردوە. من «دار»م دیوە هەڵ لەرزێ، «ڕووبار»م دیوە تووڕە بێ و «دەریا»شم لە شیرین خەودا تەماشا کردوە. من گوێم لەگۆرانیی «باران» ڕاگرتوە، هەستم بەسوژدە بردنی «دار» بۆ «زەوی» کردوە. من سرنجم داوەتە چاو داگرتنی «ئەستێرە« لەکچی «بەیان» و زیز بوونی «مانگ»یشم لە«رۆژ» تەماشا کردوە. من چاوم لەبە یەک گەیشتنی «هەرد» و «ئاسمان» لەسەر سینگی «دەریا» کردوە و لێک جیا کردنەوەی تراژیکیی دوو دڵداری ناسراو: «ڕەگ» و «خاک»م بەهەموو وجوودەوە هەست پێکردوە. من گوێم لە ناڵەی «شەو» ڕاگرتوە ڕاست لەو کاتەدا کە سوپای «ڕۆژ» دەوری داوە. من «بەفر»م لە کاتێک دا کە هەنیسکی دەدا و بەڕیز فرمێسکی دەڕشت، چاو پێکەوتوە. هەر بەڕاستی «بەفر»م دیوە «خوێن» بگری. چ وێنەیەکی جەرگبڕ!

سروشت بەدایم لە ئینسان تووڕەیە. لەڕادەی تێکدەرییەکانی، لەشەڕ و شووڕ و ئاژاوەکانی، لە ناعەداڵەتییەکانی، لەدرۆ و دەلەسەکانی، لەخەیانەت و جەنایەتەکانی، لەخۆ بەزۆر زانینەکانی، لە وێک هەڵنەکردنەکانی، لەدزی و فزییەکانی، لەڕوو هەڵماڵاوییەکانی. سروشت بەگشتی لەکردەوە نالەبارەکانی ئینسان کە یەکو دووش نین، زۆر تووڕەیە. سروشت ئەو تووڕە بوونەی خۆی بەشکڵی جۆراوجۆر دەردەبڕێ و بەردەوامیش دووپاتی دەکاتەوە. ئەو ساڵەی سروشت بڕیاریدا بۆ نیشاندانی نارەزایەتی لەخوێن ڕشتنی ئینسان کارێک بکا. کارەکەش ئەوە بوو کەهەر لەنێوەڕاستی پاییزێرا فەرشێکی سپیی ئەستووری لەسەر عەرز ڕاخستبوو بۆ ئەوەی دنیایەکی یەکڕەنگ پێشانی بنیادەم بدا. لەهەموو ماوەی پاییزو زستانێدا فەرشی سپی بۆ جارێکیش هەڵنەگیرا و ئەگەر جارو بار، لێرو لەوێ پەڵەیەکی ڕەشی تێ دەکەوت، سروشت بە لێزانیی خۆی پینەی دەکردەوە و هەر بینا دەت دیت دنیا سەرتاپا سپی هەڵگەڕاوەتەوە. وادیار بوو ئەو ساڵەی سروشت بڕیاری دابوو دەرسێکی باش بدا بە ئینسان.

بەڵام نەسلی «بنیادەم» بێ کار دانەنیشت. لەکاتێکدا کە گۆی زەوی لەژێر ڕایەخی سپیی دەستکردی سروشت دا وێک هاتبوو، بیری «تیژ»ی؟! «ئینسان»؟! پەنای بۆ دژ کردەوەیەکی سەیر برد. بەناو نوێنەری «خودا» لەسەر «عەرز» بە ڕاوێژ دەگەڵ سەرتۆپەکانی دیکە، باشترین ڕێگای بەربەرەکانی دەگەڵ سروشتی لەوەدا دیتەوە کە بە«خوێن»ی هاوڕەگەزی خۆی سپیایی سەر هەرد بسڕێتەوە. ئەو ویستی دەرسێک بدا بەسروشت کەئیدی جارێکی دیکە بیر لەشتی وا نەکاتەوە. زانایانی بیرمەندی!؟ سەرتۆپ بەو ئاکامە گەیشتن کە خوێن دەتوانێ وا بەهەناوی بەفردا بچێتە خوار و لەنێوەوە گەرمی دابێنی کە مەجالی خۆڕاگرتنی لێ بستێنی. هەر بۆیە: ڕاوێژ کرا، پلان دارێژرا، شوێن و کات دیاری کرا، وەسیلەی بەڕێوە بردن دەست نیشان کرا و نامەی «دەستوور» مۆر کرا.

(٢)

دایکم بۆی گێڕامەوە:

«...ئای کورم چیت بۆ بگێڕمەوە؟ خەمێکە سەر دڵمی گرتوە و بەهیچ شتێک هەڵناقەندرێ. ئەوە ڕۆژی نەهامەتیی کورد بوو. ئەوان (چەکداری دوژمن) هاتن، گرتیان، بردیان، کوشتیان. ئەوان هاتن، وێگەڕان، ئەوەی وەبەر دەستیان کەوت گرتیان و کۆیان کردنەوە. لەوە نەفکرین کێ چکارەیە و چی کردوە. چاویان لەتەمەن نەکرد. ڕادەی باوەڕمەند بوون بە خودا و پێغەمبەر هیچ گرینگ نەبوو. ئەوان تەنیا کاریان بەژنان نەبوو، ئەوەی نێرینە بوو کۆیان کردنەوە. بەسەر بەفردا ڕایان کێشان، لێیان دان و جنێویان دانێ. کەس دەرنەچوو. ئەوەی پێشتر هەڵاتبوو، باش بوو دەرباز بوو. ئەوەی لەدێ مابۆوە هەمووی گیرا. پیر، منداڵ، ژندار و بێ ژن، ڕەحمیان بەکەس نەکرد. «کامیل» منداڵیکی ١٠-١٢ ساڵانە لەدەستیان هەڵات، خۆی دەماڵی ئێمە هاویشت و داوای پەنای کرد. خۆی خستە پشت من و ئارامی گرت. عەجەم خۆیان بەژووردا کرد و هەرچی پاڕامەوە فایدەی نەبوو. ئەویشیان گرتو بردیان. هەتا کامیل زیاتر هاواری بەرز دەبۆوە زیاتری وێ دەکەوت. «مەلا عەلی» ئەو پیاوە بەئیمان و خەڵک خۆشەویستە، دەپاڕایەوە و سوێندی دەدان. باسی خودا پەرستیو ڕەحم و شەفەقەتی بۆ دەکردن. ئەوان گاڵتەیان بەو قسانە دەهات و ئەویشیان ڕاکێش کرد و بردیان. «عومبەر»ی کوڕم چونکە هیچی دەخۆیدا شک نەدەبرد و قەت ئازاری بە مێروولەش نەگەیاندبوو، وای دەزانی کاریان بە کاری ئەو نەداوە. هەر بۆیە هەڵ نەهات و وەبەر دەست کەوت. ئەویشیان ڕاکێش کرد و بردیان. «مەلا سمایل»، ئەو پیاوە نوورانییە کە بەو دەنگە سیحراوییەی تەنیا یاسین خوێنی ئاوایی بوو، چەندی پاڕایەوە کە لەجیاتی «کامیل»ی کوڕی ئەوی بەرن، بەڵام فایدەی نەبوو هەر دووکیان بردن. «حاجی محەممەد»، بەو تەمەنە زۆرەوە دەرنەدەچوو، دەلەرزی و دەکەوت. ئەوەندیان ڕاکێش کرد بەفریان هەموو پێ تەخت کرد. ئای کوڕم چ ڕۆژێکی تاڵ و تاریک بوو!

پاسدار ئەم سەر و ئەو سەری دێیان گرتبوو، کەس نەیدەتوانی دەرباز بێ. کۆڵان بە کۆڵان‌و ماڵ بەماڵ دەگەڕان، ئەوەی دیتیانەوە. دوای لێدان‌و کوتانی زۆر، ڕاکێشیان کرد و لەو بەری ئاوایی هەموویان کۆ کردنەوە. لەسەر ئەو بەفرەی، بەو سەرمای زستانەی. ئی وا بوو لیباسی دڕا بوو، ئی وا بوو کەوشی بەجێ مابوو، بەو حاڵەش ئەوەندەیان ڕاگرتن هەتا هەموویان کۆکردنەوە. هەرچی ژن بوو هاتبوونە مەیدان‌و دەیان قیژاند و داوای باب و برا و کوڕ و مێردیان دەکردەوە. خۆڕنین و لەخۆ دانێک بوو مەپرسە، دەت گوت ڕۆژی حەشرە. هاوار و فغان، ناڵە و شین و گریان، پاڕانەوە و کڕووزانەوەی ژنان هیچی فایدەی نەبوو. ئەوان گوێیان بەهیچ نەدەبزووت. ئەوەی فکریان لێ دەکردەوە هەڵرشتنی ڕق و قینی خۆیان بوو. ئەوان دژی کورد بوون و بۆ نابوودیی کورد هاتبوون. خەڵکیان بەلێدان و کوتان کۆ کردەوە، ڕیزیان کێشە کۆش بەتاڵانە، ئەو زەحمەتکێشە ڕەنج بەخەسارانە دەبوایە ببنە گەرم داهێنەری دڵی بەفر و وەڕێ خەری جۆگەلەی ڕەنگ سوورهەڵگەڕاو.

فەرشی سپی لەژێر پێی چەک بەدەستانی قین لەدڵ دا حەجمینی نەبوو. هەرچی خۆی وێک دێنا و دەیویست سپیایی وەک لۆکەی خۆی لەبەر چاوان جوانتر بنوێنێ، چەکمە و پۆتینی داپۆشراو بەقوڕ و چڵپاوی نێردراوانی دەسەڵات، زیاتر دەی پەستاوت و ڕەشی دادەگێڕا.

هەموو بەڕیز کرابوون. گشتیان لەسەرمان و لەترسان وەک مێژووکە هەڵ دەلەرزین. ئی وا بوو ورەی بەرزتر و کەسی واش بوو حەجمینی نەبوو. یەک خەمی منداڵی بەجێ ماوی بوو. یەکی دیکە بۆ نوێ بووکی بەئاوات نەگەیشتوو بەداخ بوو. یەک خەمی دایک و باوک دڵی ڕێک دەگوشی و ئەوی دیکە چارەنووسی نادیاری ژنی بە تەنیا بەجێ ماو پشتی شکاندبوو. یەک بۆ ڕەنجی بەبادا چووی دەیان ساڵەی فرمێسکی دەڕشت و یەکی دیکە خەمی نەدیتنی خوشکو برای لێک دابڕاو بەربینگی پێ گرتبوو. هەموو دەفکری خۆ ڕزگار کردن دابوون جگە لە یەک کەس. ئەویش «مەلا سمایل» بوو. ئەو لەتاوی «کامیل»ی کوڕی خۆی لەبیر چوو بۆوە. تەنیا شتێک کە بیری لێ دەکردەوە یان پاراستنی ئەو لەمەرگ، یان نەدیتنی مەرگی ئەو بوو. ئەوە چڵەپۆپەی گەورەیی ئینسان بوو. دڵڕەقیی سوپای هێرش بەریش، نوێنگەی هیچ و پووچ بوونی ئینسان بوو. ئای چەند بەرزە ئاواتی ئینسان. وەی چەند نزمە کردەوەی ئینسان.

تەقەیەک و لەشێک بە سەر بەفردا کەوتن. گرمەیەک




کردن و وەک مێگەلە مەڕ وەپێش خۆیان دان. بردیانن و ئێمە نەمانزانی بۆ کوێیان دەبەن و چیان لێ دەکەن. بەڵام دڵمان ئاگای دەکرد ڕووداوێکی ناخۆش دەقەومێ. سەرتاپای ئاوایی خەم‌و گریان بوو. کەس هیوای بە هاتنەوەی ئەو خەڵکە نەبوو. هەموو دەمانزانی چ ڕوو دەدا، بەڵام دڵمان نەیدەویست باوڕ بکا. هەرچی بوو قەوما. بردیانن و بەشی زۆریان نەگەڕانەوە....».

(٣)

بۆ بە چۆک داهێنانی سروشت و لابردنی فەرشی سپی لەسەر زەوی، نوێنەرانی دەسەڵات، بەشی ئەوەندەیان خەڵک کۆ کردبۆوە کەدڵی بەفری پێ کون بکەن. ئەوان لەپاکترین و دڵ سافترین و بێ زەڕترین کەسەکانیان بۆ ئەو مەبەستە هەڵبژاردبوو، چونکە دەیانزانی خوێنی گەرمی ئەوانە کاریگەرترە و باشتر بە هەناوی بەفردا دەچێتە خوارێ. منداڵی لە شیر پاکتر، مەلای بەدایم ڕوو لە خودا و قورئان بە دەست، حاجیی مەککە زیارەت کردووی تاڵی و سوێریی ژیان چێشتوو، شوانی هەردەم هاودەمی مەڕ و لەفیڵ و فەرتەنەی ئینسان بە دوور، وەرزێڕی چەماوەی نێو کێڵگە و هاودەمی داس‌و جەنجەڕ و مەڵەغان، لاوی تازە ژن خواستووی بەئاوات نەگەیشتوو، کوڕی تازە پێ گەیوی هەزاران ئاوات لەدڵ دا مردوو و..... هەمووی ئەوانە دەبوایە ببنە گەرم داهێنەری دڵی بەفر و دڵۆپ دڵۆپ بیتوێننەوە و بەنێو جۆگە و جۆباردا ڕەوانی بکەن و بیرژێننە نێو دەریاکان.

بەم جۆرە ڕۆژی جێژنی سەرکەوتن نزیک دەبۆوە و ئوبووهەتی ئینسان زیاتر دەردەکەوت. هەموویان لەسەر بەفر ڕیز کردبوون. ئەوانیان لەسێ گوندڕا کۆ کردبوونەوە. بەشی زۆری هی «قەرەگۆل» و ئەوانی دیکە ئی «سەرچنار» و «سەوزی» بوون. یەک لە یەکێ چارە ڕەشتر و بێ گوناحتر. هیچ یەک لەوانە قەت ڕۆژێک دەگژ دەسەڵات ڕۆ نەچووبوون و مەترسییان بۆ پێک نەهێنابوو. قەت دانەیەکیان دەفکری «سەربزێوی»!؟ دانەبوون و بیری هەڵگەڕانەوە خانەکانی مێشکی نەتەنیبوون. هەمووی خەڵکی ئاسایی و خەریکی ژیانی ڕۆژانەی خۆ بوون. هەمووی چەماوەی ژێر باری قورسی ژیان و دەست قەڵشیوی نێو پەرێز و شێوەرد و بەیار و بەراو و دێمە کار. هەمووی هاوڕێی خەم و دەرفکری پەیدا کردنی پاروە نانێک بۆ سبەینێی منداڵ. گشتی بێزار لەشەڕ و ئاشقی ئاشتی و پێکەوە ژیان. بەڵێ، هەمووی ئەو ئینسانە دڵ گەرم و هەناسە ساردانە، ئەو کۆڵ و دڵێک لە لێدان خستن. ڕەگبارێک و چەند ئینسان بێ گیان کردن. ١...٢...٥...١٠...١٥...٢٠... هەر فەرمان بوو دەردەچوو، هەر ڕق بوو نیشان دەدرا، هەر ئاگر بوو لە لوولەی چەک دەهاتە دەر، هەر دڵ بوو کون دەکرا، هەر خوێن بوو دەڕژایە سەر بەفر و هەر بەفر بوو خوێنی دەخواردەوە و خوێن دەگریا. ئەو ڕۆژەی، ئاشی لەش هاڕین و خوێن وەڕێ خستن چاک دەگەڕا. بیری تیژی ئینسان بۆ بەچۆک داهێنانی سوپای بەفر لەپلانی خۆی دا سەرکەوت. هەرکە گەرمیی خوێنی ئاڵی ئەو لەشە دڵ پڕلە ئاواتانە دەگەیشتە سەر بەفر، بەفر بەخۆی نەبوو، دڵۆپ دڵۆپ دەتوایەوە و ئاگری دەگرت. بەفر لە شەرمی ئەوجی دڕندەیی و بێ بەزەیی ئینسان لەلایەک و لە خەمی بێ دەرەتانی و چارەڕەشیی ئینسان لە لایەکی دیکە، بەکوڵ دەگریا. هەر دڵۆپە خوێنێک کە لەدڵی گەرمی ئەو ئینسانە بێ دەرەتانانە دەڕژایە سەر بەفر، بەفر هەڵی دەلووشی و بە هەناوی خۆی دا دەیبردە خوار و دەگەڵ دنیای پاکی خۆی ئاشنای دەکرد. پاشان سوورایی خوێن، تنۆک تنۆک بە سیلەی چاوی بەفردا دەهاتە خوار و کە هەموو کۆ دەبوونەوە، ڕێچکەیەکی سوور و سپیی جوانیان دروست دەکرد. ڕێچکە هەر دەهات و گەورە و گەورەتر دەبوو تا وای لێ هات جۆبارێک ساز کرا، جۆبار بوو بەجۆگە و جۆگە بوو بە ڕووبار و ڕووباریش گەورە و گەورەتر بۆوە و سەرئەنجام خۆی لە نێو دڵە گەورەکەی دەریا دا دیتەوە. دەریاش باوەشی بۆ کردنەوە و هەموو پێکەوە بوون بە وەدی هێنەری ڕزقی گیان لەبەران.

«ڕووح»، بەرەو ئاسمان فڕین. «خوێن»، ڕێگای دەریایان گرتە بەر. «لەش» بە قووڵایی خاک دا ڕۆچوون. دواتر ئاسمان و زەوی لەسەر سینگی دەریا یەکتریان ملاقات کرد و هەرسێک پێکەوە پەیمانی شەرمەزار کردنی ئەو جینایەتەیان مۆر کرد. لەو کاتەوە، سروشت ڕووی خۆی زیاتر لە ئینسان وەرگێڕاوە و بەتەواوی لێی نائومید بووە. بەفر ئێستاش هەر وا بۆ ئینسان دەگری و هەنیسکان دەدا. دڵی بەفر وا گەرم داهاتوە کە شاخە سەهۆڵبەندانەکانیشی گرتۆتەوە. وێ دەچێ گەرم داهاتنی تۆپی زەوی لەوەڕا سەرچاوەی گرتبێ.

**هەیاس کاردۆ**
**ئوستڕالیا**

(ئەم بابەتە لە٢٠٠٩/٨/٢٥ نووسراوە لە یادی ٣٠ ساڵەی قەڵاچۆی خەڵکی گوندەکانی قەرەگۆل، سەوزی و سەرچناردا بڵاو دەکرێتەوە)

---

هەڵچینی

# ئەوکاتەی سنوور خۆی دەبەزێنێت



**مستەفا شێخە**

سنوور شتێکی سەیرە و هەزار جۆری هەیە. سنووری سروشتی، سنووری سیاسی، سنووری دەستکرد، سنووری کۆمەڵایەتی، سنووری ئەخلاقی، سنووری ئابووری و تا دەگاتە پلکە سنووری چوار کۆڵان ئەولاتری ماڵمان، هەموویان سنوورن. جگە لەمانەش سنوور دەور و کاریگەری لە زۆر شتی دیکەدایە. هەر ئەم سنوورەی خۆمان کە لەم هەموو بوارەدا چالاکە، جاری وایە دەکەوێتە پێش پاشگرێک و لەم کاتانەشدا مانای جیاواز و جاری واشە مانای زۆر سەیر و سەمەرەی لێ‌دەکەوێتەوە.

دەکرێ پاشگری «وان» بخەینە دوای «سنوور»ەوە و بیکەین بە «سنووروان». ئەو کاتە سنوور بە هێزی پشتوانیی و«ان»ەوە ئاگای لە سنوور دەبێت و دەیپارێزێت. کێشەی گەورە لێرەوە دەست پێدەکات. لێرەدا زۆرجار لێمان تێکەکەڵ دەبێت و نازانین سنوورروانەکەی ئێمە کامە لەم سنوورانە دەپارێزێت؛ سنووری سروشتی، سنووری سیاسی، سنووری کۆمەڵایەتی، سنووری ئەخلاقی، سنووری ئابووری یان سنووری دەستکرد؟

وشەی سنوور بە پشگری «بڕ»وە دەبێتە «سنووربڕ» و هەموو جۆرە سنوورێک دەبرێت و وەک تیخی خەنجەری جەوهەردار ڕەنگە بەگژ جەستەی بێ‌تاوانی پلکەسنووریش دابێت و قەڵت و بڕی بکات.

هەر ئەم سنوورە بە پاشگری «بەزێن»ـەوە، لێمان دەبێت بە سنووربەزێن و کاتێک دەبێتە ئاوەڵناوی ئینترنێت، خەو و خۆراکمان لێ حەرام دەکات. هێدێک کەس لە خۆشیان خەویان لێناکەویت و لاباجە و کەلێن وقوژبنەکانی ئەم ئینترنێتەی بەردەستمان دەکەنە ژوانگە و حەشارگەی دڵداری. هێندێکی دیکە بۆدڕ و نشێو و حەشارگە لە ئینترنێتی سنووربەزێندا دروست دەکەن. ئینترنێتی سنووربەزێن بەمەشەوە ناوەستێت و وەرزەکانیش دەگۆڕێت؛ یان مەودای وەرزێک ئەوەندە لەبەریەک دەکێشتەوە، سێ وەرزەکەی دیکەی ساڵێ بکەونە پەراوێزەوە. ئەوە زیاتر لە ساڵێکە باس لە بەهاری عەرەبی دەکات و دوای گۆڕانی هەر چوار وەرزی بەهار و هاوین و پاییز و زستان و سووڕانەوەی دووبارەیان، هەروا بەردەوامە و هێندێک پسپۆڕ و زانا دەڵێن تازە ئەوە لەنیوەی یەکەمی خاکەلێوەی ئەم بەهارە داین.

بەڵام ئەو کاتە وشەی سنوور لمبۆزی بە دوای وشەی «دار»ەوە دەنێت، چەمکی ئابووری زەق دەبێتەوە و یەکسەر دەچینە سەر ئەو کۆمپانیا ئابووریغە سنووردارانەی هیچ چەشنە سنوورێک ناناسن، لە ئەمریکای لاتین هەڵدەقنن و لە کانادا دایدەچڕنەوە. لە کۆریا و مالیزی و هۆنگ‌کۆنگ و چین هەڵیدەدەن و لە ناوڕاستی بازاڕی ناسرخوسرەوی تاران و شیخەڵڵای هەولێر دەیقۆزنەوە و لە قەیسەریەکانی تەورێز و ئەستەمبوڵ ڕێکی دەگوشن. ئەوکاتە ژن و پیاو و گەورە و بچووک سەریان لێدەشێوێت و سنووردار و سنووربەزێنیان لێ تێکدەچێت.

ئەم وشەی سنوورە کە ئەم هەموو خزمەتە بە زمانی ڕەسەن و پاراو و پەتی و بێ وێنەی کوردی دەکات، لەلایەن کۆمەڵێک لە نووسەران و ڕۆژنامەنووسانەوە بانگ دەکرێت تا لە زۆر بەستێنی دیکەدا چالاک بێت. ڕاستە وشەی دیکەمان زۆرە، بەڵام خۆ ئەم سنوورەمان لەو گۆڕە بە لاش و عەلاش نەدۆزیوەتەوە، بۆیە لە نێوان سنوورەکانی «وانێ» و «تن» و «قوتابی» و خوێندکار» و «ژن» و «ئافرەت» دا، ئەرکی زیاتریشی پێ دەسپێرین.

دوای ڕاپەڕاندنی ئەم هەموو ئەرکانە، هەربنیا دیتت سنوور هەموو مانا جیاوازەکانی فیزیا و ماتماتیک و وەرزش و ئەدەب و هونەری هەڵلوشی و بە تاقی تەنیا جێگەی فرمان و بکەر و بەرکار و زێدەواژ و فرمانی تێپەڕ و تێنەپەڕیشی گرتەوە. ئەوکات زمانی کوردی لە زمانی سپرانتۆش ئاسانتر دەبێت. هەموو نەتەوەکانی جیهان بە هەموو زمانە جیاوازەکانەوە، ڕوودەکەنە زمانی شیرینی کوردی و بە بەم وشە چوارپێنج پیتییەوە هەموو کارەکانی خۆیان رادەپەڕین. ئەوکات پێویست ناکات ئەلف و بێ لەبەر بکەی و ئەم هەموو ماڵپەرو کتێب و ڕۆژنامە و رادیۆ و تەلەفزیۆنە بخەیەکار. بە زمانی شیرینی کوردی تەنیا بنووسە یان بڵێ «سنوور»، هەموو مانا و مەفهوومەکان دەگەیەنێت.

بە خۆشیەوە نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی چاران ولێزان خەریکن ئەم پڕۆژەیە دەکەنە کردەوە و بۆ ئەوەی لەمە زیاتر سنوور ببەزێنن، وردە وردە لە جیاتی شاری سلێمانی دەنووسن سنووری سلێمانی. لەجیاتی ناوچەی پشدەر دەڵێن سنووری پشدەر و لەجیاتی دەوروبەری هەولێریش هەر دەڵێن سنووری هەولێر.

لە کۆتایی دا سنووری سنووربەزێن وەک منداڵی ناوبێشکە خۆی دەبەزێنێت و ئەگەر دایکیشی دایکێکی زانا و تێگەیشتووبێت، بەرلەوەی خاوێنی کاتەوە، چەمۆڵەیەکی لێ دەنێت و هەتا سەر سنووری ڕاستەقینە ڕاوی دەنێت.

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party

NO: 601 4 feb 2013



ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان»، ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 MHz 11200
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com


## مامۆستایان، نووسەران و ئەدیبان لە ژێر ڕەشماڵی «کوردستان» دا

**(سیمیناری ڕێزگرتن لە ٦٧ ساڵ بەردەوامیی ڕۆژنامەی «کوردستان»)**


خالید عزیزی


مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە


عەبدوڵڵا زەنگەنە


عەبدولکەریم شێخانی


جلیل گادانی


د. عوسمان دەشتی


فەرهاد ئەکبەری


ئاسۆ مامزادە


مستەفا مەعروفی


د. ئاسۆ حەسەن زادە ـ ڕێبوار مەعروف زادە


مومتاز حەیدەری


ئەیوب شەهابی راد ـ وریا ڕەحمانی


ئارەش لورستانی


سمایل شەرەفی


ئازاد مستوفی


سوهەیلا قادری


مستەفا شێخە


کوێستان فتوحی



دیمەنی بەشداران


وەرگرانی لەوحی ڕێزلێنان لەگەڵ سکێرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

بەر لە ماڵاوایی

## مافی بەرگریکردن بە زمانی دایک لە دادگاکانی تورکیە

**عەزیز مەعروفی**

ڕۆژی ٢٤ی ژانویەی ئەم ساڵ، پارڵمانی تورکیە یاسایەکی ١٥ ماددەیی خستە بەر دەنگ دانی ئەندامانی پەڕلمان و بە دەنگی زۆینەی پارڵمان پێکهاتوو لە ئەندامانی سەر بە لیستی پارتی عەداڵەت و گەشەپێدان( ئاکەپە) و لیستی پارتی ئاشتی و دیموکڕاسی (بەدەپە)، و سەرەڕای دژایەتی و هەڵوێستی توندی هەر دووک پارتی ئۆپۆزسیون، پارتی گەلی کۆماری ( جەهەپە) و پارتی نەتەوەپەرستی تورکیە( مەهەپە)، پەسەند کرا. ئەو پرۆژە یاسایە پاش دوو مانگ لە کێشە و هەڵڵای نێوان دوو پارتی جەهەپە و مەهەپە لە گەڵ ئاکەپە لە لایەک و، بەدەپە لە گەڵ ئاکەپە و دوو پارتی جەهەپە و مەهەپە لە لایەکی دیکەوە، پەسەند کرا. یەکەمین و گرینگترین بەندی یاسایەکە بە ڕەسمی ناسینی مافی بەڕیوانی و بەرگری کردنە بە زمانی زگماکی لە دادگاکانی تورکیەدا. بە گوێرەی یاسایەکە «گیراو یان تۆمەتبار ئەگەر زمانی تورکیە بزانێ بەڵام نەیهەوێ بەو زمانە لێکۆڵینەوەی لە گەڵ بکرێ، دەتوانێ کەڵک لە زمانی دایک یان زمانێکی دیکە وەربگرێ کە ڕەوان و بێ گرێتر مەبەستەکانی خۆی پێ دەردەبڕێ. بۆ ئەم مەبەستەش لە لایەن دادگاوە کەسێکی وەک وەرگێڕ بۆ دابین دەکرێ و دەشبێ بۆ خۆی تێچووی وەرگێڕەکە بدات. تەنیا بۆ دوو جاریش دەتوانێ کەڵک لە وەرگێڕ وەربگرێ، هەروەها، بۆ پشکنینی باری کەسێتی، داواکاری لاوەکی و لە کاتی وەڵام دانەوە بە پرسیارەکان، ناتوانێ کەڵک لە زمانی دایک وەربگرێ. بەڵام بۆ تۆمەتبارێک کە زمانی تورکی نەزانێ یان تورکیەکەی بەشی تێ گەیاندن و تێ گەیشتن نەکات، تێچووی وەرگێر دەکەویتە ئەستۆی دەوڵەت.» و جیا لەوە» بە پێی چەند بەندێکی دیکە مافی زیاتر دراوەتە تۆمەتبار و بە گوێرەی ئەو مافانەش، تۆمەتبار، بە دوو مانگ جارێک بۆی هەیە لە ٣ کاتژمێر هەتا ٢٤ کاتژمێر چاوی بە ماڵ و منداڵەکەی بکەوێ».

پەسەندکرانی ئەو یاسایە، یەکێک لە داواکانی مانگرتوانی گیراوانی سیاسیی کورد لە گرتووخانەکانی تورکیە لە پایزی ٢٠١٢ دا بوو. ماوەی دوورو درێژی مانگرتنەکە- ١٢ی ئەیلوول تا ١٨ نوامبر- دەوڵەتی ناچار کرد کە هەرچەند بە شێوەی نیوەچڵ وجێگەی ڕەزامەندیی کورد و گیراوانی سیاسی کوردیش نەبێ، ئاوڕ لەو ویستە بداتەوە و کۆتایی بەو دۆخە دڵتەزێنەی هەزاران گیراوی سیاسیی کورد، کە زیاتر لە ٣ ساڵە بە بێ هیچ چەشنە لێکۆڵینەوەیەک تەنیا بەو هۆیەی نایانهەوێ بە زمانی زۆرەملی کە زمانی تورکییە، بەرگری لە خۆیان بکەن، بهێنێ. ئەو بەندییانە، لە ژێر ناو و تۆمەتی ئەندامەتی کۆما جڤاکی کوردستان( کەجەکە) وەک باڵی ڕێکخستنی نێو شاری پەکەکە، گیراون و لە ڕەگەز و تەمەن و پیشەی جۆراجۆری سیاسی و خاوەن بەرپرسایەتی گرینگی پارڵمانی، ڕۆژنامە نووسی، مامۆستایی، پاریزەری، شارەوانی و حیزبی، پێکهاتوون.

وەک لە سەرەوە وترا، پەسەند کرانی یاساکە لە گەڵ دژایەتی توندی مەهەپە وجەهەپە، بەرەوڕوو بۆوە. پارتی نەتەوپەرست وەک بنەمای پێکهاتەی پارتەکە و خەسڵەتی هەمیشەیی، بچووکترین ماف بە نەتەوە ژێردەستەکانی تورکیە بە کورد، لاس، چەرکەزو عەڕەب ڕەوا نابینێ وبۆ مەسەلە ورد و درشتەکانی نێو تورکیە کە سەرجەمیان بۆ کێشەی بێبەش کردن و خورانی مافی دەیان میلیۆن کەس لەو نەتەوانە دەگەڕێتەوە، تێڕوانین و لێکدانەوەی دەمارگرژانە و نەتەوەپەرستانەی هەیە. بۆیە ئەگەر بڵێین چاوەڕوانی هەڵوێستی بەجێ لەو بارەوە لەو پارتە دەکرێ، ئەوە غەدر لەو پارتە کراوە. بەڵام جەهەپە لە گەڵ ئەوەی کارنامەی ئەو پارتەش لە ٩٠ ساڵی ڕابردوو دا، لە ئاست نەتەوەی کورد وەک ڕۆژی ڕوون ئاشکرایە، و خۆی بە پارتێکی دێموکڕات- سۆسیالیست دەزانێ، توانانی هەرس کردنی دەرچوون و ناسینی مافێک بۆ کەسیکی بە ناحەق گیراوی کورد، پاش ئەوەی دوو مانگ بە مانگرتن و شەڕ لە گەڵ مەرگ، وەدەستی هیناوە، نییە. هۆی بەرپەرچدانەوەی ئەو دوو پارتە سەرەکییەی ئۆپۆزیسیۆنی تورکیە، بەو بڕیارە ئەوەیە « دەرچوونی ئەو یاسایە، سووکایەتی بە یاسای بنەڕەتیی وڵاتە و وا دەکات کە زمانی تورکی لە دادگاکاندا، بسڕێتەوە». پارڵمانتێرێکی پارتی گەلی کۆماری لەوەش واوەتر دەچێ و دەڵێ:» قەت نابێ گەلی کورد لە گەڵ نەتەوەت تورک بەراورد بکرێ». دژایەتیشیان بۆ بەڕەسمی ناسینی ئەو مافە لە گەڵ پارتی دەسەڵاتدار ئەوەیە کە گۆیا وەها مافێک وڵات تووشی لەت بوون، دەکات.

بەدەپە، سەرەڕای نارەزایەتی لە چۆنییەتی دارشتنی یاساکە، دەنگیشی پێ دەدا. چونکە، بە ڕەسمی ناسینی ئەو مافە، مافیکی سروشتیی گیراوانی سیاسیی کوردە و ڕێگە خۆش دەکات، پرۆسەی دادگایی هەزاران گیراو و چالاکی پارتەکەی، دەست پێ بکات و چی دیکە بە بێ لێپرسین و لێکۆڵینەوە، لە بەندیخانەکان ڕانەگیرێن. بەڵام، نارەزایەتی لەوە دایە کە پێش هەموو شتێک ئەو گیراوانە، مەگەر ئەوەی کە تاوانەکەیان کورد بوون بێ دەنا تاوانی دیکەیان نییە و داننان بە مافێک ئەویش بە نیوە چڵی و بە شیوەی لە کۆڵ خۆ کردنەوە، ڕەزامەندیی تەواوی تاکەکانی کورد لە باکوری کوردستانی، لە گەڵ نابێ.

پەسەند کرانی پرۆژە یاسای پارڵمانی تورکیە، وێڕای هەموو کەم و کووڕی و نوقسانێکی کە هەیەتی، جێگای بایەخە و گرنگیی تایبەتی بۆ کورد لە باکوری کوردستان و گیراوانی سیاسیی نێو زیندانەکانی تورکیە، هەیە. ئەرکی لایەن و هێزە سیاسی و جەماوەرییەکانی باکووری کوردستان ئەوەیە خەبات و هەوڵی چڕ و پڕتر بۆ دەستەبەر کردنی مافی تەواوی بەرگری کردن لەخۆ بە زمانی دایک لە دادگاکانی تورکیە بدەن. هەروەها، دوو پارتی سەرەکیی ئۆپۆزیسیون، هەرچەند هێز و گوڕ و تینی نەتەوەپەرستی هانیان دەدات، دژ بە مافەکانی کورد بوەستنەوە، بەڵام دەبێ بشزانن خەباتی کورد لە باکووری کوردستان ئەوەندە بەهێز بووە، کە هەڵوێستی توند و دەمارگرژانەیان بەرامبەر بە کورد، ئەو دوو پارتە زیاتر تووشی شڵەژان و لەتبوونی نێوخۆیی دەکات و خەڵکیش زیاتر لە دەوری ئالای شۆڕشی نیوخۆیی کورد کۆ دەکاتەوە .هەتا ئەو کاتەی نەتەوەی کورد لە گەل تورک لە چوارچێوەی جوغڕافاییەک دا بژیت ، دەبێ ماف و ئازادیی وەک یەکیان هەبێ. ئەو مافە کەمەی ئێستاش وەلامدەری داخوازی نەتەوەیەکی ٢٠ میلیۆن کەسی نییە و ئەگەر دوو پارتی ئۆپۆزیسیۆن ناسرانی ئەو مافە بە مەترسی بۆ یەکیەتیی خاکی وڵات دەزانن و پارتی دەسەلاتداری تورکیەش، پارتی تایپ ئەردۆغان ئەو مافە بە دانی مافێکی گەورە بە کورد و بە مەترسیی ڕەوینەوەی لەتبوونی وڵاتی دادەنێ، دەبێ بڵێین کورد وەک دووهەم نەتەوەی گەورە لە تورکیە، نەتەوەیەکی خاوەن ئاو و خاک، خاوەن مێژوو، زمان، کەلتوور و ڕەسەنایەتیی خۆیەتی و سەرەڕای بە بایەخ لە قەڵەمدانی ئەو هەنگاوە، هەتا ئەو کاتەی لە چوارچیوەی ئەو جوغڕافیایەدا بمێنیتەوە، شیاوی مافی بەرامبەر لە گەل تورکەکانە.